# بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی

## سەرهەڵدان و قۆناغەکان ونموونەیەك

**د. سەعدی عوسمان هەروتی**

پرۆفیسۆری یاریدەدەری مێژووی نوێ

هەولێر - ٢٠٠٦

**ناوی کتێب: بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی**

- نووسینی: دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ڕێبین
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٨٦٩)
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ١٥٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب (١٠)

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی**

**موکریانی**

www.mukiryani.com

asokareem@ maktoob.com

Tel: ٢٢٦٠٣١١

پێشکەشە بەو قارەمان و دلێرانەی ٠٠

## هەمیشە سووتەمەنین

بۆ بڵێسەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی و وەگەڕخستنی ڕەوڕەوەکەی

## پێرست


پێرست ..... ٥

گــوتەی بــــەرایی..... ٧

دەروازە ..... ٩

بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی.. چەمك و پەرەسەندن ..... ٩

پـێـشـەکـی ..... ١٨

چەند سەرنجێکی گشتی لەبارەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ..... ٢١

هەوڵەکانی قۆناغبەندکردنی بزاڤی رزگاریخوای کوردی..... ٢٤

سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ..... ٢٨

قۆناغەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ..... ٣٦

قـۆنـاغـی یـەکـەم: ..... ٣٦

قـۆنـاغـی دووەم ..... ٤٥

قـۆنـاغی سـێـیـەم ..... ٥٧

دەرئەنجام: ..... ٧٢

**باسی دووەم** ..... ٧٥

ڕاپەڕینەکانی کوردستانی باشوور ١٩١٤ — ١٩٤٥ ..... ٧٥

(توێژینەوەیەکی هەڵسەنگێنەرانەی هۆکارەکان و ئامانجەکان) ..... ٧٥

پێشدەستی ..... ٧٦

دەروازەیـــەکـی مێــژوویـی ..... ٧٩

هەڵوێست لە کوردستانی باشوور لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا ..... ٨٤

ڕاپەڕینەکانی سەردەمی داگیرکاری بەریتانی ١٩١٨ — ١٩٢٠ ..... ٨٨





ڕاپەڕینەکانی سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی لە عیراقدا ١٩٢٠ — ١٩٣٢ .. ٩٦

ڕاپەڕینی دووەمی شێخ مەحمود: ..... ٩٩

بەرخودانی کۆتایی شێخ مەحمود ..... ١٠٤

ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان ..... ١٠٧

ڕاپەڕینەکانی دوای سەربەخۆ بوونی عیراق لە ساڵی ١٩٣٢ ..... ١١٠

ڕاپەڕین لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم..... ١١٢

دەرەنـــجـــام ..... ١١٧

ژێدەر و سەرچاوەکان ..... ١١٩

**خوتەی بەرایی..**

ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا لەدوو توێژینەوەی ئەکادیمی پێکهاتووە کەهەریەکەیان لەگۆڤارێکی ئەکادیمی بڵاوکراوەتەوە،یەکەمیان ناونیشانی (بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی / توێژینەوەیەکی شیکاری لەبارەی سەرهەڵدان و قۆناغەکانی) هەڵگرتووە. کەلەگۆڤارا (زانکۆیا دهۆك)،پەڕبەندا (٢) هژمار (٩) ساڵا(٢٠٠٦) هاتۆتە بڵاوکردنەوە. دوەمیشیان لەژێر ناوی (ڕاپەڕینەکانی کوردستانی باشوور ١٩١٤- ١٩٤٥ / توێژینەوەیەکی هەڵسەنگێنەرانەی هۆکارەکان و ئامانجەکان) لەژمارە (٢٥)ی حوزەیرانی (٢٠٠٥) لەگۆڤاری (زانکۆ) کەگۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکانی (زانکۆی سەلاحەددین ـــ هەولێر)ە بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دوو گۆڤارە وەك زۆربەی گۆڤارە ئەکادیمیە زانکۆییەکانی تر لەسنوورێکی تەسکدا بڵاودەکرێنەوە کەزیاتر چوارچێوەی زانکوکان وکتێبخانەکانیان دەگرێتەوە، بۆیە بەپێویست زانرا لە دوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا کۆبکرێنەوەو بخرێنە بەردەست خوێنەرانی ئاسایی و ڕۆشنبیران، بەو هیوایەی ئاسۆیەکی خوێندنەوەی ڕەهاتر بەخۆوە ببینن و سوودێکی فراوانتر بەمیللەتەکەمان و مێژووەکەی بگەیەنن. بەتایبەتیش کە هەردوو توێژینەوە لەبوارێکی دیاریکراوی مێژووی کورد دان و چەند لایەنێکی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بەرجەستە دەکەن.

ئەوە ماوە بڵێم کە لێرەدا هەندێ گۆڕانکاری پێویست بەتایبەتی لەڕووی شێوە وڕوخسار وڕیزبەندی هەندێ بابەت بەسەر توێژینەوەکان هێنراوە بۆ ئەوەی لەشێوەی کتێبدا شایستە بن. وەك یەکخستنی لیستی سەرچاوەکانی هەردوو توێژینەوە و لابردنی دەروازەی توێژینەوەی یەکەم لەشوێنی خۆی بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەکی گشتی بۆ هەموو کتێبەکە. ئەمە لەکاتێکدا هەر ئەم توێژینەوەیە



نێوبراوە لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە گۆڕاوەو لەشوێنی جیا جیا چەندین زانیاری تری بۆ زیاد کراوە کەکاتی خۆی بەهۆی مەرجی (قەبارەی توێژینەوە) لەگۆڤارە ئەکادیمیەکان بوار نەبوو لەگەڵ توێژینەوەکەدا دابنرێن. لەکۆتاییدا هیواخوازم ئەم ئەرکە زانستییە وەك بەشدارییەکی بچووك لەڕۆشنکردنەوەی لاپەڕەکانی مێژووی کورد و کوردستان جێگای خۆی بگرێ و هەولێك بێت بەرەو سوود بینین لەپەند و وانەکانی مێژوو.

د. سەعدی هەروتی

هەولێر - ٢٠٠٦

# دەروازە

## بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی.. چەمك و پەرەسەندن

بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی لە پێناسەیەکی کورتدا بریتییە لە: بزاڤێکی شۆڕشگێڕی کە ئامانجی لەناوبردنی دەسەڵات وستەمکاریی بیانییە لەلایەنەکانی ڕامیاری وئابووری وئایدیۆلۆژیی، لە پێناو پێکهێنانی دەولەتێکی خاوەن سەروەریدا[1]. یان بە واتایەکی تر بریتییە لە بزاڤێکی شۆڕشگێری میللەتە داگیرکراوو چەوساوەکان لە پێناو سەربەخۆیی نیشتیمانی وزامنکردنی پەرەسەندنی ئازادانەی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکاندا. بێگومان نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئەمەش تارادەیەکی زۆر وابەستەی مەسەلەی نەتەوایەتیە، چونکە ئەم بزاڤە لەلایەك لەهۆشیاری نەتەوایەتیەوە سەرچاوە دەگرێ ولەلایەکی تر بۆ هێنانەدی ئامانجە نەتەوایەتی ونیشتیمانیەکان تێدەکۆشێ.

سەرەڕای ئەوەی بزاڤی رزگاریخوازی وەك چەمکێك هەموو نەتەوەو وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە، بەو پێیەی بە هەموو ئەو بزاڤانە دەگۆترێ کە ئامانجیان رزگار بوونە لە دەسەڵاتی بیانی (لەنێوانیاندا بزاڤی ئێرلەندای باکووری سەر بە بەریتانیا وهەرێمی باسك کەلەژێردەستی ئیسپانیا دایە)، بەڵام بەشێوەیەکی

[1] میهالی شیمای، البلدان النامیة والاقتصاد العالمی، ت: د.غانم حمدون، ط١، بیروت، ١٩٨٠، ص١٨.



بەتینتر پەیوەندی بە خەباتی میللەتانی جیهانی سێهەمەوە[1] هەیە، لە بەر ئەوەی ئەم وڵاتانە زیاتر تامی داگیرکردن و ژێردەستەییان چێشتووە و بەدەست ئیستعماری ئەوروپی[2] بەهەموو شێوەکانیەوە ناڵاندوویانە.بەڵکو دەتوانین بێژین ئەم وڵاتانە تاکە مەیدانی دەسەڵاتی ئیستعماری وچالاکیە دوژمنکارانەکانی بوون.

ئەم میللەتانە کە لە ژێر چەپۆکی رژێمی ئیستعماریدا لە هەموو لایەنەکانی رامیاریو ئابووری وکۆمەلایەتی و رۆشەنبیرییەوە دوو چاری چەوسانەوەو سەرکوتکاری بوونەوە، لەلایەنی ڕامیاریدا ئەوان لەژێر چەپۆکی ستەمکاری ئەورڕژێمە دابوون. و لەلایەنی ئابووریش دەولەتە ئیستعماریەکان پەلکێشیان کردن بۆ نێو ڕژێمی سەرمایەداری جیهانی وەك پاشکۆی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنەری کەرەستەی خاو. لەبواری کۆمەڵایەتیش داگیرکەران پەیوەندیە دەرەبەگایەتی وپێش دەرەبەگایەتیەکانیان لە داگیرگەکانیان دەهێشتەوە، بۆیە ئەستەم بوو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە گەشە بکەن کە توانای بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ئیستعمارییان هەیە. ئەوەی پەیوەندی بەئایدیۆلۆژیا و لایەنی ڕۆشنبیرییشەوە هەیە، دەبینین ڕژێمی ئیستعماری دەیویست بەها ڕۆشنبیریەکانی ئەم میللەتانە بڕمێنێت وبیر وهزری خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت،بەمەش ژیانی

[1] جیهانی سێیەم کەزاراوەیەکی نوێیەو سەرەتای بەکارهێنانی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦، مەبەست لێی وولاتانی ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی وبەشێکی کیشوەری ئاسیایە، کە لە ڕووی تایبەتمەندی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی وجوگرافی ومێژوویی تاڕاددەیەکی زۆر لەیەك دەچن. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: د.ابراهیم خلیل احمد وعونی عبدالرحمن السبعاوی، تاریخ العالم الثالث الحدیث، جامعة موصل، الموصل ١٩٨٩، ص٧–٨.

[2] لەبارەی پەیدابوونی رژێمی ئیستعمار بروانە : د.فاضل حسین و د.کاظم هاشم نعمة، التاریخ الاوربی الحدیث/ ١٨١٥ –١٩٣٩، جامعة الموصل ١٩٨٢،ص١٤٣–١٦٠. هەروەها د. جلال یحیی، معالم التاریخ الحدیث، منشأة المعارف بالاسکندریة، ١٩٧٦، ص١٣٣ وما بعدها.

هزری و رۆشنبیری لەو ولاّتە داگیرکراوانەدا تووشی مەبین دەهات [1]. وەك کاردانەوەی ئەم سیاسەتە هەمەلایەنە هۆشی نەتەوایەتی میللەتانی جیهانی سێیەم چەکەرەی کرد و لەئەنجام دا راپەرینی رزگاریخوازی نەتەوەیی ئەو میللەتانە بووژایەوە. لە سۆنگەی ئەمەوە دەکرێ خودی رژێمی ئیستعماری بەورووژێنەرێکی سەرەکی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی دابنرێت[2].

بەلاّم خەباتی رزگاریخوازی ئەم میللەتانە کە ئامانجی لەناو بردنی دەسەلاّتی ئیستعماری بوو، دەبوو هەولّی سڕینەوەی شوێنەوارو جێی پەنجەی ئەم رژێمە قێزەونەش بگرێتەوە. بەم پێیە دەتوانین بلّێین ئەم شۆرشە رزگاریخوازانە ئامانج وئەرکەکانیان بە پێی قۆناغەجیاوازەکان دەگۆرێن. لەقۆناغی بەراییدا هەموو هەولّەکان تەرخان دەکرێت بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نیشتیمانی سەربەخۆ، لەم پێناوەشدا خەبات دەکرێت لەدژی رژێمی ئیستعماری و بەدەرنانی دەسەلاّتی بیانی، بۆیە توێژو رەگەزە دەرەبەگایەتی و نیمچە دەرەبەگایەتیەکانیش دێنە مەیدان و هەموو هێزە نیشتیمانیەکان بەجیاوازی بۆچوونە سیاسیەکانیان بەشداری لەم خەباتەدا دەکەن[3]. لەم قۆناغەدا بزاڤی رزگاریخواری نیشتیمانی جیاوازیەکی ئەوتۆی نابێت لەگەل بزاڤی نەتەوەیی و مەسەلەی نەتەوایەتی، بەلاّم جیاوازی لە قۆناغی دواتر دا بەدیار دەکەوێت، کە سەربەخۆیی سیاسی دەستەبەر بووە.

دوای ئەوەی زۆربەی میللەتانی جیهانی سێیەم سەربەخویی سیاسیان بەدەست هێنا، خۆیان لەپەیوەندیەکی نوێدا لەگەل دەولەتانی ئمپریالیزمی رۆژئاوادا

(1) میهالی شیمای،م.س، ص١٨-١٩.

(2) د.فاضل حسين و د. كاظم هاشم، م.س، ص ١٥٨.

(3) ميهالي شيماى، م. س، ص ١٩-٢٠، د. الياس فرح، تطور الفكر الماركسي / عرض ونقد، ط ٥، دار الطليعة بيروت ١٩٧٩، ص١٤٩، ١٥١.



بینیەوە، پەیوەندیەك کەتیایدا سەربەخۆیی سیاسی ئاوێتە بوو لەگەلّ بەردەوام بوونی پاشکۆیەتی ئابووری بۆ ئەم دەولّەتانە[1] یان بەواتایەکی تر ئەم ولاّتە تازە سەربەخۆ بووانە هەر لەچوارچێوەی ئابووری سەرمایەداری جیهانیدا مابوونەوە و زۆربەشیان بەکردار لە پاشکۆیەتی سیاسی وئابووری کۆمپانیا و دەزگا قۆرخکارییەکاندابوون.هەروەها بەدەست پاشماوەو شوێنەواری دەسەلاّتی ئیستعماریدا دەیاننالاّند، کەلە دواکەوتنی ئابووری ونزمی ئاستی بژێوی ونەخوێندەواری و نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەلاّیەتی بەرجەستە دەبوون[2] سەرباری هەموو ئەمانەش دەتوانین بلّێین لەهەندێ باردا سەربەخۆیی سیاسی بەواتایەکی سادە تەنیا گواستنەوەی دەسەلات بوو لە هێزە ئیمپریالییەکانی پێشوو وئەوچینانەی نوێنەرایەتیان دەکرد بۆ بۆرژوا خۆمالیەکان[3]. بۆیە هەندێك لەو میللەتە تازە سەربەخۆبووانە ئەمجارەیان کەوتنە باری چەوسانەوەی حکومەتەکۆنە پەرست و دکتاتۆریەکان. لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا ئامانجی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی لەم قۆناغەدا بریتی دەبێت لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و ڕزگاربوون لە هەموو جۆرەکانی دواکەوتن و هەروەها خەبات کردن لەپێناو لادانی حکومەتە کۆنەپەرست و دکتاتۆرەکان و بنیادنانی حکومەتێکی نیشتیمانی سەربەخۆ کەهەولّبدات ئازادی و مافی مرۆڤ و دادوەری کۆمەلایەتی بەدی بێنێت[4].

(1) بيتر ورسلي،العوالم الثلاثة / الثقافة والتنمية العالمية،ت:صلاح الدين محمد سعدالله،مراجعة :د.صالح جواد الكاظم،ج٣، بغداد ١٩٨٧، ص٥٣.

(2) فاخروشيف، السياسة الاستعمارية بعد الحرب العالمية الثانية، دارالتقدم موسكو(د.س)،ص١٣.

(3) بيتر ورسلي،م.س،ص٥٣.

(4) د.عبدالرزاق مطلك الفهد، دراسات في حركات التحرر في العالم الثالث،جامعة الموصل، ١٩٨٥، ص٧-٨، د.الياس فرح، م.س، ص١٥١-١٥٢.

سەرەڕای ئەمە دەبێ ئاماژە بەوەبکەین کە شێوەو مۆرکی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئیستعماری ونیمچە ئیستعماری لەوڵاتێکەوەبۆ وڵاتێکی تر جیاوازی ڕوون و ئاشکرای هەیە،لە هەندێ وڵاتدا پارتە کۆمۆنیستەکان ڕێبەرایەتی خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتیمانیان دەکردو لەئەنجامدا شۆڕشێکی سۆشیالیستی لەئارادابوو.وەلەهەندێ وڵاتی تردا ڕزگاری لەرێگەی شۆڕشێکی نیشتیمانی دیموکراتی دەستەبەر دەبوو،بەمەش ڕێگای ئاراستەی سۆشیالیستی لەبەردەم ئەم وڵاتانەدا کراوە دەبوو. کۆمەڵەی سێیەمیش (کەزۆرینە بوون) لەکاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا ڕێگای سەرمایەداری هەڵدەبژارد[1]. ئەم هەڵوێستانەش دواتر لەسیاسەت و ئاراستەی دەولەتە تازە سەربەخۆبووەکان ڕەنگدانەوەی هەبوو.

هەروەها بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتە داگیرکراوو پاشکۆکان ڕیگا وشێوازی جۆربەجۆریان گرتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەمەش بەپێی سەردەم و هەلومەرجی ئەم وڵاتە وهەروەها پەرەسەندنی شێواز و سیاسەتەکانی ئیستعمار دەگۆڕا.هێزە ئیستعماریەکان لەسەرەتای شاڵاوەکەیان بۆ ئەم وڵاتانە کەتازە پێگەیشتبوون، بینیان هەندێ لەو میللەتانە پێشوازیان لێدەکەن و هیچ گومانێکیان بەرامبەر نیازە شاراوەکانیان نیە.یان وایانزانی کەئەمانە بازرگانن وزۆر ناخایەنێ دەرۆن.بەڵام بەتێپەربوونی کات ئەم میللەتانە لە تەماعکاریەکانیان گەیشتن و دەستیان بە بەرنگاربوونەوە کرد، کاتێك کۆلۆنیاڵەکان* لەو ناوچانە کرداری نیشتەجێ کردنیان پیادەکرد. بەڵام ئەم بەرەنگابوونەوەیە لەسەرەتاکەی دا مۆرکی هەرێمایەتی و خۆجێیەتی و سەرەتاییانە و نارێکخراوی پێوە دیار بوو، وە هەندێ جار شێوەی هەلچوونێکی هۆزایەتی وەردەگرت تەنیا بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان. دواى

[1] بڕوانە:افجینی بریماکوف، الشرق بعد انهیار النظام الاستعماری، ت:سامی عمارە، دار التقدم، موسكو١٩٨٥،ص٥٤.

* کۆلۆنیالیزم: واتە ئیستعماری کۆن.



ماوەیەك پارت و رێکخراوە سیاسیەکان لە لایەن میللەتە داگیر کراوەکانەوە دروست بوون، بەڵام ئەوانیش لە سەرەتا ئامانجەکانیان هەر هەرێمایەتی بوو چونکە لە داواکردنی یەکسانی لە کرێی کار یان گێرانەوەی زەوی تێپەری نەدەکرد، ئەویش تەنیا لە رێگای سکاڵا نامەو داواکاری پێشکەش کردن. دواتر خەبات و تێکۆشانیان پەرەی سەند بۆ داواکردنی سەربەخۆیی و رزگار بوون لە دەسەڵاتی بیانی بە شێوەیەکی ئاشتیانە. ئینجا گەیشتە ئاستی شێوازی مانگرتن و خۆپیشاندان و هەلوێست وەرگرتن لە بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکاری، هەروەها پێشکەش کردنی سکاڵا بۆ ئەو دامەزراوە نێو دەولەتیانەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم پێکهێنران[1].

بەتێپەر بوونی کات میللەتە داگیرکراوەکان لەو راستیە گەیشتن کە داواکاری ئاشتیانە بێ هودەیە، بۆیە شێوازی توند و تیژی و خەباتی چەکداری رێکخراویان گرتەبەر، ئەمەش بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کە ئەم شێوازە لە شێوەی خەباتی چەکداری لە ڤێتنام و کوبا و ئەنگۆلا و چەندین وڵاتی تر بەرجەستە بوو. کە تیایدا توانایەکی دیاریان پشاندا و شارەزاییان بەدیار خست لەبارەی شێوازەکانی جەنگی پارتیزانی شۆرشگێری کەگورزی بەهێزیان گەیاندە لەشکرەکانی ئیستعمار و بەکرێگیراوەکانیان[2].

لە هەمان کاتدا تێبینی دەکرێ کە هەندێ میللەت لە بزاڤە ڕزگاریخوازەکەیان ڕێبازی توندوتیژییان نەگرتەبەر،بەڵکو ڕێگای خەباتی دیموکراتی و شێوازی دژە توندوتیژییان پیادەکرد.هەروەکو لە هیندستان[3] یان هەندێ وڵاتی ئەفریقیادا

[1] د. عبدالرزاق مطلك، م. س، ص٧.

[2] بروانە: د. ابراهیم خلیل و عونی عبدالرحمن، م.س،صفحات ٤٣–٤٥، ١٢٩–١٣٤، ١٨٤–١٨٧.

[3] لە بارەی بزاڤی ڕزگاریخوازی هیندستان بڕوانە :جواهر لال نهرو، لمحات من تاریخ االعالم،ط٢،بیروت١٩٥٧،صفحات ٢٦٥–٢٨٧.

ڕوویدا[1]. بەتایبەتی لەباشوری ئەفریقیا کە (پارتی کۆنگرە) و(نیلسۆن ماندێللا) ی ڕابەرەکەی دیارترین نمونەی ئەم شێوازە بوون.

کەواتە خەباتی چەکداری مەرج نییە بۆ هەموو میللەتانی جیهان و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەیان ڕێبازێکی پێویست بێت. بەو پێیەی پێداویستیەکانی خەبات و هەلومەرجی هەر ولاتێك بڕیار لەسەر ئەمەدەدەن، وەبەبێ رەچاوکردنی ئەم لایەنەش جەنگی ڕزگاری دەبێتە کارێکی سەرەڕۆیانەی ترسناك لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیدا.بۆ نموونە بزاڤی نیشتیمانی لەولاتی (شیلی)دا ئەوکاتە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کەخەباتی ئاشتی وڕێگای پەرلەمانی کردە بەرنامە و شێوازێك بۆ گەیشتن بەدەسەلات وڕێبەرایەتیکردنی جەماوەر وڕزگار کردنی سامانەکانی ولات لەچنگی قۆرخکاری ئیمپریالیدا. هەروەها خەباتی چەکداری ئەگەر پشت بەپالپشتی چین وتوێژە سەرەکیەکانی کۆمەڵ و باوەڕی تەواویان بەم شێوازی خەباتە نەبەستێت، ئەوا تەنیا دەبێتە گۆشە گیربوونی گروپەچەکداریە بچووکەکان ودابڕانیان لەجەماوەری میللەت.

---

[1] د.عبدالرزاق مطلك، م. س، ص٧

## باسی یەکەم

# بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی

## ( توێژینەوەیەکی شیکاری لەبارەی سەرهەڵدان و قۆناغەکانی )

## پـیـێشـەکـی

له ماوەی ئەو (١٠) ساڵەی (١٩٩٦- ٢٠٠٦) کە تیایدا بابەتی (جیهانی سێیەم)م بە قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بەشی مێژووی کۆلیژی ئاداب دەگووتەوە لە زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر، کە تیایدا زیاتر لەسەر بزاڤەکانی رزگاریخوازی ئەم وڵاتانە ڕادەوەستام، بۆم لوا زیاتر لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردیش وورد ببمەوە و لەڕەهەندو سیماو تایبەتمەندیەکانی بکۆڵمەوە. دواتریش لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٧ — ١٩٩٨ کە ساڵی ئامادەکاریم بوو لە خوێندنی دکتۆرا، بەڕێز دکتۆر دلێر شاوەیس پرسیارێکی لەبارەی قۆناغەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی لە مێشکمدا وروووژاند.

ئەمانە هۆکارو پاڵنەری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بوون کە بێگومان ئەمەش ئەگەر مەسەلەیەکی پڕ بایەخ نەبێت ئەوا لە گرنگی بێبەش نییە، بەو پێیەی هێشتا کوردستان بەهەموو بەشەکانیەوە هەر لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی بزاڤی رزگاری نیشتمانی دایە و سوود و پەند وەرگرتن لە قۆناغەکانی رابردووش مەسەلەیەکی فرە پێویستە.

ئەم توێژینەوەیە لەبەر ئەوەی زیاتر لەبواری هزری دایە بۆیە زۆرتر پشت بە تێبینی و سەرنج و بۆچوونەکانی توێژەر دەبەستیٚ، بەڵام بێگومان ئەمانەش بە بەلگەی پشت ئەستوور بەسەرچاوەی مێژووی و زانستی دەخرێنە ڕوو، کە ژمارەیان زۆرە بەڵام لەهەموویان گرنگتر بەلگەنامەکانن. بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامە فەرمیەعێراقیانەی (د.عبدالفتاح بۆتانی) لەهەردوو کتێبی **(وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية) و (الحركة القومية الكردية التحررية/دراسات ووثائق)**دا بڵاوی کردۆتەوە، کە چەندین زانیاری دەگمەن وگرنگیان تێدایە لەبارەی ڕێکخراوە کوردیەکان و چالاکیەکانیان.بەهەمان شێوە(محەمەد حەمە باقی)ش



لەهەردوو کتێبی (میرنشینی ئەردەلان بابان سۆران لەبەڵگەنامەی قاجاریدا) و (شۆڕشی شێخ عوبێدوڵلای نەهری ١٨٨٠ لەبەڵگەنامەی قاجاریدا) چەندین بەڵگەنامەی گرنگ و دانسقە سەبارەت بەباباتەکە دەخاتەڕوو کە لەئەرشیفەکانی دەرباری قاجاری پارێزرابون.هەروەها (د.ئازاد گەرمیانی)ش لەژمارەکانی گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام) دەقی سیٚ بەڵگەنامەی بەریتانی بەوەرگێڕدراوی بۆسەر زمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، کە چەندین بەڵگەی بەنرخ لەبارەی شۆڕشەکانی (شێخ عوبێدوڵلا) و (شێخ مەحمود) و (سمکۆ) دەخاتەڕوو.بۆ ئەرشیفەکانی فەرەنساش سوود لەو کۆمەڵە بەڵگەنامەیە بینراوە کە (نەجاتی عەبدوڵلا)لەکتێبی (کوردستان لەبەڵگەنامەکانی کۆنسوڵی فرەنسی لەبەغدا ١٩١٩) دا دەقەکانی کردۆتە کوردی. بێگومان بەڵگەنامە کوردیەکانیش فەرامۆش نەکراون،ئەوەتا لەڕێگەی کتێبی (دەولەتی جمهوری کوردستان) سوود لەهەندیٚ بەڵگەنامەی کۆماری مەهاباد بینراوە کە (مەحمود مەلا عزەت) بڵاوی کردۆتەوە. هەروەها توانرا دەقی هەندیٚ نامەی خودی (شێخ عوبێدوڵلا)ش ببینریٚ کە (د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) لەئەرشیفەکانی بەریتانیا پەیدای کردوون و بەزمانی عەرەبی لەگۆڤاری (شمس کردستان) خستویەتیە بەردەستی تۆێژەر و خوێنەران.لەپاڵ ئەم بەڵگەنامانەش سوود لە یاداشت وبیرەوەریی چەند کەسایەتیەکی کورد بینراوە کەبەشداریان هەبووە لەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا، بەتایبەتی (زنار سلۆپی) وکتێبەکەی (فی سبیل کردستان). هەروەها هەندیٚ جار بەتایبەتی بۆ ڕاپەڕینەکانی سەدەی نۆزدەهەم پەنا بردراوەتە بەر گەواهی وگووتەکانی گەریدە بیانییەکان بەتایبەتی (کلودیوس جیمس ریچ)و (جیمس بیللی فرایزەر)و (مێجەرسۆن). بێجگە لەمانەی باسکران لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەندین بەڵگەنامەویاداشت و نامەی زانکۆیی و گەشتنامەی گەریدەبیانیەکان و هەروەها سەرچاوەی ڕەسەن و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بینراوە کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ڕیزبەندکراون.

## چەند سەرنجێکی گشتی لەبارەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی

سەرەڕای ئەوەی هەموو بزاڤەکانی رزگاریخوازی میللەتانی جیهانی سێیەم بە تێکرایی،چەندین سیمای لەیەکچوون وخاڵی هاوبەشیان هەیە،بەڵام دەتوانین بڵێین هەریەکێك لەم بزاڤانە خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی خۆیەتی کەلە تایبەتمەندی میللەتەکەو ئەو هەلومەرجەی تێیدایە سەرچاوە دەگرێ. لەسۆنگەی ئەمەوە لەبارەی تایبەتمەندیەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا بەگشتی، دەشێ چەند خالێك تومارکەین:

١- ژێردەستەبوونی کوردستان لەسەرەتاکانی سەردەمەنوێکانەوە بۆ هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی وئێرانی کە خۆیان لەرووی شارستانیەوە دواکەوتوو بوون بەبەراوورد لە گەڵ ئیستعماری ئەوروپیدا، بووە هۆی بێ هێزبوونی کەلتووری کورد و دواکەوتنی لە ڕووی شارستانیەوە[1] وهەروەها نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی وسیاسی، کەئەمەش ڕەنگدانەوەی نەگەتیڤانەی هەبوو لە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی وشیوازەکانی خەباتی.

٢- کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژ ڕووبەڕووی داگیرکاری وچەوساندنەوەی دوولایەنە ببۆوە، چونکە لە سەرەتاکانی سەردەمی هاوچەرخدا هەندێ بەشی ئەم وڵاتە، بەتایبەتی باشوور و ڕۆژ ئاوا ئنجا ڕۆژ هەڵاتیشی تارادەیەك، لەپاڵ داگیرکاری دەولەتە هەرێمایەتیەکان (کە هەریەکە لە عیراق وسوریا وئێران بوون یەك لەدوای یەك) کەوتنە ژێر دەسەلات وچەوساندنەوەی

(١) بڕوانە: ن.أ.خالفین، الصراع علی كردستان،ت: د.احمد عثمان ابو بكر، بغداد ١٩٦٩، ص١٧–١٩. شایانی باسکردتە شێخ عوبێدوڵڵای نەهری لە دەقی نامەیەکدا کە لە (٥)ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠ بۆ دکتۆر (کۆهران)ی مژدەدەری ئەمریکی لە ناوچەی ورمێ ناردووە، لەم بارەیەوە دەلێت: ((دیارە هەردوو حکومەتی عوسمانی و ئێرانی ڕێگاکانی بە شارستانی بوون نازانن یان خۆیانی لێنادەن)). د. احمد عثمان ابوبكر، نصوص ثلاث رسائل للشیخ عبیدالله النهري، مجلة (شمس كردستان) ع (٤) نیسان ١٩٨٥، ص٦.



دەولەتە زلهێزە ئیستعماریەکانیش، بۆ بەشی باشوور عیراق و بەریتانیا، بۆ ڕۆژئاوا سوریاوفەرەنسا، بۆ ڕۆژهەڵاتیش ئیران و بەریتانیا[1]. بێگومان ئەمەش گرفتەکانی کوردی زیاتر کردو ئەرکی بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی قورستر کرد[2].

٣- سەرەڕای ئەمانەی باسکران تاریکترین لایەنی هەلومەرجی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەوانەیە ئەمەبێ کە کوردستان لە ڕابردوو وە ئێستاش بەدەست کێشەی زەوتکردن و لکاندنەوە دەنالێنێ. چونکە هەموودەولەتە هەرێمی وداگیرکەرەکانی کوردستان بەشە داگیر کراوەکانی ئەم وڵاتە بەبەشێکی دانەبڕاوی خاکی خۆیان دەزانن: ئەوەتا لە تورکیا دا تەنانەت دان بەبوونی نەتەوەیەکی جیاواز لە تورك نانرێت، لەئێرانیش لەسەر بنەمای ئێرانچێتی هەوڵدەدرێ نەتەوەی کورد ئاوێتەی ئەم وڵاتە بکرێت،لەعیراقیش کوردستان بەباکووری وڵات دادەنرێت،لەسوریاش کوردەکان بەئاوارەو پەناهەندە لەقەڵەم دەدرێن نەك خاوەنی ئەم خاکەی تێیدا دەژین[3]. ئەمەش ئەرکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی گرانتر دەکا بەبەراوورد لە گەڵ باری ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی ئیستعماری کەبەدەگمەن نەبێ سیاسەتی لکاندن پەیرەو ناکات.

(١) لەبارەی ئەم هەلومەرجەی کوردستان بڕوانە : کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەولەتیی وناوچەییدا / ١٨٩٠-١٩٣٢،سلێمانی٢٠٠٠،ل١٣٦ ودواتر.

(٢) هەروەها مێژوو نووسێکی تریش ئەم هۆکارە بەکۆسپێکی تری بەردەم گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوایەتی کوردی دادەنێت. بڕوانە :د.دلێر ئیسماعیل حقی شاوەیس، نەتەوەو نەتەوایەتی /هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کورد ودروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژ(٧)س(٣)١٩٩٩،ل١٨.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : ژیرارد چالیاند(سەرپەرشتی کردن)، گەلێکی پەژموردەو نیشتمانی پەرت،و: م.گۆمەیی وأ.حەوێزی،سوید ١٩٩٨.

٤- له ژێر فشاری ئەم دووخاڵە نەگەتیڤەی پێشوو ئامانج وداواکاریەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بە پێچەوانەی زۆربەی میللەتانی تر، لەجیاتی ئەوەی پەرەبسێنێت بەرە بەرە بچووك دەبوونەوە و قاوغێکی هەرێمایەتییان وەردەگرت، ئەوەتا لەکلتێکدا بزاڤەکانی تر ئامانجەکانیان لەچوارچێوەیەکی هەرێمایەتی بەرتەسکەوە گواستەوەبۆ ئامانجی نیشتیمانی باڵا کەبریتیە لەسەربەخۆیی، دەبینین بزاڤی کوردی بەرەبەرە واز لەدروشمی سەربەخۆیی دەهێنێ لەپێناو دابینکردنی مافە نەتەوایەتیە ئاساییەکان لەچوارچێوەی ئەو سنوورە نێودەولەتیەی کەبەسەر بەشەکانی کوردستاندا سەپێنرابوو، هەروەکو دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

٥- بەردەوام بوونی پاشماوەی پەیوەندییەکانی پێش سەرمایەداری و فرە شێوەی بەرهەمهێنان وپێك نەهاتنی بازاڕی نەتەوەیی لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان هۆیەك بوو بۆ مانەوەی گۆشەگیری وپەیوەندی تەسکی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دەرەبەگایەتی[1]. بۆیە دروست بوونی زەمینەیەکی لە یەکگەیشتن لە نیوان ڕەگەزو لایەنەکانی بزاڤی نیشتیمانی کوردی کارێکی ئەستەم بوو. بێگومان ئەمەش بووە بەهۆی سەپاندنی هزری هەرێمایەتی وناوچەگەری لەلای بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بەگشتی.

٦- بە هۆی بەرز ڕاگرتنی بەهای (هێز) لە کۆمەڵگای کوردەواری[2] و هەروەها توندو تیژی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان کە زیاتر لە زمانی چەك تێدەگەیشتن، تێبینی دەکرێ لە زۆربەی ماوەکاندا بزاڤی رزگاریخوازی کوردی شێوازی خەباتی چەکداری پیادەکردووە، وەك لە لاپەرەکانی دواتر بە دیار دەکەوێت.

---

[1] د.دلێر شاوەیس، س. پ، ل١٣.

[2] لەم بارەیەوە بروانە: واسیلی نیکیتین، کوردو کوردستان، و: خالیدی حیسامی (هێدی)، هەولێر، ١٩٩٨، ل٢٢٠، ٢٤٦، ٢٤٧.



## هەوڵەکانی قۆناغبەندکردنی بزاڤی رزگاریخوای کوردی

لە سۆنگەی ئەوەی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتیمانی بەگشتی و هی هەرنەتەوەو میللەتێك بە تایبەتی بە قۆناغ و ماوەی جیا جیا تێپەریون، هەندێك لەو مێژوونووس و توێژەرانەی کە لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردی و شۆرش و ڕاپەڕینەکانیان کۆلیوەتەوە، هەولیانداوە ئەو بزاڤە قۆناغبەند بکەن و لەسەر بناغەی هەندێ دیاردەو سیماکانی، تایبەتمەندیەکانی هەر قۆناغێك دەست نیشان بکەن. لێرەدا وەك بەسەرکردنەوەی بۆچوونەکانی پێشوو لەمەڕ بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ هەندێ لەم هەولانە بکەم.

(فاسیلی نیکیتین)ی کوردناسی ڕوسی لە هەولێکی لەم جۆرەدا بزاڤی رزگاریخوازی کوردی دابەش کردووە بۆ سێ قۆناغ: قۆناغی یەکەم کەناوی لێناوە سەردەمی نافەرمانی و باخیگەری کۆمەڵایەتی کە راپەرینەکانی میرو دەرەبەگە کوردەکان دەگرێتەوە کە بە گوتەی ئەو زیاتر بە تەنگ سوود و قازانجی خۆیانەوە بوون، قۆناغی دووەمیش لەگەل کودەتای ئیتیحادیەکان[1] لە دەولەتی عوسمانیدا دەست پێدەکا کە کوردان هەولەکانیان دەست پێدەکەن بۆ داننان بە مافە نەتەوایەتیەکانیان لەلایەن دەولەتەوە. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش قۆناغی سێیەم دەست پێدەکا کە مەسەلەی کورد رەهەندێکی نێودەولەتی وەردەگرێت و دەچێتە چوارچێوەی پەیمانە نێودەولەتیەکانی وەك (سیڤەر) و (لۆزان)ەوە. لەدوای ئەم سێ قۆناغەدا ناوبراو ئاماژە بەوەدەکات کە قۆناغێکی نوێی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەگەل دامەزراندنی کۆمەلەی (خۆیبوون)[2]ەوە دەست پێدەکات[3].

---

[1] واتە ساڵی ١٩٠٨ز، لەبارەی ئەم کودەتایە بروانە: آرنست رامزاور، ترکیا الفتاة وثورة ١٩٠٨، ت:د. صالح احمد العلي، بیروت،١٩٦٠.

[2] لەبارەی ئەم کۆمەلەیە بروانە. رۆهات ئالاکۆم، خۆیبوون و شۆرشی ئاگری، و: شوکور مستەفا، چ١، هەولێر٢٠٠٠.

[3] واسیلی نیکیتین، س. پ، ل٥٥٦.

هەروەها (روبەرت ئۆلسن)ی رۆژهەلاتناس و کوردناسی ئەمریکیش هەولیداوە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی قۆناغبەند بکات وە بە پێی بۆچوونی ئەو چوار قۆناغی سەرەکی لەخۆ دەگرێ کە ئەمانەن:

١.بزاڤی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری کە نیشاندەری دەرکەوتنی شێخەکانە وەك ڕابەرانی کۆمەلی کوردەواری و بزاڤە رزگاریخوازەکەی.

٢.لە پێکهێنانی سوارەی حەمیدی[1]، (لە ساڵی ١٨٩١)ەوە تا سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم.

٣.لە جەنگی جیهانی یەکەم تا پەیماننامەی سیڤەر (١٠ی ئابی ١٩٢٠).

٤.کاریگەری رووداو و دەرەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم لە راپەرینی شێخ سەعیددا[2].

دیارە ئەم دابەشکردنانەی پێشوو سەرنجی (ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر)ی راکێشاوە کە پسپۆرێکی مێژووی نوێی کوردە، بۆ ئەوەی ئەویش لەم بوارەدا بۆچوونی خۆی بخاتە ڕوو بەڵام ئەو قۆناغبەندیەکەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی تەنیا لەسەر بنەمای سەرکردایەتی بزاڤەکە دارشتووە کە بەم شێوەیە:

لە قۆناغی یەکەمدا میرە دنیاییەکان سەرکردایەتی راپەرینەکانیان دەکرد، وەك عەبدولرەحمان پاشای بابان[3] و محەمەد پاشای سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان. لە قۆناغی دووەمدا سەرۆکە دینیەکان رابەرایەتیان گرتە دەست وەك تەیمور پاشای

---

[1] پێکهێنانی ئەم سوارانە هەوڵێکی دەسەلاتدارانی عوسمانی بوو بۆ سوود وەرگرتن لە توانا سەربازیەکانی کورد. لەم بارەیەوە بروانە: دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، هەولێر ٢٠٠٥، ل١٠٥-١١٢.

[2] رۆبەرت ئۆلسن، راپەرینی شێخ سەعیدی پیران، و: بەبوبەکر خۆشناو، چ٢، سلێمانی ١٩٩٩ـ ل١٦. لەبارەی ئەم ڕاپەڕینەی دواییش بروانە هەمان سەرچاوە.

[3] جێگەی سەرنجدانە بە پێویستمان نەزانی ناوی ئەم کەسێتی و رێکخراوانەی لەم بڕگەدا هاتووە پێناسە بکەین لەبەر زۆری ناوەکان لە لایەك و لە لایەکی تریش لەبەر ئەوەی لەلاپەرەکانی دواتریش ئاماژە بە زانیاری زیاتر دەکەین لەبارەیان.



مللی و حوسێن کەنعان پاشا و عوسمان پاشای کورانی بەدرخان پاشا. لە قۆناغی سێیەمدا کەسایەتیە ئاینی و دنیاییەکان بوونە سەرکردەی بزاڤەکە، لەسەرووی هەمووشیانەوە شێخ عوبێدوڵڵای نەهری و ئینجا شێخ عبدالسلام بارزانی و دواییش شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ سەعید و چەندانی تر. لە قۆناغی چوارەمیش سەرکردە نوێیەکان پەیدابوون وەك سمایل خانی شکاك (سمکۆ) و سەردار رەشید و شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی و ئیحسان نوری پاشا و قازی محمد. لە دوا قۆناغیش کە قۆناغی پێنجەمە رێبەرایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کەوتە ئەستۆی سەرۆك و رێکخراوە هاوچەرخەکان وەك مستەفا بارزانی و حیزبی هیوا و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و رێکخراو و پارتەکانی کوردستانی باکوور[1].

ئەگەر بە ووردی چاوێك بەم دابەشکردنانەی رابردوو دا بگێرین چەند تێبینی و سەرنجێکمان لەلا دروست دەبێ لە بارەیان، سەبارەت بە دابەشکردنەکەی نیکیتین دەتوانین ئەم سەرنجانە بخەینە روو:

١.لە قۆناغی یەکەمی دابەشکردنەکەیدا ناوبراو جیاوازی لە نێوان میرە کوردەکان ناکات — کە دەسەلاتی بۆماوەییان هەبووە و تەنیا ویستویانە جێگیر و فراوانی بکەن — لەگەل کەسایەتیە ئاینی وهۆزایەتیەکان کە خاوەنی ئەو دەسەلات و زەمینەیە نەبوون.

٢.هەرلە قۆناغی یەکەمدا جیاوازی لە نێوان شۆرشەکەی شێخ عوبێدوڵڵا و ئەوانی تر ناکات ئەگەر چی ئەوەی یەکەم لە ڕووی ئامانج و گاریگەری و

---

[1] د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، چەند موحازەرەیەك کە پێشکەشی قوتابیانی ماستەری مێژووی نوێ کراوە لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٣-١٩٩٤.

فراوانییەوە زۆر لەوانی تر جیاوازە و بەلکو دەتوانرێ بەوەرچەرخانێك دابنرێت لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا[1].

٣.سەبارەت بە قۆناغی دووەمیش کە دەلێ لە کودەتای ئیتیحادییەکانەوە دەست پێدەکات، ئەوەی زانراوە کە لەو قۆناغەدا کوردستان بووژانەوەیەکی سیاسی و رۆشنبیری بەخۆوەدیت و لە ئەنجامدا چەندین رێکخراوی کوردی پێکهێنران و ژمارەیەك رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەرکران، بەلاّم ئەم دیاردەیە لەگەل کودەتای ١٩٠٨ دەستی پێنەکرد، بەلکو سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی دواتر[2]. کەواتە ئەم قۆناغی دووەمە لە رووی کات و سەردەم زووترە لەوەی نیکیتین دیاری کردووە.

لە بارەی قۆناغەکانی لەمەڕ (رۆبەرت ئۆلسن)یش تێبینی دەکرێ کە ئەو لە پێش هەموو شتێك راپەڕینەکانی سەردەمی میرنشینەکانی فەرامۆش کردووە ئەگەرچی بە سەرەتای بزاڤی رزگاریخوازی کوردی دادەنرێن[3]. هەروەها پێکهێنانی سوارەی حەمیدی دەکاتە سەرەتای قۆناغی دووەم لە کاتێکدا ئەم رووداوە دیاردەیەکی نەگەتیڤی مێژووی کورد بوو وە کاریگەری پێچەوانەی لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردی هەبوو[4]، ئیتر چۆن دەکرێ ببێتە سەرەتای قۆناغێك. سەبارەت بە قۆناغی سێیەم و چوارەمیش ئەوا دەکرێ بگوترێ هەردووکیان هەر

---

[1] لە لاپەرەکانی داهاتوو دا زیاتر لەسەر ئەم لایەنە دەدوێین.

[2] لەم بارەیەوە بگەرێوە بۆ: جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، و: ئەنور قادر محمد، ستۆکهۆلم ١٩٩٣.

[3] لەسەر باسی داهاتوو ئەمە روون دەکەینەوە.

[4] لەبارەی ئەم سوارانە بگەڕێوە بۆ: دیڤید ماکداول، س. پ، ل١٠٥-١١٢.



یەك قۆناغن و هیچ جیاوازییەکیان نیە لە رووداوو دەرەنجامەکانەوە بەسەر بزاڤی ناوبراودا.

لەبارەی دابەشکردنەکەی (ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر)یش وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەو دابەشکردنە تەنیا لە گۆشەنیگای سەرکردایەتی راپەڕینەکانەوە سەیری کراوە و هیچ ئاماژەیەك بۆ سیما و دیاردەکانی تری قۆناغەکان نەکراوە. هەروەها تێکهەلّچوونێك لە نێوان قۆناغەکاندا لە خۆ دەگرێ، بۆ نموونە هەندێ سەرکردەی قۆناغی چوارەم (وەك شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەدی بارزان) لە قۆناغی سێیەمیش هەبوونیان هەیە، تەنانەت یەکێکیان کە مستەفا بارزانی یە لە قۆناغی پێنجەمیش بەرچاودەکەوێ.

لە سۆنگەی ئەم تێبینی و سەرنجانەی لەمەو بەر خستمانە روو. دەکرێ قۆناغبەندکردنێکی نوێ بۆ ئەم بزاڤە دابنرێت، کە ئەمەش مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بەلاّم بەر لەم کارە دەبێ جارێ هەولّبدەین سەرەتای سەرهەلّدانی ئەم بزاڤە دیاری بکەین:

## سەرهەلّدانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی

بزاڤی رزگاریخوازی کە بەرجەستەکردنێکی کردارییی هۆشیاری نەتەوایەتییە سەرەتای سەرهەلّدانی وەك زۆربەی دیاردە مێژووییەکان بە سالێك یان رووداوێکی دیاریکراو دەستنیشان ناکرێت. لە سۆنگەی ئەمەوە پەنجەدانان لەسەر دەستپێك و پەیدابوونی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی کارێکی ئالۆز و دژوارە، بۆیە جێگەی مشتومرە لە نێوان توێژەرانی ئەم بوارەدا.

لەم بارەیەوە (رۆبەرت ئۆلسن) دەرکەوتنی شێخ عوبێدوللاّ وەك رێبەری ئەو راپەرینە کوردیە فراوانەی هەردوو کوردستانی عوسمانی و ئێرانی گرتەوە، دەکاتە

نیشاندەری هۆشیاری نەتەوایەتی کوردی و سەرەتای بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی. بەو پێیەی ئامانجی کوردستانی سەربەخۆ بە ئاشکرا لەو ڕاپەڕینەدا ڕاگەیەنرا، لە کاتێکدا لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا ئەو ئامانجە بەم ڕوونییە بەرچاو ناکەوێت[1]. لە بۆچوونێکی لەم جۆرەدا چەند توێژەرێکی هاوچەرخیش پاڵپشتی گوتەکانی (ئۆلسن) دەکەن[2]. هەروەها (سالح محەمەد ئەمین)یش ڕاپەڕینی کورد بە سەرکردایەتی شێخ عوبێدوڵڵا بە سەرەتای گواستنەوە لە (هەستی نەتەوەیی) بۆ (هۆشی نەتەوەیی)[3] لای کورد دادەنێت[4].

بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە ڕووداوە مێژووییەکان دەبینین سەرەتای بزاڤی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زووتر، ئەویش نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمە، لەو ماوەیە مێژووییەدا دەوڵەتی عوسمانی هەڵمەتێکی بەرفراوان و درێژخایەنی دەستپێکرد بۆ لەناو بردنی قەوارە و دەسەڵاتە خۆماڵییەکانی هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەمەش مانای لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە کوردیەکان و بەستنەوەی ناوچەکانیان بە دەسەڵاتی ناوەندی دەگەیاند. لە

(١) ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل ١٦ — ١٧.

(٢) بڕوانە: جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٥٥، ١٦١-١٦٧، هەروەها: هۆگر طاهر توفیق، دور الصحافة الكردية في تطور الوعي القومي الكوردي ١٨٩٨–١٩١٨، دهۆك ٢٠٠٤، ص٣٠-٣١.

(٣) هەستی نەتەوەیی تەنیا هەستکردنە وەك بەشێك لە نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی تر، کە ئەمەش هەستێکی زۆر کۆنە و لەوانەیە لەگەڵ پەیدابوونی نەتەوەکان هەبێت، بەڵام هۆشی نەتەوەیی قۆناغێکی پەرەسەندووترە لە هەستی نەتەوەیی بەو پێیەی ئەم هۆشیارییە وا دەکات تاك مافە نەتەوایەتیەکەی خۆی بناسێت و بە ئەرکی خۆی بزانێت هەوڵ بۆ بەدیهێنانیان بدات، کە لە پێش هەموویان پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی دەگرێتەوە،بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. دلێر شاوەیس، س.پ.ل ٥ — ٢٩، هەروەها: د.عبدالفتاح علي البوتاني، بدايات الشعور القومي الكوردي في التاريخ الحديث، دهوك ٢٠٠٥، ص٦ الهامش.

(٤) کورد و عەجەم / مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چ١، ب.ش. ١٩٩٢، ل١٥٣.



ئەنجامدا چەندین ڕاپەڕینی چەکداری کوردی بەرپابوون. کە لە هەموویان گرنگتر ڕاپەڕینەکانی محەمەد پاشای سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان بوو. شایانی باسە ئەم دوو میرە کوردە هەروەها عەبدولڕەحمان پاشای میری بابانیش ماوەیەك بەر لەو هەڵمەتە عوسمانییە هەوڵەکانیان دەستپێکردبوو بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و سەربەخۆیی میرنشینەکانیان و فراوانکردنی سنووریان[1].

لەبەر ئەوەی پاڵنەری نەتەوەیی کاریگەر بوو لە بەرپابوونی ئەم ڕاپەڕینانە و هەروەها ئامانج و دەرەنجامی کرداریش لە کۆتاییدا بریتی بوو لە ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بیانی و گۆڕینی قەوارە خۆجێییەکان بە قەوارەی نەتەوەیی سەربەخۆ، ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردیانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بە پێی زۆربەی بۆچوونەکان بە دەستپێك و سەرهەڵدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە قەڵەم دەدرێن[2]. هەر بۆ نموونە کوردناسی فەرەنسی (تۆمابوا) لە بارەی دەرەنجامەکانی سیاسەتی سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی و قاجاری بەسەر کوردستاندا دەڵێت: ((لەئەنجامی ئەمەدا گیانی نەتەوایەتی و مەیلی یەکخستنی پارچەکانی نیشتمانی کورد لای کوردان پەیدابوو))[3]. هەروەها گەڕیدەی ئینگلیزی (مێجەرسۆن)یش پەنجە بۆ ئەم ڕاستیە درێژ دەکات کە گیانی نەتەوەیی کوردی لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا چەند جارێك بووژاوەتەوە و لە هەوڵەکانی

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سعدي عثمان حسين، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطورها السياسي ١٥١٤–١٨٥١، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح – الدين – أربيل، ١٩٩٥، ص١٠٥–١٠٦، ١٢١–١٥١، هەروەها: د.کاوس قەفتان، چەند لێکۆلینەوەیەك لە مێژووی بابان سۆران بۆتان، بەغدا ١٩٨٥.

(٢) بڕوانە: واسیلی نیکیتین، س.پ.ل ٥٥٦-٥٦٠، عەزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد،چ٣، سلێمانی ١٩٩٨، ل٧٣-٧٤، جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٧١، ص٧٤–٧٦: د. عبدالفتاح علي البوتاني، م.س. ص٢٧–٢٨: عبدالعزيز سليمان نوار، تاريخ العراق الحديث (من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا) القاهرة ١٩٦٨، ص١٣٥.

(٣) لمحة عن الاكراد، ت: محمد شريف عثمان، النجف ١٩٧٣، ص١٤.

وەلانانی دەسەڵاتی تورکدا خۆی دەرخستووە، جاری یەکەمیان ڕاپەڕینی عەبدولرەحمان پاشای بابان بوو لە ساڵی ١٨٠٦، دووەمیش هەوڵەکانی محەمەد پاشای میری سۆران بوو لە ساڵی ١٨٣٢، جاری سێیەمیشیان ڕاپەرینی بەدرخان پاشای بۆتان بوو لە ساڵی ١٨٤٢[١].

شایانی باسە هەندێ بۆچوون تەنیا ئاماژە بە ڕاپەرینی بەدرخان پاشای بۆتان دەکەن وەك سەرەتای بزاڤی رزگاریخوازی کوردی، بەوپێیەی ئامانجە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان لەو ڕاپەڕینەدا ڕوون و ئاشکراتر بوون،بە تایبەتی مەسەلەی رێکخستن و رزگارکردنی دەڤەرەکانی کوردستان بە بەشی ژێردەسەڵاتی ئێرانیشەوە کە لەلایەن دەوڵەتی قاجارییەوە حوکم دەکرا[٢]. لە کاتێکدا لەو لایەنەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ڕاپەڕینەکەی بەدرخان و ڕاپەڕینەکانی تری ئەو سەردەمەدا نەبوو، بە تایبەتی ڕاپەڕینی محەمەد پاشای سۆران کە لە ڕووی گرنگی و ئامانجی فراوانکردنی دەسەڵاتیدا لە ڕاپەڕینەکەی بەدرخان کەمتر نەبوو، بە تایبەتی کە ئەو میرەش هەوڵی یەکخستنی ناوچەکانی کوردستانی دەدا لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، کە ئەمەش واتای پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردی دەگەیاند[٣]. تەنانەت میری سۆران هەوڵیدا ناوچەکانی کوردستانی

[١] رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت: فؤاد جميل، ج٢، ط١، بغداد ١٩٧١، ص١٤٨.
[٢] بڕوانە: مینۆرسکی، الاكراد/ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خەزنەدار، بغداد ١٩٦٨، ص٢٦، بلەج شێرکۆ، کێشەی مێژینە و ئێستای کورد، و: محەمەد حەمە باقی، چ٣، ب.ش ١٩٩١، ل٣٨-٤٠، شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، بغداد ١٩٥٩، ص٢٥: مالمیسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان، ت: شكور مصطفى، هەولێر، ١٩٩٨، ص٤١.
[٣] ئەوەتا میری ناوبراو خۆی دەڵێت: ((ئەو حکومەتانەی لەدەست دەرەبەگی کوردستانی دان، خودا تۆفیقم بدات زەبت و تەسخیریان دەکەم)). مەلا ئەسعەد خەیلانی (١٨٥٤-١٩٣١ز)، تەئریخی سۆران (دەستنووس)، بە وەرگرتن لە: جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری ((قەومیەت))ی ڕۆژهەڵاتی و نەبیری ((ناسیۆنالیزم))ی ڕۆژئاوایی یە، ستۆکهۆڵم ١٩٨٤، ل ٣٦.



ڕۆژهەڵاتیش بخاتە چوارچێوەی ئەو قەوارە نەتەوەییەی کە هەوڵی دامەزراندنی دەدا، وەئەگەر تێکۆشانی بەدرخان پاشا بۆ یەکخستنی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کوردستانی عوسمانی تەنیا لە چوارچێوەی (پەیمان پیرۆز) دابوو کە لە هەوڵێکی تیۆری ناکاریگەر زیاتر نەبوو، ئەوا میری سۆران بەکردار ویستی ئەم ناوچە نێوبراوانە بهێنێتە نێو قەڵەمڕەوی خۆی و تارادەیەکیش لەم لایەنەدا سەرکەوتوو بوو[١]. بەڵام دیارە لەبەر ئەوەی ڕاپەڕینی بۆتان کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتی دیاری لێکەوتەوە بە تایبەتی بە هۆی مەسەلەی ئاسووریەکانەوە[٢]، بۆیە ئەم ڕاپەڕینە بەرچاوترە و لە مێژوودا ناو و دەنگێکی زیاتری هەیە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە تێڕوانینی توێژەرێکی هاوچەرخ بکەم کە هەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕەتدەکاتەوە لەبەرئەوەی گوایا لەو ماوەیەدا ((جولانەوەیەکی سیاسی ڕێکخراو یان کۆمەڵەو پارتێکی سیاسی، ڕۆژنامە، گۆڤار، بزاڤێکی کولتوری لە تەواوی کوردستاندا بوونی نەبووە...)) هەروەها لەلای ئەم توێژەرە کە بەم شێوەیە لە دەلاقەی سەدەی بیستەمەوە سەیری نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەکات، ناسیۆنالیزمی کوردی لەو ماوە ناوبراوەدا تەنیا وا بەستەی میرە کوردەکان بوو (بەتایبەتیش ئاماژە بە میر بەدرخان دەکات) نەك هەموو خەڵکی کورد[٣].

بەڵام (عەبدولفەتاح بۆتانی) دەڵێ هەرچەندە هۆشیاری نەتەوەیی لە سەرەتا تەنیا لای بژاردە (واتە سەرکردەکان و دەوروبەریان) گەڵاڵەبوو، بەڵام ئەم

[١] لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دوو ڕاپەڕینە بڕوانە: جمال نبز، الامير الكردي مير محمد الرواندوزي الملقب بـ(میری کورە)، ت: فخري سلاحشور، ستۆکهولم ١٩٩٤، هەروەها: صلاح هروری، امارة بوتان في عهد الامير بدرخان ١٨٢١ – ١٨٤٧، دهوك ٢٠٠٠.
[٢] میر بەدرخان بە کوشتاری ئاسووریەکانی ژێردەسەڵاتی میرنشینەکەی تاوانبارکرا و ئەمەش نارەزاییەکی گشتی لە ئەوروپا لێکەوتەوە بە تایبەتی لای دەوڵەتە زلهێزەکان، لەم بارەیەوە بڕوانە صلاح هروری، م. س.، ص١١٠ وما بعدها.
[٣] بڕوانە: جەعفەر عەلی، س.پ.، ل١٤٨-١٥٠.

ڕاپەرینانەی ئەمانە بەرپایان کرد سۆز و پاڵپشتی هەموو کوردی بەدەست هێنا، لەبەر ئەوەی ئەم ڕاپەڕینانە ڕەنگدانەوەی کێشە و گیروگرفتەکانیان بوون[١]. هەروەها (خالفین)یش باس لەوە دەکات کە داوای یەزدانشیر بۆ ڕاپەڕین لە ساڵی ١٨٥٤ و ئەو دروشمەی بەرزی کردبۆوە بۆ دەسەڵاتی عوسمانی پاڵپشتی فراوانی لێکرا لە لایەن کوردەکانی هەکاری و بۆتان و ناوچەکانی تری کوردستان لە پاڵ ئاسووری و ئەرمەنەکانیش[٢].

بەم پێیە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوونە بەشێك لەو ڕاپەڕین و بزاڤە چەکداریانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم کە ئامانج و هیوای ڕزگاری نەتەوایەتییان هەڵگرتبوو وەك پێشتر بۆمان بە دیارکەوت[٣]، لە بزاڤی ڕزگاریخوازیشدا ئەم لایەنە جێگەی سەرنجە، چونکە لەوانەیە ئەم ئامانجانە تەنیا لە لایەن میر و سەرکردەکان بڕیاری لەسەر درابێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە خەڵکی ئاسایی بوونە کەرەستەی ئەم بزاڤە و هەوڵیان بۆدا با لە هەموو ڕەهەندەکانی ڕزگاری نەتەوەییش تێنەگەیشتبن. لە لایەکی تر ناتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە خەڵکی ئاسایی کورد هۆشی نەتەوەییان بە تەواوی نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەم خەڵکە ئامرازێکیان نەبووە جگە لە بەشداری کردن لەو بزاڤانە بۆ دەربڕینی ئەم هۆشیاری و ویستەیان. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەرکاتێك دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێ ئەم هەستەیان لە شێوەی ڕق و کینە بەرامبەر دەسەڵاتی بیانی[٤] پێشانداوە، بە

[١] بدايات الشعور القومي...، ص٥٠–٥١.

[٢] الصراع على كردستان، ص٧٩.

[٣] بۆ بەهێزتر کردنی ئەم ڕاستیە و زیاتر لێ تێگەیشتنی بڕوانە: محمود ملا عزت، دیپلۆماسێتی بزوتنەوەی کوردایەتی، سلێمانی ١٩٧٣، ل٦٣، ٦٥، ٦٨-٦٩.

[٤] مەبەست لە دەسەڵاتی بیانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێرانە.



تایبەتی لای گەریدە بیانیەکان کە هەندێ ڕووداوی لەم جۆرەیان بۆ تۆمار کردووین[١].

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بابەتە بێت دەبێ ئاوڕێك لەسەدەکانی شازدەو حەڤدەو هەژدەش بدەینەوە لەبەرئەوەی لەو سەردەمانەش وەکو زانراوە چەندین بزاڤی چەگداری لەکوردستانی مەزندا بەرپابوون، کەدەشێت هەندێکیان ناوی ڕاپەڕینی چەکدارییان لێبنرێت،وەك ڕاپەڕینی ئەمیر خانی برادۆست[٢] لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وڕاپەڕینی کوڕی جان پۆلا[٣] لەکوردستانی ڕۆژئاوا وڕاپەڕینەکانی میرەکانی بابان[٤] لەکوردستانی باشوور وچەندین ڕاپەڕینی تر لەناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان. هەرچەندە هەندێك لەوبزاڤەچەکداریانە دروشمی ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی بیانی ودامەزراندنی (یان بەرقەرارکردنی) قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆیان هەڵگرتبوو، وەك ڕاپەڕینی سەلیم پاشای بابانی ساڵی ١٧٤٩ لەدژی

[١] بۆ نموونە بڕوانە: كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠، ت: بهاء الدين نوري، ج١، بغداد ١٩٥١، ص ٥١: جيمس بيلي فريزر، رحلة فريزر الى بغداد في ١٨٣٤، ت: جعفر الخياط، ط١، بغداد ١٩٦٤، ص٢٠.

[٢] بۆ ئەم ڕاپەڕینە بڕوانە :اسكندر بيك منشئ،تاريخ عالم آراى عباسى،تصحيح:ميرزا محمود تاجركتابفروشى،تبريز ١٣١٤هـ،ص ٥٥٩-٥٧٣.

[٣] لەبارەی ئەم ڕاپەڕینە بگەڕێوە بۆ: محمد المحبي،خلاصة الاثر في اعيان القرن الحادي عشر، ج٢، بيروت، د.ت، ص٨٤–٨٧، هەروەها : سعدي عثمان، كوردستان والامبراطورية...، ص١٠٢–١٠٣.

[٤] لەبارەی ئەم ڕاپەڕینانە بڕوانە:حسين ناظم بيگ، تاريخ الامارة البابانية، ت: شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس، ط١، هەولێر، ٢٠٠١، هەروەها : سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية وايالتا بغداد و الموصل/ دراسة في العلاقات السياسية و الادارية والاقتصادية في القرنين ١٧ و ١٨، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الآداب / جامعة صلاح الدين – أربيل، ٢٠٠١، ص١٩٠–١٩٩.

دەسەلاتی عوسمانی[1] وهەولەکانی هەلۆخانی میری ئەردەلان بۆ پاریزگاری کردن لەدەسەلات وسەربەخۆیی میرنشینەکەی لەهەمبەر دەسەلات و دەستکاریەکانی دەولەتی سەفەوی.[2] بەلام دەتوانین بلێین زۆربەی ئەم بزاڤانە دەرەنجام وکاردانەوەی سیاسەتە چەوت وستەمکاریەکانی دەسەلاتدارانی بیانی بوون،هەندێ جاریش هۆکاری ئابووری وخراپی بارودۆخی بژێوی لەپاڵ هۆکاری دەرەکی دەبوونە هاندەری ئەم بزاڤانە. بێگومان نابێ فاکتەری سیاسی ـ دەرەبەگایەتیش لەیاد بکەین کەخۆی لەپارێزگاری کردن لەقەوارە سیاسییە خۆماڵیەکان و فراوانکردنی دەسەلاتیان دەدۆزیەوە.[3] هەروەها ئەم بزاڤـ وڕاپەڕینانە بەبەردەوامی مۆرکی هەرێمایەتی و ناوچەگەرێتییان پێوە دیاربوو،ئەوەتا (تۆمابووا)ئاماژە بەوە دەکات کە((هەموو ڕووداوە شۆڕشگێڕیەکانی کوردستان...)) لەم سەردەمەدا ((تەنیا مۆرکی خۆجێیەتییان هەبوو،بێ ئەوەی هەولی کاری هاوبەش بدرێ، چونکە چەندین میرنشین هەبوون کەبەهێزەکەیان جەنگی بەرپا دەکرد تەنیا بۆ پاراستنی دەسەلاتەکەی یان لەپێناو دابڕینی بەشێك لە خاکی میرنشینەکانی دەوروبەر کە لەو بێ هێز تربوون)).[4]

---

[1] لەبارەی ئەم ڕاپەڕینە و ئامانجەکانی بڕوانە: رسول حاوي الكركوكلي، دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء،ت:موسى كاظم نورس، بيروت، د.ت، ص١١٦، هەروەها: سعدي عثمان حسين، امارة بابان في النصف الاول من القرن الثامن عشر، اربيل ٢٠٠٠،ص٣٩–٦٧.

[2] أسكندر بيك منشئ،م.س، ج٣،ص٦٥٢–٦٥٣، ماهشەرەفخانم مەستوورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەلان،و: د.حسن جاف وشكور مستەفا، چ١، بەغدا ١٩٨٩، ل٤٢- ٤٥.

[3] لەبارەی هۆکارو پاڵنەری ئەم بزاڤەچەکداریانە بڕوانە: سعدي عثمان، كوردستان والامبراطورية...، ص٩٨– ١٠٢.

[4] لمحة عن الاكراد، ص١٤.



کەواتە واتێبینی دەکرێ کە پاڵنەر و ئامانجی نیشتیمانی ـ نەتەوایەتی لەم بزاڤانە زۆر لاواز بوون، یان هەر هەبوونیان نەبوو لە هەندێ باردا، ئەمەش لەبەر ئەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی بەواتا هاوچەرخەکەی لەو سەردەمانەدا لەجیهان بەگشتی[1] و لای کورد بەتایبەتی هێشتا گەلالە نەببوو.[2] بۆیە ڕاپەڕین وبزاڤەکانی ئەو ماوە مێژووییە (واتە سەدەکانی ١٦- ١٨) بەقۆناغی بەرەنگاربوونەوەی نارێکخراو لەقەڵەم دەدرێن، یان بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەمانە ڕەگوڕیشەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیان پێکدەهێنا کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا چەکەرەی کردو سەرەتاکانی بەدیار کەوت.

## قۆناغەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی

بە تاوتوێ کردنی ڕووداوە شۆڕشگێڕیەکانی کوردستان و قووڵبوونەوە لە سروشتی خەبات و ڕاپەڕینە کوردیەکان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی، تێبینی ئەوە دەکرێ کە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە ڕووی دیاردە و تایبەتمەندی و سیما گشتیەکانەوە بەسێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە کە ئەوانیش بەم شێوەی خوارەوەن:

### قۆناغی یەکەم:

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم دەست پێدەکات و تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ناوبراو بەردەوام دەبێت و گرنگترین بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی

---

[1] د.فاضل حسين و د. كاظم هاشم، م.س، ص٩٣، د.دڵێر شاوەیس، س.پ، ل٧-٨، جەعفەر عەلی، س. پ، ل٧٧.

[2] جلال الطالباني،م. س،ص٦٧، محمود ملا عزت، دیپلۆماسێتی...، ل٦.

ئەم قۆناغە بریتین لە ڕاپەڕینەکانی عەبدولرەحمان پاشای بابان و محەمەد پاشای میری سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان و ڕاپەڕینەکەی یەزدانشێر و لە کۆتاییشدا ڕاپەڕینی عوسمان پاشا و حوسێن کەنعان پاشای کوڕانی بەدرخان پاشای بۆتان لە ساڵی ١٨٧٨دا.

لە گرنگترین سیما و جیاکەرەوەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی ڕاپەڕین و بزاوتەکان بە ڕێژەیەکی زاڵ بە دەست میرەکان و وەچەکانیان بوو هەروەکو لە ناوەکانی سەرەوەدا تێبینی دەکرێت[1]. بۆیە سەرانی کورد لەو ماوەیەدا لە بزاڤەکەیان پشتیان بە قەوارە سیاسیە ـ دەرەبەگایەتیەکانیان دەبەست، واتە زەمینەیەکی ڕەخساویان هەبوو وە پشت ئەستوور بوون بە دەسەڵاتە بۆماوەییە دانپێدانراوەکانیان. بەمەش ئەرکەکانیان تا ڕادەیەك ئاسانتر بوو بە بەراوورد لەگەڵ قۆناغەکانی دواتر، چونکە تەنیا بریتی بوو لە فرەوانکردنی دەسەڵات و پاراستنی.

لە لایەکی تر لەگەڵ ئەوەی دەتوانرێ پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کە ئامانجی ئەم ڕاپەڕین و بزاڤانە ناوەرۆکی نەتەوەیی لە خۆگرتبوو کە بریتی بوو لە بەدەست هێنانی سەربەخۆیی زیاتر و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بیانی[2]،

---

[1] بۆ ڕاڤە کردنی بەدەستەوە گرتنی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕاپەڕینە کوردیەکانی ئەم قۆناغە لەلایەن ئەم توێژەوە، مەحمود مەلا عزەت دەڵێ: ((چونکە ئەو شوێن و هێز و توانایەی کە بتوانێ دەست بەو جۆرە ڕاپەڕینانە بکات هەر لە دەستی ئەو جۆرە پیاو و سەردارانەدا بووە))، دیپلۆماسێتی ی بزوتنەوەی کوردایەتی، ل٦٥.

[2] بۆ نموونە بڕوانە دەقی نامەی (ئەمیر نیزام)ی سەرداری باشووری ئازربایجانی ئێرانی بۆ باڵیۆزی ئینگلیز لە تاران لە ساڵی ١٨٣٢دا، لە: محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەلان ـ بابان ـ سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٧٩٩ — ١٨٤٧) هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٥٥-١٥٦، هەروەها، کلودیوس جیمس ریج، م. س، ج١، ص٤٠. بلەج شێرکۆ، س.پ. ل ٤١-٤٢، ٤٤.جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، و: د. کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٧، ل١٤٧، ٢٢٣.



بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم ئامانجە وەکو دروشم دەرنەبڕابوو[1]. ئەمەش وای کردووە هەست بەوە بکرێت کە ڕاپەڕیوەکان و تەنانەت ڕێبەرەکانیش لە زۆربەی بارەکاندا خاوەن تێڕوانینێکی دیاریکراو نەبوون سەبارەت بە باری دوای ڕاپەڕینەکە. هەر بە هەمان شێوە بزاڤ و ڕاپەڕینەکان خاوەن بەرنامەیەکی تۆکمە و دیارکراو نەبوون. هەروەها نەبوونی ڕێکخستن و ڕیزبەندی کاریگەر لە نێو هێزەکانی ڕاپەڕین لە گیروگرفتەکان دەژمێردران. ئەمانەش لەبەر ئەوەی سەرکردەکان کە تەوەرەی ئەم بزاڤانە بوون زۆربەیان لە شارەزایی سیاسی و سەربازیدا ئاستێکی بەرزیان نەبوو[2].

ئەوەتا محەمەد پاشای سۆران هێشتا کێشەکەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی یەکلانەکردبۆوە کە هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەولەتی قاجاریشی لەخۆی کردە دوژمن[3]. هەروەها یەزدانشێر دوای ئەوەی ڕاپەڕینەکەی لە ساڵی ١٨٥٥دا گەیشتە ئەوپەڕی پەرەسەندن، بەهۆی ساویلکەیی بە پێی خۆی چووە ئەستامبوڵ بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام لەوێ دەستگیرکرا[4]. خۆ دواتر کوڕانی بەدرخان (عوسمان و حوسێن کەنعان پاشا) سوودیان لەم ئەزموونەی یەزدانشێر وەرنەگرت و ئەوانیش بەهەمان شێوە هەر لە ڕێگای دانووساندن و گفتوگۆوە کەوتنە دوای بەرپرسانی عوسمانییەوە[5].

---

[1] مەبەست ئەوەیە کە بەڵگەی بەرجەستە و ئاشکرامان بەدەستەوە نیە دڵنیامان بکات لەوەی ڕاپەرینەکان ئەم نیاز و ئامانجەیان ڕاشکاوانە ڕاگەیاندبێ، لەم بارەیەوە بڕوانە: **سعدي عثمان، كوردستان والامبراطورية...، ص١٣٣.**

[2] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەی دەرەبەگیانەی کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. کاوس قەفتان، س.پ.، ل٣٧-٣٨، ٥٢-٥٣.

[3] لەم بارەیەوە بڕوانە دەقی ئەو نامانەی لەنێوان بەرپرسانی قاجاری و عوسمانی و دیپلۆماتکارانی ئینگلیز ئاڵوگۆڕکراون، لە: محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەلان...، ل١٥١-١٦٢، هەروەها: عبدالعزيز سليمان نوار، م.س.، ص١٠٤-١٠٧.

[4] واسیلی نیکیتین، س.پ، ل٥٦٤: ژیدارد چالیاند، س.پ.، ل٩٠.

[5] بڕوانە: بلەج شێرکو، س.پ.، ل٤٥.

لەو سەردەمەدا لە کوردستان ئەگەرچی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لە بەرهەمهێناندا لە نەشونماکردن دابوو، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتیەوە هێشتا زەمینە و پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی زاڵ بوو، بە واتای ئەمە قۆناغی گواستنەوە لە نێوان ئەم دوو رژێمەدا لەم وڵاتەدا ماوەیەکی درێژی کێشا[1]. ئەمەش تارادەیەکی زۆر بەرپرس بوو لەبیر تەسکی سەرانی کورد و نزمی ئاستی هۆشیاری سیاسی و دیبلۆماسییان. هەر لە ئەنجامی ئەمەدا سنووری بیرکردنەوە و زانیاری زۆربەی سەرکردەکانی کوردی ئەم قۆناغە نەگەیشتە رادەی تێگەیشتن لە بارودۆخی نێودەوڵەتی و رۆڵی وڵاتانی زلهێزی ئەورووپی لە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا. لە کاتێکدا ئەم زلهێزانە زۆر جار رۆڵی دوژمنکارانەیان هەبوو لە هەمبەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا. بەتایبەتی لە راپەرینی میری سۆراندا کە دیپلۆماتکارانی بەریتانی لە ناوچەکە — لە نێوانیاندا (ئیلیس)ی بالیۆزی بەریتانیا لە تاران و (ریتشارد وود)ی کونسوڵی بەریتانیا لە حەلەب — لە هەوڵی ئەوەدا بوون هاوئاهەنگییەك لە نێوان هێزەکانی عوسمانی و قاجاریدا دروست بکەن بۆ لێدانی ئەو میرە کوردە تا بکەوێتە نێوان هەردوو سەری ماشەکەوە[2]. هەروەها دەسەڵاتدارانی روسیا چەك و کەرەستەی جەنگیان دایە (ئەمیر نیزام)ی سەرداری باشووری ئازەربایجانی ئێرانی، کاتێ داوای لێ کردن یارمەتی بدەن بۆ شەڕی میری سۆران[3].

---

[1] د. دلێر شاوەیس، س.پ.، ل١٣، ١٧.

[2] بڕوانە دەقی نامەی وەزیری موختاری ئینگلیز بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە ساڵی ١٢٥٠ك / ١٨٣٤ز لە: محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەلان...، ل١٥٧-١٥٨. هەروەها بڕوانە بەڵگەنامە روسییەکان لەم بارەیەوە لە هەردوو سەرچاوەی: خالفین، م.س.، ص٥٣: جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی...، ل١٨٢.

[3] جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی...، ل١٨١. شایانی باسکردنە سەرەڕای ئەم هەوڵانەی لەسەرەوەدا باسکرا، بەهۆی نارازیبوونی عوسمانیەکان رۆڵی لایەنی ئێرانی لە



بە هەمان شێوە بەدرخان پاشای میری بۆتانیش کە بەرەشەکوژی کریستیانەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی تاوانبار کرا، بووە ئامانجی سیاسەتی دوژمنکارانەی بەریتانیا و فەرەنسا. کە هانی دەسەڵاتدارانی عوسمانییان دا پەلە بکەن لەسەرکوتکردنی ئەم میرە کوردەو یارمەتیشیان بۆ ئەم مەبەستە پێشاندا[1]. بێگومان مەسەلەیەکی ئاشکرایە کە ئەم هەڵوێستەی ئەو دوو وڵاتە زلهێزە لەبەر چاوە رەشەکانی کریستیانەکان نەبوو، بەڵکو بەرژەوەندی ئەوان وای دەخواست کەقەوارەیەکی بەهێزی کوردی لەناو دەولەتی عوسمانیدا پەیدا نەبێت کەبەهەمان شێوەی دەسەڵاتەکەی (محەمەد عەلی پاشا)ی سەرداری میسر وشام لەهێز وتوانای ئیمبراتۆریەتی عوسمانی کەم دەکاتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی روسیای رکەبەری سەرسەختی بەریتانیا وفەرەنسا لەناوچەکەدا.

لەم بوارەدا شایانی باسکردنە هەندێ لە میر و سەرانی کورد تا رادەیەك ئاگایان لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ئەو سەردەمە هەبوو، وەك (مەحمودپاشای بابان) کە هاوچەرخی گەشتی (ریچ) بوو بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٨٢٠دا[2]. بەڵام دیارە نە ئەو میرە کوردە لەو ئاستەدا بووە و نە هەڵومەرجە نێودەوڵەتیەکەش بەو شێوەیە بووە لە بەرژەوەندی بزاڤی کوردی بەکار بهێنرێت. هەروەها (یەزدانشێر)یش پاڵپشتی وڵاتە زلهێزەکانی بە هەند هەڵگرتووە بۆ سەرخستنی

---

=سەرکوتکردنی راپەڕینەکەی میری سۆران، لە وەرگرتنی باری ئامادە باشی لەسەر سنووری خۆیان تێپەری نەکرد. بڕوانە: عبدالقادر کوڕی رۆستەمی بابان، رەوشی کوردان/ مێژووی کوردستان، و: کەریمی حێسامی، چ١، سوید ١٩٩١، ل١٤٤، هەروەها بڕوانە دەقی نامەی باڵیۆزی ئینگلیز لە ئێران بۆ (ئەمیر نیزام)ی سەرداری باشووری ئازەربایجانی ئێران لە بەرواری ئەیلولی ١٨٣٢ز دا لە: محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەلان...، ل١٥٤-١٥٥.

[1] بڕوانە: بلەج شێرکۆ، س.پ، ل٤٠-٤١: هەروەها د. کاوس قەفتان، س.پ، ل٧٠ ودواتر.

[2] رحلة ریج...، ج١، ص٦٨-٧٠.

ڕاپەڕینەکەی وە هەوڵی داوە پەیوەندی بە روسیای دوژمنی دەوڵەتی عوسمانیەوە بکات، بەڵام هەوڵەکەی لە کات و ساتی خۆیدا نەبوو[1].

لە تایبەتمەندیەکانی تری ئەم قۆناغە ئەوەیە کە هەرچەندە ئەم بزاڤ و ڕاپەڕینانە بە پشتگیری میللی فراوان دەورەدرابوون. بە تایبەتی لە لایەن جووتیارەکان کە زۆرینەی زاڵی کۆمەڵگای کوردەواریان پێکدەهێنا[2]، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم پاڵپشتیە تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی کەسی سەرکردەکە بوو، وە ئەگەرچی زۆر جار هۆکارەکانی ڕاپەڕین لە کوردستاندا ئارادابوو بەڵام ئەم هۆکارانە ڕاپەڕینیان بەرپا نەدەکرد تا سەرکردەیەك بڕیاری وەرگرتنی ئەم هەڵوێستەی نەدابا[3]. بە واتایەکی تر هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکان پەیوەست بوو بە هەڵوێست و دەست پێشخەری کەسێتیە دیارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری[4]. ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕۆڵی پاڵەوان لە مێژووی[5] کورددا بە گشتی و ئەو سەردەمە بە تایبەتی زۆر زەق و دیاربوو. سەرکردەش کە میر یا دەرەبەگێکی تاکڕەو بوو لە دەسەڵاتدا، هەرگیز بواری سەرکردایەتی بەکۆمەڵی نەدەدا. هەرئەمەش زۆرجار بە خراپ دەشکایەوە سەرچارەنووسی ڕاپەڕینەکە، بە جۆرێك کە تەنیا بە نەمانی سەرکردە یان خۆبەدەستەوەدانی یان دەرکردنی بڕیاری وەستاندن لەلایەن ئەوسەرکردەیە

(1) بڕوانە خالفین، م.س، ص٨٠-٨١، ژیرارد چالیاند، س.پ، ل٩٠.

(2) لە بارەی کۆمەڵگای کوردەواری بڕوانە: **هادي رشيد الجاوشلي، الحياة الاجتماعية في كردستان، بغداد ١٩٧٠.**

(3) بڕوانە هەڵومەرجی بەرپابوونی ڕاپەڕینی یەزدانشێر و بزووتنەکەی عوسمان پاشا و حوسێن کەنعان پاشا لە: خالفین، م.س، ص٧٧-٧٩، ١١١-١١٧.

(4) محمود ملا عزت، دیپلۆماسێتی...، ل٦٥.

(5) ڕۆڵی پاڵەوان لە مێژوودا لەلایەن ئاراستەیەکی بەرچاوی فەلسەفەی مێژوو گرنگی پێدەدرێت، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: **د. هاشم يحيى الملاح واخرون، دراسات في فلسفة التاريخ، جامعة الموصل ١٩٨٨، ص١١٨ –١٢١.**



ڕاپەڕینەکە دەپووکایەوە و لەناودەچوو، هەروەکو ڕاپەڕینی میر محەمەدی سۆران کە بە گوتەی هەندێ سەرچاوە[1] نزیکەی (٥٠) هەزار جەنگاوەری هەبوو کەچی بەخۆبەدەستەوەدانی میری ناوبراو ئەم هەموو گوڕوتینە بایەخی نەما و کۆتایی هات[2]. هەروەها (یەزدانشێر)یش ئەگەرچی گوایا لە ساڵی ١٨٥٥ (١٠٠) هەزار ڕاپەڕیوی لە پشت بوو بەڵام کاتێ دەستگیر کرا هەموو هێزەکانی پەرتەوازە بوون و بڵاوەیان لێکرد[3].

هەروەها دەتوانین بڵێین سەرانی ئەم بزاڤە لەم قۆناغەدا هەرچەندە ئامانجی نەتەوایەتی و نیشتیمانییان بەرزکردبۆوە بەڵام لە ژێرەوەی ئەم ئامانجانە زۆربەی کات بەرژەوەندی دەرەبەگایەتی و پاڵنەر و سوودی تاکەکەسیش خۆی حەشاردابوو. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم سەرکردانە زادەی زەمینەی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگای کوردەواری بوون. بۆ نموونە محەمەد پاشای میری سۆران کە هەوڵیدەدا میرنشین و دەڤەرە کوردیەکانی دەوروبەری خۆی یەکبخات و قەوارەیەکی کوردی مەزن پێکبهێنێت، ئەمە ڕاستەوخۆ ئەوەی دەگەیاند کە دەسەڵاتی ئەو میرە و سنووری میرنشینەکەی فراوان بێت، بۆیە دەیگوت : ((ئەو حکومەتانەی لەدەست دەرەبەگی کوردستانی دان، خودا تۆفیقم بدات زەبت و

(1) جیمس بیلی فریزر، م.س، ص١٢، عەلائەدین سەجادی، شۆرشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، بەغدا ١٩٥٩، ل٦٥. بە پێی سەرچاوەیەکی تر کە بە زمانی فارسی لە ساڵی ١٨٧١ز دا دانراوە: میری ناوبراو شەست هەزار چەکداری ڕێکخراوی لە ژێر فەرمان دابوو. عبدالقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان، س.پ، ل١٤٣.

(2) لەبارەی خۆ بەدەستەوە دانەکەو بۆچوونە جیاوازەکان لەم بارەیەوە بڕوانە: **سعدي عثمان، كوردستان و الامبراطورية...، ص١٤٠–١٤٢.**

(3) خالفین، م.س، ص٨٠، ژیرارد چالیاند، س.پ.، ل٩٠، بێگومان (١٠٠) هەزار چەکدار بۆ ڕاپەڕینێکی کوردی لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی خەیاڵیە، بەڵام بەلایەنی کەم ئاماژەیە بۆ زۆری ژمارەی بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە.

تەسخیریان دەکەم))[1]. هەروەها (یەزدانشێر) تا بەرژەوەندی و دەسەڵاتەکەی نەکەوتە بەرمەترسی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە شێوازی ڕاپەڕین و بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی هەڵنەبژارد[2]. هەر بەهەمان شێوە کورانی بەدرخانیش کاتێ لە ساڵی ١٨٧٨ لە ڕووی دەسەڵاتی عوسمانیدا ڕاپەڕین، لەپاڵ ئامانجە نەتەوەییەکان بۆیان دەکرا دەسەڵاتە بۆماوەییەکی بنەماڵەکەشیان زیندوو بکەنەوە کە بریتی بوو لە میرنشینی (بۆتان). هەربۆیەش لە ناوچەکانی بۆتانەوە دەستیان پێکرد[3].

بەڵام خۆ ئەو بەرژەوەندی خواستنە هەر لەو چوارچێوەیەدا نەمایەوە بەڵکو هەندێ جار دەگەیشتە ئاستی خۆپەرستی لای ئەو سەرۆکە کوردانە بە تایبەتی لەکاتی شکست هێنان و کە ژیانیان دەکەوتە بەرمەترسی. دیارترین نمونەش لەم بارەیەوە عەبدولرەحمان پاشای بابان بوو، کە دوای ئەوەی لەشەڕی (کفری) ساڵی ١٨١٢دا سەرنەکەوت، خۆی دەربازکرد و جەنگاوەرانی کوردیشی لەژێر بەزەیی دوژمن بەجێهێشت، ئەوانیش چەندین منارەیان لە کەللەسەری کوژراوانی کورد دروست کرد، هەروەکو مێژوو نووسێکی هاوچەرخی ڕووداوەکە بۆمان دەگێڕێتەوە[4].

[1] مەلا ئەسعەد خەیلانی، تەئریخی سۆران (دەستنووس)، بە وەرگرتن لە: جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی..، ل٣٦.
[2] بڕوانە: خالفین، م.س، ص٧٩.
[3] بلەج شێرکۆ، س.پ، ل٤٤.
[4] عثمان بن سند الوائلي البصري، مطالع السعود بطيب اخبار الوالي داود/ تاريخ العراق من سنة ١١٨٨ الى سنة ١٢٤٢ هـ (١٧٧٤–١٨٢٦م)، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف و سهيلة عبدالمجيد القيسي، الموصل ١٩٩١، ص٢٧٧، هەروەها بڕوانە: محمدأمين زكى، =تاريخى وولآتی سلێمانی، بەغدا ١٩٣٩، ل١٢٤-١٢٥. شایانی باسە (حسين ناظم بیگ) ڕووداوەکە بەشێوەیەك باس دەکات کە ئەم کەم و کووڕییەی ئەو میرە لاببات. بڕوانە: تاريخ الاماره البابانيه،ص٢٧٨.



لە لایەکی تر لەبەر ئەوەی ڕاپەڕین و بزاڤە کوردیەکانی پێش سەدەی نۆزدە مۆرکی هەرێمایەتی و ناوچەگەرێتییان پێوە دیاربوو، کە لە ئەنجامدا ڕاپەڕینی پچر پچر لە ڕووی کات و شوێن لە کوردستاندا بەرپابوو[1]، وە ئەمەش بووە هۆی بەفیڕۆچوونی توانا نیشتیمانیەکان لە کاری سنوور تەسك. بۆیە لەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازیدا هەست بەم کەم و کووڕییەکرا و هەوڵی چارەسەر کردنی درا. ئەوەبوو محەمەد پاشای سۆران هەوڵیدا بەشێکی فراوانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا یەك بخات و قەوارەیەکی کوردی بەرفراوان پێکبهێنێت و بەمەش بۆ یەکەم جار لەم قۆناغەدا سنووری ناوچە گەرێتی بەزاند، وە توانی هەموو میرنشینی بادینان و ناوچەکانی کوردە ئێزیدیەکان و بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەندێ ناوچەی بابان بە سۆرانەوە بلکێنێ[2]. هەروەها بەدرخانیش ویستی لە ڕێگای ئەو هاوپەیمانێتییەی کە ناوی لێنرا (پەیمانی پیرۆز) هەوڵ و تواناکانی ناوچە کوردیە جیاجیاکان یەکبخات وتوانی چەندین سەرکردەی کورد بهێنێتە نێو ئەو پەیمانە کە بۆ ڕزگاری کوردستان پێکهێنرابوو[3]. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش ئەم هەوڵانە بەئاکام نەگەیشتن و نەبوونە هۆی بەرپابوونی شۆرشی سەرتاسەری لە کوردستاندا.

[1] سعدي عثمان، كوردستان الجنوبية...، ص١٨٧، محمود ملا عزت، دیپلۆماسێتی...، ل٦.
[2] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: دەقی نامەی (ئەمیر نیزام) بۆ باڵیۆزی ئینگلیز لە تاران لە بەرواری ١٢٤٨ك/ ١٨٣٢ز، لە: محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەدەلان...، ل١٥٥-١٥٦. حسین حزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، چ٢، هەولێر ١٩٦٢، ل٥٤ ودواتر.
[3] بلەج شێرکۆ، س.پ، ل٣٨-٣٩: صلاح هروری، امارة بۆتان...، ص٧٤-٧٦.

## قۆناغی دووەم

ئەم قۆناغە لە ڕاپەڕینی شێخ عوبێدوڵلای ساڵی (١٨٨٠)وە دەست پێ دەکات و تا سییەکانی سەدەی بیستەم دەخایەنێت. ئەو بزاڤ و ڕاپەڕینانەی ئەم قۆناغە لەخۆی دەگرێت گرنگترین و دیارترینیان ئەمانەن: ڕاپەڕینی شێخی ناوبراو، ئیبراهیم پاشای میللی (١٩٠٩)، شێخ عەبدولسەلام بارزانی (١٩٠٩-١٩١٤)، ڕاپەڕینی بەدلیس بە سەرکردایەتی مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین (ساڵانی ١٩١٣-١٩١٤)، ڕاپەڕینی سمکۆ (١٩١٩-١٩٣٠)، شێخ مەحمودی حەفید (١٩١٩-١٩٣٢)، شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، شێخ ئەحمەدی بارزان (١٩٣٢). بەڵام ڕاپەڕینی ئاگری داغ (١٩٢٧-١٩٣٠) ئەگەر چی لە ڕووی کات و سەردەم لەم قۆناغەدایە، بەڵام لە ڕووی کرۆك وتایبەتمەندیەکان لە قۆناغی دواتر دەژمێردرێت.

لە گرنگترین جیاکاریەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە ئەستۆی کەسایەتیە ئاینیەکان و سەرانی هۆزەکاندایە، ئەوەتا لە تێبینی کردنی ناوی ئەو کەسانەی سەرەوە کە لەو ماوەیەدا ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینەکانیان کردووە بەدیاردەکەوێت کە ئەمانە زۆربەیان خاوەن دەسەڵاتەگیانیەکان (ڕۆحی) وشێخانی تەریقەتە سۆفیگەرەکانن، ئەوانی تریش سەرۆکی هۆزن، هەندێکیشیان هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و هۆزایەتیان هەبووە بەیەکەوە، وەك شێخ ئەحمەدی بارزان کە لە یەك کاتدا شێخێکی تەریقەتی نەقشبەندی بوو لە ناوچەکە و هەروەها سەرۆکی هۆزەکانی بارزانیش بوو[1]. شێخ عوبێدوڵلای نەهری کە یەکەم سەرکردەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردییە لە دوای

(1) لە بارەی بنەماڵەی بارزان و دەسەڵاتیان بڕوانە: دبلیو. أی. ویگرام و ادگار. تی. أی. ویگرام، مهد البشرية/ الحياة في شرق كردستان، ت: جرجيس فتح الله، بغداد ١٩٧٢، ص١٣٠ ومابعدها، فاسيل نيكيتين، العائلة البارزانية، ت: د. كاوس قفطان، مجلة (شمس كردستان)، ع(٥) س(٢) بغداد، آب ١٩٧٣.



میرەکان، ڕاپەڕینەکەی بە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێك و دیارترین نموونەی ئەم قۆناغە دادەنرێت، لەبەر ئەوەی یەکەم جار بوو شێخێکی کورد ڕێبەرایەتی ئەم بزاڤە بکات، بەڵام نموونەی تری زۆری بە دواداهات، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین کە شێخی ناوبراو ئەو ڕێچکەیەی لە کوردستان دانا کە دەسەڵاتی ئاینی و ڕامیاری تێکەڵ بەیەك بکرێن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نیشتیمانیەکانی کورد.

لەم قۆناغەدا سەرکردەکانی بزاڤەکە پشتیان بە قەوارە و دەسەڵاتە ڕامیارییە بۆماوەییەکانی خۆیان نەبەست وەك ئەوانەی قۆناغی پێشوو، بەڵکو دەسەڵاتی ئاینی و پێگەی هۆزایەتی خۆیان لە کۆمەڵگادا قۆستەوە و کردیانە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنان وپیادەکردنی دەسەڵاتی ڕامیاری وڕێبەرایەتی کردنی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی کورد. لێرەشدا سوودیان لەم بۆشاییە ڕامیارییە بینی کە بە نەمانی میرنشینەکان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پەیدا بوو[1]. هەر لەبەر ئەو زەمینەیەی کە سەرکردەکان تیایدا سەریانهەڵدا سەرۆکایەتی بزاڤەکە لەم قۆناغەشدا بە تاکڕەوی دەناسرا.

هەروەها لەم قۆناغەدا بەهۆی زیاتر خەملانی هۆشیاری نەتەوایەتی[2] بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی گەیشتە ئاستێکی پەرەسەندووتر لە پێگەیشتن، بەجۆرێك لەم ماوەیەدا ئاڵای سەربەخۆیی بە ئاشکرا هەڵکرا و دروشمی ڕزگاری کوردستان ڕاشکاوانە گوزارشی لێدەکرا. لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە چەندین سەرچاوەی

(1) ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، ل١٦و دواتر، لە بارەی پەیدابوونی ڕێبەرانی ئاینی و هۆزایەتی لە کوردستاندا، بڕوانە: عبدالرؤوف سنو، النزعات الكيانية الاسلامية في الدولة العثمانية ١٨٧٧ -١٨٨١، بلاد الشام، الحجاز، كردستان، البانيا، بيروت ١٩٩٩، ص١٢١-١٢٨، هەروەها: د. ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ٢، کوردستان ٢٠٠٠.

(2) لەم بارەیەوە بڕوانە: جەعفەر عەلی، س.پ، ل١٦٠-١٦٨: د.دلێر شاوەیس، س.پ، ل١٤-١٥.

مێژوویی و بەڵگەنامەی ڕەسمی بکەین کە ئەم لایەنە دەسەلمێنن، ئەوەتا شێخ عوبێدوللا خۆی لە نامەیەکدا بۆ دکتۆر کۆهران (کە مژدەدەرێکی ئەمریکی بوو لە ناوچەکەدا) لە بەرواری (٥)ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠، بێ پێچ و پەنا ڕادەگەیەنێ کە: ((گوتەی سەرۆکەکانی کوردستان بەهەردوو بەشی عوسمانی و ئێرانیەوە لەگەڵ هەموو دانیشتوانی کورد یەکیگرتووە و بڕیاریان داوە کە چیتر ناتوانن لەگەڵ ئەم دوو حکومەتە ژیان بەسەر ببەن))[1]. هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیش دا هاتووە کە شێخ و سەرۆك خێڵەکانی کوردستان ((دەخوازن کوردستان لەسەر بنچینەیەکی یەکگرتوو وە سەربەخۆ دابمەزرێنن))[2].

هەروەها لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانیش ئەگەرچی ڕژێمی تورکیای کەمالی لەپڕوپاگەندەکانی هەوڵیدا ڕواڵەتی ئیسلامچێتی و کۆنەپەرستی بکاتە بەر ڕێبەرانی ئەم شۆڕشە، بەڵام دواتر لەدادگایی کردنیاندا ڕاشکاوانە تاوانی ((دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی))یان دراوەتە پاڵ[3]. ئەوەتا شێخ مەحمودی حەفیدیش لە نامەیەکیدا بۆ نوێنەری بالای بەریتانیا لە بەغدا کەلە (١٧)ی ئەیلولی ١٩٣٠ دا ناردوویەتی ڕاشکاوانە دەڵێ: ((بەنێوی ئەو میللەتە ئارییە

[1] بڕوانە دەقی نامەکە لەگەڵ دوو نامەی تری ناوبراو لە: د. احمد عثمان ابوبكر، نصوص ثلاث رسائل...، ص٥-٧.

[2] بڕوانە دەقی نامەی (مستەر تۆمسن)ی باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران بۆ وەزیری دەرەوەی وولاتەکەی (ئێرل گرانڤیل) کە لە بەرواری (٣٠)ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٠ ناردوویەتی، لە: جمال میرزا عەزیز (وەرگێران)، لە تاریکی یەوە بۆ ڕووناکی/ بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠، چ١، سلێمانی ١٩٩٩، ل٢٧.

[3] بڕوانە بەشێك لە دەقەکانی فایلی دادگاییکردنی شێخ سەعید و هاوڕێکانی لە: بلەج شێرکۆ، س.پ، ل٨١-٨٤، هەروەها بڕوانە: د.كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا/ دراسة تحليلية، رابطة كاوا، بيروت ٢٠٠١ الفصل الرابع، ص٧٥-١٢٣، ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، ل٢٤٨-٢٦٠.



هەموو کوردەکان داواتان لێدەکەین کە ڕزگاربکرێن و لە عەرەب جوێیان بکەنەوە...))[1].

شایانی باسکردنە هەندێك لەو ڕاپەڕینانە بە تایبەتی ئەوەی شێخ عوبێدوللای نەهری هەوڵی یەکخستنی هەردوو بەشی ئەو سەردەمەی کوردستانی (واتە بەشی عوسمانی و قاجاری) دەدا و بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی تێدەکۆشا کە هەموو کوردستانی مەزن بگرێتەوە. لەم بارەیەوە ئاماژە بە پوختەی ئەو نامەیە دەدەین کە شێخی ناوبراو لە (١٥)ی ئەیلولی ١٨٨٠ بۆ (ئیقبال ئەلدەولە)ی سەرداری قاجاری لە ورمێ ناردووە، کە تیایدا هاتووە: ((ڕای کوردەکانی تورکیا و ئێران لەسەر یەکێتی و پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکگرتوو جێگیربووە))[2] هەروەها لە بەڵگەنامە ڕووسیەکانیش ئەمە دووپات کراوەتەوە[3]. تەنانەت بەڵگەنامە فەرەنسیەکانی ساڵی ١٩١٩ دەریدەخەن کە لە سەردەمی هەردوو ڕاپەڕینی شێخ مەحمود و سمکۆشدا هەوڵدراوە هامئاهەنگیەك لە نێوان ئەم دوو ڕێبەرەدا بێتە ئاراوە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی یەکگرتووی کوردی[4]. ئەوەتا لە یەکێك لەو بەڵگەنامانە لەسەر زاری (ویلسن)ی نوێنەری بالای بەریتانیا لە بەغدا داهاتووە: ((کەوا کوردەکان دەیانەوێ یەکێتی کوردەکانی فارس و تورکی بەدەست بهێنن بۆ دروستکردنی دەولەتێکی سەربەخۆ))[5].

[1] F.O.٣٧١/١٤٥٢٣. بە وەرگرتن لە: وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية/ دراسة تاريخية وثائقية، لندن ١٩٩١، ص٢٩٩.

[2] د. احمد عثمان ابوبكر، نصوص ثلاث رسائل...، ص٦.

[3] بڕوانە: خالفین، م.س، ص١٣٢-١٣٣.

[4] بڕوانە دەقی تەلگرامی کۆنسولی فەرەنسا لە بەغدا بۆ وەزیری هەندەرانی وولاتەکەی بە ژمارە (٢١٢) و بەرواری (٤)ی نیسانی ١٩١٩ لە: نەجاتی عەبدوللا، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسۆلی فرەنسی لە بەغدا ساڵی ١٩١٩، ب ا، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٢٠.

[5] تەلگرامێکی تری هەمان کونسۆلی ناوبراو لە بەرواری (٢٦)ی ئایاری ١٩١٩، لە: هەمان سەرچاوە، ل٦١.

هەر لەم قۆناغەدا سەرکردە و ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی تارادەیەك ئاگاداری هەڵومەرجی نێودەوڵەتی بوون و لە بایەخی هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکان و پاڵپشتیان بۆ ڕاپەڕینەکوردیەکان تێگەیشتن. بۆیە لە هەموو ڕاپەڕین و بزاڤەکانی ئەم قۆناغەدا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم پاڵپشتیە درا، لە پێش هەموویاندا شێخ عوبێدوڵلا کە لە هەوڵی بێ وچاندابوو بۆ ئەوەی دەنگی بگەیەنێتە نێوەندە دەولیەکان و ڕووی ڕاستەقینەی کێشەی میللەتەکەی بۆیان ساغ بکاتەوە[1] شایانی باسە لەم پێناوەدا شێخ ئەگەرچی ئامادەبوو پاڵبداتە ڕووسیاش بەڵام دیارە زیاتر بە تەنگ بەدەستهێنانی یارمەتی بەریتانیا بوو، ئەوەتا لەو چاوپێکەوتنەی کە (ئاپوت)ی کۆنسوڵی ئینگلیز لە تەوریز لەساڵی ١٨٨٠ لەگەڵیدا ئەنجامیدا شێخ ڕایگەیاند کە ئەو زۆر پێویستی بە پاڵپشتی واتایی بەریتانیا هەیە بۆ کارەکەی[2].

هەروەها شێخ عەبدولسەلام بارزانیش پەیوەندی بە نوێنەرانی هەردوو دەولەتی بەریتانیا[3] و ڕووسیا کرد لە ناوچەکەدا، تەنانەت دوای هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەکەشێخی بارزان خۆی چوو بۆ ڕوسیا بە مەبەستی دابینکردنی یارمەتی

[1] لە بارەی ئەم هەوڵانە بڕوانە: د. احمد عثمان ابوبكر، نصوص ثلاث رسائل...، هەروەها دەقی چەند بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە: جەمال میرزا عەزیز، س.پ، ل٦٨-٧٠، ٨٠-٨٦.

[2] ازاد گرمیانی، لقاء تاريخي فريد مع الشيخ عبيد الله/ قائد انتفاضة كردستان ١٨٨١، مجلة (ئالاي ئيسلام) ع (٢، ٣) س (٩) نوڤمبر ١٩٩٥، ص٥٦-٥٩ (والمقال عبارة عن نص مترجم للوثيقة البريطانية التالية: F.O. ٦٠ \٤٤١,١\١٠\١٨٨١, Tabriz, no.٢٣

[3] بڕوانە دەقی ئەو بروسکە شیفرەکراوەی لە ویلایەتی موسلەوە نێردراوە بۆ وەزارەتی ناوەخۆی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرواری (١٧)ی ئەیلولی ١٣٢٥ی ڕۆمی/ سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ز کە تایبەتە بەو گەشتەی جێگری کۆنسولی بەریتانی لە موسڵ ئەنجامیدا لە ناوچەکەدا، لە:

Osmanli Arsiv Daire Baskanligi، Musul-Kerkuk ile ilgili Arsiv Balgeleri (١٥٢٥-١٩١٩), Ankara ١٩٩٣, S.٣١٣-٣١٤.



ئەم دەولەتە بۆ زامنکردنی مافەکانی کورد[1]. هەربەهەمان شێوە سمکۆی شکاکی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، چەندین جار لە ڕێگەی نامە و نێردراودا نیازی خۆی پێشانداوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانی لە ناوچەکەدا، لە پێناو پاڵپشتیکردنی ئەم دەوڵەتە زلهێزە لە بزاڤەکەی[2]. شایانی تێڕامانە ئەو ڕێبەرە کوردە لە پێناو ((بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی کورد))، تەنانەت ئامادەبوو ((خۆی بخاتە ژێر چەتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە)) وەك لە بەڵگەنامەیەکی فەرەنسیدا بە دیاردەکەوێ[3]. هەر لەم بارەیەوە جێگەی سەرنجە کە عەبدولرەزاق بەدرخان ـ کە یەکێك بوو لە کەسایەتیە دیار و نیشتیمانپەروەرانی کورد ـ هەوڵی دابینکردنی دۆستایەتی ڕوسیا و داکۆکی کردنی لە مافەکانی کورد، کردبووە ڕێبازێك لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەم قۆناغەدا[4]. سەرەڕای هەموو ئەمانەش بەگشتی دەکرێ بگوترێ کە ئەم وڵاتە زلهێزانە لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی نەگەتیڤانەیان هەبوو لەهەمبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا.

[1] فاسیل نیکیتین، العائله البارزانیه...، ص١٢.

[2] ازاد گرمیانی، مصطفى پاشا یاملكي في لقاء تاريخي مع سمكو، مجلة (ئالای ئیسلام) ع (٢) س(١) تموز ١٩٩٦، ص٤٤–٥١ (والمقال عبارة عن نص مترجم للوثيقة البريطانية التالية:
F. O. ٣٧١\٧٧٨١, ١٢\١٢١٩٢١
هەروەها بڕوانە دەقی ئەو نامەیەی کە سمکۆ لە ڕێگەی بابەکراغای پشدەری بۆ بەرپرسانی بەریتانی ناردووە لە: د.عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، بيروت ١٩٨٥، ص١٧٠.

[3] بڕوانە دەقی نامەیەکی کۆنسۆلی فەرەنسی لە بەغدا بۆ وەزارەتی هەندەرانی وڵاتەکەی بە ژمارە (٢١٢) و بەرواری (٤)ی نیسانی ١٩١٩، لە: نەجاتی عەبدوڵلا، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کۆنسۆلی...، ل٢٠.

[4] لەم بارەیەوە بڕوانە: جەلیلی جەلیل (وەرگێڕ و ئامادەکار)، بیرەوەریی عەبدوڕەزاق بەدرخان، شوکور مستەفا کردوویە بە کوردیی باشوور، هەولێر ٢٠٠٠، شایانی باسە (جەلیلی جەلیل) ناوی لەم ئاراستەیە ناوە (ڕێبازی سەر بە ڕوس بوون) بڕوانە: هەندێ سیمای...، ل١٠٥ و دواتر.

له تایبەتمەندیەکانی تری ئەم قۆناغە بایەخدانی سەرانی کورد بووبە رۆشنبیری و پەرەپێدانی کۆمەڵگای کوردەواری لەم لایەنەوە. ئەمەش دوای ئەوەی توێژێکی خوێندەواری هاوچەرخ لە نێو کوردان پێگەیشتن، کە ئەمانە لە گرنگی رۆشنبیری تێگەیشتن بۆ هۆشیارکردنەوەی رۆڵەکانی نەتەوەکەیان و دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو و بەهێز بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کوردی. لە ئەنجامدا بووژانەوەیەکی رۆشنبیری و سیاسی لە کوردستاندا (بە تایبەتی لە بەشی سەر بە دەوڵەتی عوسمانیدا)[١] هاتە ئاراوە.

لەم بووژانەوەیەدا بنەماڵەی (بەدرخان) بە پێشەنگ و رابەر دادەنرێن، بە تایبەتی میقداد مدحەت بەدرخان کە لە (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨ توانی لە شاری قاهیرە (کردستان)[٢]ی نۆبەرەی رۆژنامەگەریی کوردی دەربکات، لە سالانی دواتریش هەنگاوی تری بەدواداهات، بە تایبەتی لە دوای کودەتای ساڵی (١٩٠٨)ی ئیتیحادیەکان کە ئازادیەکی رێژەیی بۆ چالاکی سیاسی و رۆشنبیری لە دەوڵەتی عوسمانیدا رەخسا، لەو چوارچێوەیەدا چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکی تری کوردی دەرکران وەك (کرد تعاون وترقی غزتسی — واتە: رۆژنامەی هاریکاری و گەشەسەندنی کورد) کە لە سالانی ١٩٠٨-١٩٠٩ دەرچوو[٣]، و

---

[١] بۆ راڤەکردنی مەسەلەی پێشەنگیی ئەم بەشەی کوردستان لەم بوارەدا بروانە: **سعدي عثمان حسين، الحركة التحررية الوطنية في كردستان الشرقية ١٩٠٠–١٩٣٩، (ق١) مجلة (گولان العربی) ع(٢٦) س(٣) ٢٥ تموز ١٩٩٨، ص٧٢.**

[٢] بۆ دەقی ژمارەکانی رۆژنامەی (کردستان) بروانە: کوردستان/ یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢، کۆکردنەوە و پێشەکی: کەمال فؤاد، وەرگێرانی بەشە تورکیەکەی: شێرزاد عەبدولکەریم، سلێمانی ٢٠٠٠.

[٣] لە بارەی ئەم رۆژنامەیە بروانە: د. جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی ١٩٩٩، بابەتی ("کورد" و چەند زانیاریەکی نوێ) ل٦-١٧. بۆ دەقی ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیەش بروانە:

Kurd Teavun ve Terakki Gazetesi, Govara Kurdi-Tirki ١٩٠٨-١٩٠٩, werger Ji Tipen Erebi Bo Tipen Latini: M. Emin Boz Arsalan. Uppsala-Sweden.



گۆڤاری (رۆژ کورد)[١] کە لە ساڵی ١٩١٣ بلاوکرایەوە. هەروەها لەم ماوەیەدا کتێبێکیش بە زمانی کوردی چاپکرا[٢]. هەر لەو چوار چێوەیەدا و بۆ خوێندەوارکردنی رۆڵەکانی کورد و بلاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی نیشتیمانپەروەرانی کورد کۆمەڵەیەکی رۆشنبیریان دامەزراند بە ناوی (کورد نشر معارف جمعیتی ـ واتە: کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانینی کوردی) کە توانی لە ساڵی ١٩٠٩ قوتابخانەیەکی کوردی لە شاری ئەستەمبۆل بکاتەوە[٣].

هەر لەم ماوەیەدا ـ بەلام کەمێك درەنگتر ـ عەبدولرەزاق بەدرخان بە هاوکاری سمکۆی شکاك بزاڤێکی لەم جۆرەی لە ناوچەکانی باکووری کوردستانی رۆژهەلات لە سالانی بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم دەستپێکرد. کە لە گرنگترین بەرهەمەکانی دامەزراندنی قوتابخانەیەك بوو بۆ مندالانی کورد لە شاری (خوی) بە یارمەتی روسیا[٤].

هاوکات لەگەڵ ئەم بووژانەوە رۆشنبیرییە گەشەکردنێکی سیاسیش لە کوردستاندا روویدا، کە لە ئەنجامدا بزاڤی رزگاریخوازی کوردی دەستی بەهەڵهێنانی هەنگاوە بەراییەکانی رێکخستنی سیاسی کرد. بەم پێیە خەباتی رێکخراوەیی سیاسی هەروەها رۆشنبیریش (وەك پێشتر باسمان کرد) هاتە پاڵ

---

[١] لە بارەی ئەم گۆڤارە و دەقی ژمارەکانی بروانە جەمال خەزنەدار (بلاوکردنەوە و پێشەکی نووسین)، رۆژی کورد ١٩١٣، بەغدا ١٩٨١.

[٢] وەك کتێبی (ئەلفبای کوردی) لە دانانی (خەلیل خەیالی) کە لە ساڵی ١٩٠٩ لە چاپخانەی (الامدي) چاپکرا کە خاوەنەکەشی (ئەحمەد رامز) بوو کە ئەویش کوردێکی نەتەوە پەروەر بوو، هوگر **طاهر**، م.س، ص٢٥٩.

[٣] لە بارەی ئەم بووژانەوەیە بروانە: جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای...، هەروەها: هوگر **طاهر**، م.س: هەروەها: جبار محمد جباری، **تاریخ الصحافة الكردية، بغداد ١٩٧٥.**

[٤] جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای...، ل١٣٠ ودواتر. هەروەها بروانە: بیرەوەریی عەبدولرەزاق بەدرخان.

شێوازی ڕاپەڕینی چەکداری، لە کاتێکدا ئەمەی دوایی وەك تاکە شێوازێك لە قۆناغی پێشتردا پیادە دەکرا.

لەبارەی سەرەتای ڕێکخستنی سیاسی کوردی پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێ لە مێژوو نووس و توێژەران ئەو کۆمەڵەیەی کە شێخ عوبێدوڵلای نەهری لە کۆبوونەوە و هاودەنگی ڕیش سپی و سەرۆك هۆزانی کوردی پێکهێنا بە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردی[1] یان سەرەتای هەستکردن بە پێویستی ڕێکخستنی سیاسی دادەنێن[2]. لە کاتێکدا ئەم پێکهاتەیە بە تەنیا بریتی بوو لە بەدەنگەوە هاتنی سەرانی کورد بۆ بانگەوازی شێخ عوبێدوڵلا و کۆبوونەوەیان لە دەوری ڕاپەڕینەکەی. ئەوەتا بەرپرسانی بەریتانی ئەگەرچی لەسەرەتا کەوتنە هەواڵی ئەم کۆمەڵەیە ناوبراوە بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەشتێکی لەو جۆرە نییە کە ((وەك کۆمەڵەیەکی کوردی بتوانرێ باس لە بوونی بکرێت))[3]. هەروەها (دیڤید ماکداول)یش دەڵێ ئەم ئەنجومەنە ئەگەر بە ڕاستیش هەبووبێ، هیچ بڵاوکراوەیەکی دەرنەکردووە و کارێکی بەم ناوە نەکردووە[4].

کەواتە دەتوانین بڵێین کۆمەڵەی (عەزمی قەوی کوردستان) وەك یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردی لە ساڵی ١٩٠٠ هاتە بوون، ئەگەر چی ئەم کۆمەڵەیە ناو و دەنگێکی زۆری نییە لە مێژووی کورددا بەڵام بەڵگەی مێژوویی هەیە بۆ

---

(1) ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعید...، ل٢٢: جەعفەر عەلی، س.پ، ل١٦١، محەمەد حەمەباقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، هەولێر ٢٠٠٠، ل٧٧.

(2) عبدالفتاح علی البوتانی، بدايات الشعور...، ص٣٥-٣٦.

(3) بڕوانە دەقی ئەو بروسکە و نامانەی لەم بارەیەوە لە نێوان بەرپرسانی ئینگلیز ئاڵوگۆڕکراون، لە: جەمال میرزا عەزیز، س.پ، ل١١، ٢٨، ١٣٣.

(4) مێژووی هاوچەرخی کورد، ل١٢٦.



سەڵماندنی هەبوونی[1] و بایەخێکی گرنگیشی هەیە وەك سەرەتای ڕێکخستنی سیاسی کوردی. بە تایبەتی دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵی تر و لە ئەنجامی گۆڕانی هەڵومەرجی سیاسی بە هۆی کودەتای ساڵی ١٩٠٨ ئینجا کۆمەڵە و ڕێکخراوی تر دامەزران. ئەوەبوو لە هەمان ئەو ساڵەدا لە ئەستەمبۆل (کۆمەڵەی تەعاون وتەرەقی کورد ـ کرد تعاون وترقی جمعیتی) پێکهێنرا، هەروەها لە ساڵی ١٩١٢دا کۆمەڵەی (هێڤی) هەرلەوێ دانرا. هەر لەو ماوەیەشدا کۆمەڵەی (گیهاندن) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دانرا. دواتریش چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی تر بە تایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا دامەزران[2].

سەرەڕای ئەمەش دەتوانین بڵێین ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە زۆربەیان بنکەیەکی میللی فراوانیان نەبوو، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەستەمبۆل دامەزران، کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ناوچەکانی کوردستانەوە نەبوو، تەنیا هەندێکیان نەبێت کە لقیان لە چەند شارێکی گەورەی کوردستان کردەوە[3]. بۆیە نەیانتوانی ڕۆڵێکی شۆڕشگێری سەرەکی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا ببینن و ڕێبەرایەتی

---

(1) محمدأمين زكي، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان، ت: محمد علي عوني، ط٢، بغداد ١٩٦١، ص٣٥٢، زنار سلوپی، في سبيل كردستان (مذكرات)، ت: ر. علي، بيروت ١٩٨٧، ص٢٣: سروة اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤–١٩٢٦، اربيل ٢٠٠١، ص٢٣.

(2) جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای...، ل٦٢، ٨٢، ١٣٠، لە بارەی ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردیانە بڕوانە: بلەج شێرکۆ، س.پ، ل٥٠ ودواتر، عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات الكردية في نصف قرن ١٩٠٨–١٩٥٨، ط١، بغداد ١٩٨٩: د. عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية/ ملاحظات تاريخية ودراسات اولية، اربيل ٢٠٠١، ص٤٧٠ ومابعدها.

(3) وەك کۆمەڵەی تەعاون وتەرەقی کورد کە لقی لە دیار بەکر و بتلیس و مووش و هەندێ شاری تر کردەوە، بڕوانە: جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای...، ل٧٥: د. جەبار قادر، س.پ، ل١٥.

بزاڤەکە لەدەست شێخ و سەرۆك هۆزەکان وەرگرن وببنە ئەلتەرناتیڤی ئەم ڕێبەرە تەقلیدی و تاکڕەوانە، ئەگەرچی خۆشیان زۆربەیان لەم توێژانەبوون[1]. بەڵام لە لایەکی تر ئەم ڕێکخراوانە کاریگەری خۆیان پێشاندا لە گەشەپێدانی هۆشیاری ڕۆشنبیری و سیاسی نەتەوەیی کوردی.

یەکێك لە دیاردەکانی تری ئەم قۆناغە ئەوەیە کە هێزە نیشتیمانیەکانی کورد هەندێ جار بەهۆی چەواشەبوونەوە بەشداری لە بزاڤی نیشتیمانی گشتیدا دەکەن لە چوارچێوەی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا. ئەوەتا دوو لە دامەزرێنەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) کە دروشمی دەستوری هەڵگرتبوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا کوردبوون، ئەوانیش (عەبدوڵڵا جەودەت)[2] و (ئیسحاق سکوتی)ن[3]. هەروەها لە بزاڤی (مەشروتە)ش کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە دژی ڕژێمی قاجاری بەرپابوو، کوردان بەشداریان هەبوو[4]. ئەم بەشدارییانە ئەگەرچی وەك ئەزموونێك وابوون بۆ فێربوونی شێوازەکانی بزاڤی نیشتیمانی بەڵام لەلایەکی تر بەفیڕۆدانی تواناکانی کورد بوو لە زۆرانبازییەك کە هی خۆی نەبوو.

هەر لەو قۆناغەدا کێشەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی قووڵتربۆوە بەهۆی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان وەك دەرەنجامێك لە دەرەنجامەکانی جەنگی

(1) جێگەی تێبینیە کۆمەڵەی (خوییبوون) جیاوازی هەبوو لەم بارەیەوە لەوانیتر، وەکو دواتر باسی لێوەدەکەین.

(2) لەبارەی ئەم کەسایەتیە بڕوانە: مالمیسانژ، القومیة الکردیة و د. عبدالله جودت، ت: شکور مصطفی، اربیل ٢٠٠٠: د. جەبار قادر، س.پ، بابەتی (ڕۆناکبیری کورد دکتۆر عەبدوڵا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢) ل٤٠ ودواتر.

(3) زنار سلوپی/ م. س، ص٢٣: عبدالستار طاهر شریف، م.س، ص١٤-١٧، لە بارەی (ئیسحاق سکوتی)ش بڕوانە ئەم سەرچاوەی دوایی.

(4) کمال مظهر احمد، دراسات في تاریخ ایران الحدیث والمعاصر، بغداد ١٩٨٥، ص٢٤١، هەروەها بڕوانە: یاسین سەردەشتی، گەلی کورد و بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێران ١٩٠٥-١٩١١، سلێمانی ٢٠٠١.



جیهانی یەکەم، کە لە ئەنجامدا ئەم وڵاتە لە دوو پارچەوە بوو بە چوار پارچە. سەرباری ئەمەش ئەم پارچانەی کوردستان ڕووبەڕووی داگیرکردنی جووت لایەنە بوونەوە. چونکە هەرلایەنێك لە لایەنە داگیرکەرەکانی کوردستان خۆشی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری ئیستیعماریدا بوو[1]. ئەمەش هێزە نەتەوەییە کوردیەکانی دابەشکرد و هەروەها ئەرکەکانی بزاڤی کوردی زیاتر و گرانتر کرد. هەر لە ئەنجامی ئەمەدا ئاراستەکانی هەرێمچییەتی و پارچە بوون و لێکترازان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا زیاتر ڕیشەی داکوتا. بەجۆرێك دروشمەکانی (کوردستانی مەزنی یەکگرتوو) چیتر نەکەوتە بەرگوێیان و هەوڵەکانی پێکهێنانی یەکێتی کوردان نەکەوتە بەرچاوان وەك ئەوەی پێشتر لە ڕاپەڕینی شێخ عوبێدوڵڵادا ڕەنگیدابۆوە. بەڵکو فراوانترین ئامانج و داواکاریەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی هەرپارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان بریتی بوو لە داخوازی سەربەخۆیی ئەم پارچەیە. هەروەکو لە ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود[2] و سمکۆی شکاك[3] و هەروەها شێخ سەعیدی پیراندا[4] تێبینی دەکرێ. لە هەندێ باری دەگمەنیش

(1) بۆ وەستان لەسەر ئەم هەڵومەرجە نوێیەی کوردستان بەدرێژی بڕوانە: م.س. لازاریف، المسالة الکردیة ١٩١٧-١٩٢٣، ت: د. عبدي حاجي، ط١، بیروت ١٩٩١: هەروەها: سروە اسعد صابر، م.س، الفصل الثاني.

(2) لەبارەی ئەم ئامانجە لای شێخ مەحمود بڕوانە دەقی بەڵگەنامەی بەریتانی: ب. هولت: مذکرة حول الشیخ محمود، ت: د.ازاد گرمیاني، مجلة (ئاڵای ئیسلام)، ع(١) اذار ١٩٩٦، ص٥٠: هەفتەنامەی (ڕۆژی کوردستان) ژ(٧)ی بەرواری (٣٠)ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢، لە: جەمال خەزنەدار (کۆکردنەوە و پێشەکی) ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣. بەغد ١٩٧٣، ل٤١.

(3) لە بارەی ئامانجەکانی ڕاپەڕینی سمکۆ بڕوانە: ازاد گرمیاني، مصطفی باشا یاملکي في لقاء...، ص٤٥: لا هووتی، کوردستان و کورد، و: د. جەبار قادر، گۆڤاری (هەزار مێرد) ژ(٣) س(١) ئازار ١٩٩٨، ل١٧١-١٧٢. (شایانی باسە نووسەری ئەم ووتارەی دوایی هاوچەرخی ڕاپەڕینەکەی سمکۆ بووە و نزیك بووە لە ڕووداوەکانی ئێرانی ئەو سەردەمە).

(4) یەکێك لەو تاوانانەی درانە پاڵ شێخ سەعید و هاوەڵەکانی لە دادگایی کردنەکاندا بریتی بوو لە هەوڵی دابڕینی کوردستانی تورکیا و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ

هەوڵی هەماهەنگی دەدرا لە نێوان بزاڤەکانی چەند بەشێکی کوردستان، بەڵام ئەمانە تەنیا هەوڵی تێوری سۆزئامێزبوون و نەچوونە باری کردارییەوە. وەك ئەو پرۆژەیەی لەکاتی هەردوو ڕاپەڕینی شێخ مەحمود و سمکۆدا پێشنیارکرا کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد.

لە کۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێین کە لەم قۆناغەشدا جووتیاران پێگەوبنکە فراوانەکەی ڕاپەڕینەکانیان پێکدەهێنا و هەر ئەوانیش قوربانی زۆریان لەم پێناوەدا بیێ ئەوەی بەشێکیان هەبێت لە سەرکردایەتی کردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی، وەك لە زۆربەی باروشوێندا هەروابوو[1]. بۆیە شێخ و سەرۆك هۆزەکان وەك هێزی کۆمەڵایەتی پاتریارکی دەسەڵاتێکی تاکڕەوییان لە ئاراستەکردنی ڕاپەڕینەکاندا پیادەدەکرد. وەك لەمەو پێش باسمانکرد.

## قۆناغی سێیەم

ئەم قۆناغە لە سییەکانەوە دەست بەدیارکەوتن دەکات و تا ئەم ساڵانەی دوایی لەخۆ دەگرێت، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێ کە هەندێ دیاردەی ئەم قۆناغە لە کۆتایی بیستەکانەوە سەرهەڵدەدەن، لێرەشدا زیاتر مەبەست لە (کۆمەڵەی خۆییبوون)ـە، کە هەرچەندە لە ڕووی سەردەم و کاتدا لە قۆناغی دووەمدایە، بەو پێیەی یەکێکە لەو کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردیانەی لە بیستەکاندا دامەزران، بەڵام نابێ ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ئەوانی تر ئەژمار بکرێ، چونکە سروشت و پێکهاتەی پەرەسەندووی خۆییبوون و ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی لە ڕاپەڕینی

=تیایدا. بڕوانە: بلەج شێرکۆ، س.پ، ل٨٤، ژێرارد چالیاند، س.پ، ل١٣٨، هەروەها بڕوانە: د. كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥...، ص٨٧-٨٨.

[1] ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی ئەم چینە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە و هەروەها هەڵومەرجی ئابوری-کۆمەڵایەتی. د. الیاس فرح، م.س، ص١٤٩.



(ئاگری)[1]دا وا دەکەن لە قۆناغی سێیەمدا دابنرێ. بە پێچەوانەی ئەمەش ڕاپەڕینی دەرسیمی کوردستانی باکوور ئەگەرچی تا ساڵی **١٩٣٧** بەردەوام بوو، بەڵام سروشتی ڕاپەڕینەکە بە تایبەتی لە ڕووی ڕێبەرایەتی کردنەوە کە لە لایەن سەرکردەیەکی تەقلیدیانە بوو (ئەویش سەید ڕەزای دەرسیمی یە)، دەبێتە هۆی ئەوەی هەر لە قۆناغی دووەم بژمێردرێت[2]. کەواتە دەتوانین بڵێین تێکهەڵچوونێك هەیە لە نێوان قۆناغی دووەم و سێیەمدا لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆیە دەکرێ ئەو ماوەیە بەماوەی گواستنەوە دابنێین لە نێوان هەردوو قۆناغدا.

گرنگترین تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان ڕێبەرایەتی ئەم بزاڤەیان کرد، کاتێ لەو ماوەیەدا زۆربەی هێز و لایەنە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان گڵۆت بوون و لە هەنگاوێکی هاوچەرخانە خۆیان لە چوارچێوەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکاندا ڕێکخست. لە ئەنجامدا چەندین پارت و ڕێکخراوی کوردی بە دیارکەوتن کە ڕۆڵیان بینی لە بەرپاکردنی (یان خۆشکردنی) بلێسەی شۆڕش و ڕاپەڕین لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

[1] بڕوانە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆییبوون و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لە شۆڕشی ئاکری لە: روهات ئالاکۆم، س.پ. ل١٦-١٩، ٤٧ و دواتر. وە بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی شۆڕشی ئاکریێ بڕوانە ئیحسان نوری پاشا، ڕاپەڕینی ئاگری، و: ئەرسەلان بایز، پێداچوونەوە: ڕێکار ئەحمەد، چ١، کوردستان ١٩٩١.

[2] لە بارەی ئەم ڕاپەڕینە و سەرکردەکەی بڕوانە: د.نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، و: ئەحمەد فەتاح دزەیی، هەولێر ٢٠٠١.

لە پاڵ کۆمەڵەی خۆییبوون و ڕاپەڕینی ئاگری گرنگترین ڕێکخراو و ڕووداوە شۆڕشگێڕیەکانی ئەم قۆناغە ئەمانەن: دامەزرانی کۆماری مەهاباد (١٩٤٦)[١]، پارتی دیموکراتی کوردستان[٢] و هەردوو شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١)[٣] و گوڵان (١٩٧٦)[٤]، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و شۆڕشی نوێی کوردستانی باشوور (١٩٧٦)[٥]، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شۆڕشی هاوچەرخی کوردستانی ڕۆژهەڵات[٦]، هەروەها خەباتی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی باکوور لە نێویاندا پارتی کرێکارانی کوردستان PKK[٧]، لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا[٨]. هەر لەم چوارچێوەیە نابێ ڕاپەڕینی بارزانی سالانی (١٩٤٣-١٩٤٥)یش لەیادبکەین، چونکە ئەگەرچی لەسەرەتا بە

[١] لە بارەی کۆماری مەهاباد بڕوانە: ولیم ایگلتن الابن، جمهورية مهاباد / جمهورية ١٩٤٦ الكردية، ت: جرجيس فتح الله، ط٢، اربيل ١٩٩٩، هەروەها: هوزان سليمان الدوسكى، جمهوريه كوردستان/ دراسة تاريخية – سياسية، اربيل ٢٠٠٥.

[٢] لە بارەی ئەم پارتە بڕوانە: حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني– العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦–١٩٩٣، ط١، دهوك ١٩٩٨.

[٣] لە بارەی شۆڕشی ئەیلول بڕوانە: ميڤان عارف عبدالرحمن بادى، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان الجنوبية (العراق)/ ١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣، رسالة ماجستير كلية الاداب/ جامعة صلاح الدين – اربيل ٢٠٠٢، الفصل الثالث ص٧٥–١١٧.

[٤] لە بارەی ئەم شۆڕشە بڕوانە: حبيب محمد كريم، م.س.

[٥] لە بارەی یەکێتی و شۆڕشی نوێ بگەڕێوە بۆ: دیڤید ماکداول، س.پ، ل٥٦٣ ودواتر.

[٦] لە بارەی ئەم پارتە و خەباتی لەم شۆڕشەدا بڕوانە: عبدالرحمن قاسملو، اربعون عاماً من الكفاح من اجل الحرية، ت: د.عزالدين مصطفى رسول، اربيل ١٩٩١.

[٧] لەم بارەیەوە بڕوانە: رعد عبدالجليل مصطفى الخليل، صراع الاستيعاب والانفصال / دراسة في تجربة (حزب العمال الكردستاني) في تركيا، بحث ضمن كتاب (الوحدة الوطنية ومشكلة الاقليات في العالم الثالث) الذي الفه مجموعة من الباحثين باشراف مركز دراسات العالم الثالث في كلية العلوم السياسية بجامعة بغداد، الموصل ١٩٨٩، ص١٠٣–١٢٨.

[٨] بڕوانە ڕەوشی سیاسی کوردستانی ڕۆژئاوا لە: ژیرارد چالیاند، س.پ، ل٣٥١-٣٦١.



ڕێبەرایەتی سەرکردەیەکی تەقلیدی (واتە وەك سەرکردەکانی قۆناغی پێشوو) بەرپابوو بەڵام دواتر پارتی هیوا ڕۆڵێکی کاریگەری تیادا بینی[١].

سەرەڕای ئەمەش بەهۆی گەشەنەکردنی سەرمایەداری لە کوردستان و مانەوەی کاریگەری زەمینەی نیمچە دەرەبەگایەتی و هۆزایەتی تیایدا[٢]، ئەم پارت و ڕێکخراوانە لە زۆربەی کاتدا دەبوونە ئامرازێك بە دەستی کەسایەتی و سەرکردایەتیە تاکرەوە کوردیەکان، کە ئەوانەش زۆربەیان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی سەرکردەکانی قۆناغی پێشوویان هەبوو کە لەم بوارەدا سوودیان لێدەبینی. ئەوەتا (قازی محەمەد) کە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاربوو لە شاری مەهاباد[٣]، کاتێك هاتە ناو (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) کە لە ساڵی ١٩٤٢ هەر لەم شارەدا دامەزرابوو، کەسایەتی خۆی بەسەر کۆمەڵەکەدا زاڵکرد و ئەو سەرکردایەتیە بە کۆمەڵەی لە ئارادابوو هەبوونی نەما[٤]. تەنانەت داتر توانی ئەم کۆمەڵەیە هەڵبوەشێنێتەوە و دامەزرانی ڕێکخراوێکی تر بە ناوی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە (١٦)ی ئابی ١٩٤٥ ڕابگەیەنێ[٥]، بۆ ئەوەی

[١] لە بارەی ئەم ڕاپەڕینە و ڕووداوە پەیوەستەکان بڕوانە: مسعود البارزاني: البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٣–١٩٤٥، كردستان ١٩٨٦، عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩–١٩٤٥، دهوك ٢٠٠٢، ص١٢٧ ومابعدها.

[٢] لەم بارەیەوە بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد، گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستان و زەمینەی ئابووریانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی، چ١، (ب.ش) ١٩٨٦.

[٣] محمد بهاء الدين ملا صاحب، پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری مەهاباد، سلێمانی ١٩٧١، ل١٣-١٤.

[٤] نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و: عەتا قەرەداغی، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٤٧، ٥٠، عبدالستار طاهر شريف، م.س.، ص٢٢١–٢٢٢.

[٥] بڕوانە دەقی ڕاگەیاندنەکە لە: محمود مەلا عزەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان / نامە و دۆکۆمێنت، ب١، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٤٦-٤٩.

خۆی ڕۆڵ و کاریگەری سەرەکی هەبێ لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەی سەرکردایەتی دەکات. هەر بۆیەش لە سەرەتاوە کۆمەڵەی ژێکاف دوو دڵ بوو لە وەرگرتنی کەسایەتییێکی وەك قازی محەمەد لە ڕیزەکانی خۆیدا[1]. هەروەها پارتی (هیوا) کە لە ساڵی **١٩٣٩** لە ڕێگەی هەوڵ و کۆششی چەند گەنجێکی نیشتیمان پەروەر دامەزرا، دوای ماوەیەك گیرۆدەی دەردی تاکڕەوی و تاکپەرستی بوو لە سەرکردایەتی کردندا[2]. لە ڕاستیشدا کارێکی ئاسایی بوو کە (ڕەفیق حیلمی) وەك ڕێبەرێکی نیشتیمان پەروەر بەو هەموو تەمەن و ئەزموونەی کە هەیبوو سێبەری خۆی بکێشێ بەسەر ئەو گەنجە نێوبراوانە کە زۆربەیان لە سەرەتای تێکەڵاوبوونیان بوون بە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی[3].

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پارت و ڕێکخراوانە شوێن پەنجەیان دیاربوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەم قۆناغەدا و تاڕادەیەکی دیار مۆرکی خۆیان بەسەریدا سەپاند، بە جۆرێك خەباتی سیاسی و ڕێکخستنیش بایەخی پێدرا لەپاڵ شێوازی سەربازی، کە پێشتر ڕێبازێکی سەرەکی بوو لە تێکۆشاندا. تەنانەت لە ڕاپەڕینی بارزانی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥)یشدا هەرچەندە خەباتی چەکداری وەك ستراتیژی سەرەکی پیادەکرا، بەڵام پارتی هیوا کاریگەری بەسەرەوە دیاربوو بە تایبەتی لە بواری دابینکردنی پشتیوانی سیاسی و میللیدا[4]. هەر لە ئەنجامی هەستکردن

---

[1] ولیم ایگلتن الابن، م. س، ص٧٩، نادر ئینتیسار، س.پ، ل٤٧.

[2] فاتح ڕەسول، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٣١٦.

[3] لە ڕاستیشدا هەر لەبەر ئەم هۆکارە نێوبراوەبوو کە دامەزرێنەرانی پارتی هیوا پەیوەندییان بە ڕەفیق حیلمی کرد و ڕەزامەندیان پێشاندا ببێتە سەرۆکی پارتەکە. بڕوانە: عبدالستار **طاهر** شریف، م.س.، ص٩٨: جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی...، ل١٦٤.

[4] بڕوانە: فەیسەل دەباغ، حیزبی هیوا و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، چ١، هەولێر ١٩٩٧: د. اسماعیل شکر رسول، اربیل / دراسة تاریخیة في دورها الفکري والسیاسي ١٩٣٩-١٩٥٨، ط٢، السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص١٩٥ ومابعدها. هەروەها بڕوانە دەقی ئەو ڕاگەیاندنەی



بە بایەخی ڕێکخستنی سیاسی، لەژێر سایەی ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینەکەدا (لێژنەی ئازادی) پێکهێنرا بۆ هێنانەدی هەماهەنگی پێویست لە نێوان ڕاپەڕین و ڕێکخراوە کوردیەکان بە گشتی و پارتی (هیوا) بە تایبەتی[1]. بێگومان ڕۆڵی (خۆیبوون) لە ڕاپەڕینی (ئاگری)دا و هەروەها کاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆماری مەهاباد و پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقیش لە شۆڕشی ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥)ی کوردستانی باشوور کە بە شۆڕشی ئەیلول بەناوبانگە. مەسەلەیەکی بەڵگەنەویستە و لەمەوپێش ئاماژەمان پێکردووە.

هەر لەوچوارچێوەیەدا و لە پێناو دەنگدانەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، هەروەها بۆ گەیاندنی دەنگی ئەم بزاڤە بە ڕۆڵەکانی میللەتی کورد و ئاوێتەبوونیان لەگەڵی، بایەخ بە لایەنی ڕۆشنبیری درا و هەروەها ڕۆڵی ڕاگەیاند و کاریگەری (میدیا) دەرکەوت، لەم بوارەدا دەتوانین بڵێین زۆربەی ڕێکخراو و ڕاپەڕینە کوردیەکان لەم قۆناغەدا خاوەنی زمانحاڵی خۆیان بوون. ئەوەتا کۆماری مەهاباد سەرەڕای تەمەنی کورتی کە لە یازدە مانگ تێپەڕی نەکرد توانی چاپخانەیەك دابمەزرێنێ و ژمارەیەکی بەرچاو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب دەربکات[2]. هەروەها لە شۆڕشی (ئەیلول)یش ئەم لایەنە لە یاد نەکرا و گرنگی پێدرا، بەڵکو توانرا ئێزگەیەکی ڕادیۆش دابمەزرێنرێ کە دەنگ و

---

=کە پارتی هیوا لە بارەی ڕاپەڕینی ناوبراو بڵاوی کردۆتەوە لە: **عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحرکة القومیة...**، ص٥٣٦-٥٣٨.

[1] مسعود البارزاني، م.س.، ص٥٣-٥٤، عەلائەددین سەجادی، س. پ.ل١٨٠-١٨٢، بۆ دەقی ئەو نامانەی لە نێوان لێژنەکە و پارتی (هیوا)دا ئالوگۆڕکران بڕوانە سەرچاوەی یەکەم، ل٥٤-٦١.

[2] بڕوانە: د.هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، سلێمانی ٢٠٠١.

هەواڵەکانی ئەم شۆڕشە تا چوارچێوەیەکی باش پەخش بکات[1]. پێشتریش لە ژێرسایەی کۆماری مەهابادا ئێزگەیەکی لەم جۆرە دامەزرابوو[2]. بێگومان ئەمەش پەرەسەندنێکی دیاربوو لەم بوارەدا لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا هاتە ئاراوە.

لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا ڕۆڵی چین و توێژەکۆمەڵایەتیە ڕەنجدەر و چەوساوەکان لە ئاراستەکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا تا ڕادەیەك بەرچاوکەوت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو قوربانیە زۆرانە و ئەو ئەرکە گرینگانەبوو کە لە خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازیدا لە ئەستۆیاندابوو. ئەم لایەنەش لە پارت و ڕێکخراوە چەپڕەو و نیمچە چەپڕەوەکان زیاتر ڕەنگدانەوەی هەبوو، کە بە حوکمی بنەمای هزری و بیروباوەڕیان وەك هەر ڕێکخراوێکی تری کۆمۆنیستی یان سۆشیالیستی بایەخێکی گرنگیان بەوچین و توێژانە دەدا لە ڕێکخستن و ئامانجەکانیشیاندا[3].

لە ڕاستیدا دەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوە چەپڕەو و نیمچەچەپڕەوانەش یەکێك بوو لە دیاردەکانی ئەم قۆناغە، ئەوەبوو لە ژێرکاریگەری ئاراستە شۆڕشگێڕیە پێشکەوتنخوازەکان کە لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکان لە بزاڤی کوردایەتیدا لە نەشونماکردن دابوو[4]، لەو ماوەیەدا چەندین پارت و کۆمەڵەی لەم جۆرە لە کوردستاندا دامەزران و هاتنەبوون. وەك کۆمەڵەی (ڕزگاریخوازی

[1] بڕوانە: باوەکر عوبێد صالح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە کوردستانی خواروودا ١٩٦١-١٩٧٥، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر ٢٠٠٣، ل٦٢ ودواتر.

[2] ڕۆژنامەی (کوردستان) ژ(٤٣) س(١) مهاباد، گوڵان ١٩٤٦، بەوەرگرتن لە: هۆزان سلیمان الدوسکی، م. س، ص١٢١.

[3] د. الیاس فرح، م. س، ص١٤٥ ومابعدها.

[4] د.اسماعیل شکر، م. س.، ص١٤١-١٤٥، ٢٧٣، فاتح ڕەسول، س. پ، ل٣١٣ ودواتر.



کوردستان) کە لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری مەهاباد دامەزراو بە پێشەنگی بیرۆکەی چەپ دادەنرێت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا[1]. هەر لەم بەشەی کوردستان و لە پایزی ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك) پێکهێنرا. ئەم کۆمەڵەیە کە لە سەرەتا لەسەر بناغەی نەتەوەیی دامەزرا بەرەبەرە ئاراستەی چەپڕەوی تێکەڵی دەبوو[2]. تەنانەت بنەماکانی چاکسازی ئابووری — کۆمەڵایەتی بە ئاراستەیەکی هاوشێوەی سۆشیالیستی لە بەرنامەی کاری پارتی دیموکراتی کوردستانیش گوزارشی لێوەکرابوو کە لە (١٦)ی ئابی ١٩٤٥ دامەزراو بوو بە ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم قۆناغەدا[3].

لە کوردستانی باشووریش ئەگەرچی دەرکەوتنی بەراییەکانی گروپی چەپڕەوی مارکسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٣[4]، بەڵام لە ریزەکانی پارتی (هیوا)ش دوای دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٣٩ ئاراستە و گلۆتی مارکسی پەیدابوو، هەر ئەمەش بە یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەم پارتە دادەنرێت[5]. هەرچۆنێك بێت لە ساڵانی دواتر چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی پێکهێنران کە دەتوانین بڵێین هەڵگری بیروباوەڕی چەپڕەوی بوون، بەڵام لە

[1] برهان ابابكر یاسین، كوردستان في سياسة القوى العظمى ١٩٤١–١٩٤٧، ت: هوراس، ط١، دهوك ٢٠٠٢، ص١٢٦، هەروەها بڕوانە: کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە، گەشتێك بە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران، سوید ١٩٩٦، ل١٦١-١٦٢.

[2] دیڤید ماکداول، س، پ، ل٣٩٠-٣٩٥: نادر ئینتیسار، س. پ، ل٤٦، فاتح رەسول، س. پ، ل ١٧٥-١٧٨.

[3] ژیرارد چالیاند، س. پ، ل٢١٤-٢١٦.

[4] مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سلێمانی ٢٠٠٥، ل٧٢: هەروەها بڕوانە: فاتح رەسول، س. پ، ل٣١٣-٣١٤.

[5] دیڤید ماکداول، س. پ، ل٤٨٢: د. اسماعیل شکر، م. س، ص ١٤٢.

زۆربەی بارەکاندا ئاوێتەی بیری نەتەوەیی ببوو، وەك پارتی (شۆڕش) کە لە ساڵی ١٩٤٥ و پارتی (ڕزگاری کورد) لە هەمان ساڵدا دامەزران[١]. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقیش کە لە (١٦)ی ئابی ١٩٤٦ پێکهێنرا، لە کۆنگرەی سێیەمی خۆیدا کە لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣ بەسترا ((بەرنامەیەکی چەپی بڕیارلێدا))[٢].

لە کوردستانی باکووریش لە کۆتایی شەستەکانەوە ژمارەیەك پارت و ڕێکخراوی کوردی پێکهێنران کە زۆربەیان مۆرکی مارکسی و چەپڕەویان پێوە دیاربوو[٣]. وەك پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا، پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەروەها پارتی کرێکارانی کوردستان و چەندانی تر[٤].

شایانی باسکردنە بڵاوبوونەوەی ئاراستەی چەپڕەوی لە نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ تەشەنەکردنی بیرۆکەی چەپ لەو ماوەیەدا لە جیهانی سێیەمدا بە گشتی و لە لایەکی تریش بۆ بێ ئومێدبوونی هێزە نیشتیمانیە کوردیەکان لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوا بۆ دۆزی کورد دوای ئاشکرابوونی هەڵوێستە نامەردانەکانیان لەهەمبەر ئەم دۆزە لە

---

[١] لە بارەی ئەم دوو پارتە بڕوانە: عبدالستار طاهر شريف، م. س.، ص١١٠-١٢٢، د.اسماعيل شكر، م. س، ص١٥٦-١٦٠، مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل٨٩-١٠٤. شایانی باسکردنە لە سەرچاوەی یەکەمدا هاتووە کە پارتی (شۆڕش) لە ساڵی ١٩٤٤ دامەزراوە (بڕوانە: ل١١٠) لە ڕاستیشدا لێڵییەك هەیە لە مەسەلەی ساڵی دامەزراندنی ئەم دوو پارتە.

[٢] دیڤید ماکداول، س.پ، ل٤٨٧، مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل١١٦، ١٣١.

[٣] فاتح رەسول، س. پ، ل٩٠.

[٤] ژیرارد چالیاند، س. پ، ل١٧٤.



ماوەی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا کە ماوەیەکی مێژوویی چارەنوسساز بوو بۆ گەلی کورد.

هەر پەیوەست بەم لایەنەی پێشوو دیاردەیەکی تر لەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بەرچاو دەکەوێت،ئەویش ئەوەیە کەلێکترازان و جوودابوونەوە لەڕیزەکانی ڕێکخراوە سیاسیە کوردیەکان ڕوویدا، ئەمەش دوای ئەوەی بەهۆی جیاوازی بۆچوون و ناکۆکی ئایدیۆلۆژی گڵۆتی جیاجیا لەنێو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوانە پەیدابوون.لەگرنگترین ئەو لێکترازانانەی کەلەو ماوەیەدا ڕوویاندا بریتی بوو لەجیابوونەوەی هەموو مەکتەبی سیاسی و زۆربەی ئەندامانی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٦٤[١]، کە کۆسپێکی گەورەی لەبەردەم شۆڕشی کوردیدا دروست کرد و یەکڕیزی هێزە نیشتیمانیەکانی تێکدا.

لە سیما و دیاردەکانی تری ئەم قۆناغە ئەوەیە کە بەهۆی ڕیشەداکوتان و جێگیر بوونی لکاندنی پارچەکانی کوردستان بە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە، کوردەکان وەك قۆناغی پێشوو بەشداری لە خەباتی گشتی ئەم وڵاتانەدا دەکەن[٢]. ئەوەتا کوردان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە ڕاپەڕینی کانوونی ١٩٤٨ لە عیراقدا[٣]. هەروەها دامەزراندنی پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کە دروشمی ڕێبەرایەتی کردنی چەوساوەکانی ئەم وڵاتانەیان هەڵگرتبوو بەوسنوورانەی کە هەیانبوو، ڕۆڵی هەبوو لە چەواشەکردنی هێزولایەنە

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم جیابوونەوەیە بڕوانە: د.عبدالفتاح علي البوتاني،وثائق عن...،ص٦٤٣ ومابعدها.

[٢] دڵێر شاوەیس ئەم دیاردەیە دەگێڕێتەوە بۆ داگیرکردنی دوولایەنەی کوردستان، کە بووەتە هۆی ئاوێتەبوونی خەباتی کوردی لەگەڵ خەباتی گەلانی ناوەندی ئەم وولاتانەی کوردستانیان پێوەلکاوە. بڕوانە: نەتەوە و نەتەوایەتی...، ل١٨.

[٣] بڕوانە د. اسماعيل شكر، م. س، ص٢٨٩ ومابعدها، مەهدی محەمەد قادر، س. پ، ل٢٦٠، لە بارەی ڕاپەڕینی ناوبراویش بگەڕێوە بۆ هەمان دوو سەرچاوە.

نیشتیمانیەکانی کورد[1] و لە ئەنجامدا لە مەیدانێکدا قوربانی زۆریانـدا کـە بـۆ کـورد و نیـشتیمانەکەیان بەرژەوەندیـەکی ئـەوتۆی تێدانـەبوو. ئـەوەتا لـە نێـو ریزەکانی پـارتی کۆمۆنیـستی عـیراق کـە لـە (٣١)ی ئـاداری ١٩٣٤ دامـەزرا رێژەیـەکی بەرچـاوی ئەنـدامانی کـورد هـەبوون چ لـە پێگـەی پارتەکـە یـان سـەرکردایەتیەکەی کـە (دیڤیـد ماکـداول) بـە نزیکـەی٥٣٪ی دەقـەبڵێنێت[2]. هەروەها لە کوردسـتانی بـاکووریش ژمارەیـەکی زۆری خـەباتکارانی کـورد لـە ریزەکانی (پارتی کرێکارانی تورکیا) پـەرەیان بـە تێکۆشـانی خۆیانـدا کـە وەك رێکخراوێکی چەپڕەوانە لەسەر شـانۆی سیاسـی تورکیـا ڕۆڵـی خـۆی دەبـینی و هەڵوێستێکی بوێرانەی هەبوو لەهەمبەر دۆزی کورد لەم وڵاتەدا[3].

هەر لەم قۆناغەدا لە ئەنجامی پیـادەکردنی خـەباتی دیبلۆماسـی و هاوتـەریب بوونی ئامانجەکانی کـورد لەگـەڵ بەرژەوەندیـەکانی وڵاتـە زلهێزەکـان — ئەگـەر بۆماوەیەکی کاتیش بێت — بزاڤی رزگاریخوازی کورد تا ڕادەیەك پاڵپشتی وڵاتە زلهێزەکانی دابینکرد، چ لە لایەنی سەربازگەی ڕۆژهەڵات کە خۆی لە پەیوەنـدی نێوان کۆماری مەهاباد و سۆڤیەتدا دەبینیەوە، یان لـە لایـەنی وڵاتـانی بلـۆکی ڕۆژئاوا کە لە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ شۆڕشـی ئـەیلولی کوردستانی باشوور بەرجەستە دەبوو. تەنانەت کەسـایەتیەکی نیـشتیمانپەروەری شاری هەولێر لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا هەولێدا پشتیوانی دەوڵـەتێکی فاشـستی وەك ئـەڵمانیای نـازی دەسـتەبەر بکـات بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجـە نەتەوەییەکان[1]. بەڵام ئەم پشتیوانیە یان سـاختە و فـێڵاوی بـوو وەك لـە بـاری یەکەمدا بە دیارکەوت[2]. یان نا پاك و بێ بەڵێنانـەبوو وەك لـە بـاری دووەمـدا ڕوویدا[3]، یانیش بۆ مەبەستێکی سەربازی ڕووت بوو کە دیارە نیازی ئەڵمانیا بوو لە بەکارهێنانی (رەمزی نافع) کە کەسایەتیەکەی هەولێر بـوو. کەواتـە دەتـوانین بڵێین کۆمەکی وڵاتە زلهێزەکان بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی تا ئەو ڕادەیەی بـۆ گەلی کورد پێویست و زینـدەگی بـوو، ئەوەنـدەش لـە بنەرەتـدا بـێ متمانـە و درۆئامێزبوو، بە تایبەتی کە ئەم وڵاتانـە لەسـەر ئاسـتی سـتراتیژی مامەڵـەیان لەگەڵ دۆزی کورد نەدەکرد بەڵکو تەنیا وەك تاکتیك پەنایان بۆ دەبـرد، یـان بـە واتایـەکی ڕاشـکاوانەتر بڵـێین ئـەوان کوردیـان تـەنیا وەك (کاغـەزی یـاری) بەکاردەهێنا.

دیاردەیەکی تری ئەم قۆناغە بریتی بوو لە هاریکاری کردنی نێـوان دەوڵـەتانی داگیرکەری کوردستان لە دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی کـوردی. لـەم چـوار چـێوەیەدا دەوڵەتانی ناوبراو بەشدارییان کرد لە بەستن و پێکهێنـانی چـەندین پەیماننامـە و

[1] کوردۆ عەلی، بزووتنەوەی کوردایەتی لە نێوان لێژەنی سەربەخۆیی و گێـژەنی ئۆتۆنۆمیـدا، پاساو ١٩٩٨، ل١١.

[2] مێژووی هاوچەرخی کورد، ل٤٨٣. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم پارتە و ڕۆڵی کورد تیایدا بڕوانە: حنا بطاطو، العراق / الکتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ت: عفيفـة الـرزاز، ط١، بـيروت ١٩٩٢، ص٣٦٧–٣٦٩.

[3] ژیرارد چالیاند، س.پ، ل١٥٨: فاتح رەسول، س.پ، ل٩٠-٩٣.



[1] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. اسماعیل شـکر، م.س، ص١٦٣-١٦٦. هـەروەها: مەسعود محەمەد، رەمـزی نـافع/ قوربانیـە زلەکـەی هـەولێر، گۆڤـاری (کـاروان) ژ(٣٣) حوزەیرانی ١٩٨٥، ل٥-١١.

[2] لەم بارەیەوە (لوسیان رامبۆ)ی کوردناسـی فەرەنـسی دەڵـێ: کـاتێ رووسـەکان لـە سـاڵی ١٩٤١دا لە ئێران دابەزین، هیوای کورد بە پـشتیوانی ئـەوان بـۆ بزاڤەکـەیان گەشـایەوە ((بەڵام هەڵوێستی ڕاستەقینەیان دواتر ئەوەی لـە کـورد گەیانـد کـە هیواکـەیان سـەراب بوو)). الکرد والحق، ت: عزیز عبدالاحد نباتی، اربیل ١٩٩٨. ص١٣٠. هەروەها بڕوانـە: نەوشێروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان/ ڕێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥، کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، چ٢، هەولێر ١٩٩٣.

[3] بڕوانە ژیرارد چالیاند، س.پ، ل٣١١-٣١٥، لەبارەی سیاسەتی وولاتە زلهێزەکان بە گشتی لە هەمبەر دۆزی کورد بڕوانە: لازارییف، ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کـورد پێـك دێـنن، و: سعد عبدالله، (ب.ش) (ب.س)، ل٣٨-٤١.

گلۆتی سەربازی کە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانیان لێدان و سەرکوت کردنی ئەم بزاڤە بوو[1]. ئەوەتا ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەی کورد و مەترسیەکانی هۆکارێکی گرنگی بەستنی پەیمانی (سەعد ئاباد) بوو کە ساڵی ١٩٣٧ لە نێـوان دەوڵـەتانی تورکیا و ئێران وعیراق لەگەڵ ئەفغانـستان مـۆرکرا، بـە جۆرێـك کـە (ڕۆبـەرت ئۆلسن) دەڵێت سەرنج و بایەخی مۆرکەرانی ئەم پەیمانە (جگـە لـە ئەفغانـستان) زیاتر بەلای ئەم کێشەوە بوو، بۆیە لە نێـو (١٠) مـاددە بنەرەتیەکـەی چـواریان تایبەت بوون بە پێویستی کۆنترۆڵکردنی کورد[2].

شایانی باسکردنە (پـەیمانی بەغـدا)ی سـاڵی (١٩٥٥)یـش لـە ئامانجەکانیـدا هەمان هەڵوێست و مەبەستی هەبوو سەبارەت بە کورد و دۆزەکەی، بە تایبـەتی بەلای سێ دەوڵەتە داگیرکەرە سەرەکیەکەی کوردستان، بەڵکو ئەم پەیمانە ((تەنیا لە کاری دژایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا تـوانی ڕۆڵـی سـەرەکی خـۆی ببینێ))[3]. هەروەها لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولیش هاریکاری و هەماهـەنگی هەبوو لە نێوان حکومەتی عیراق و هەریەکە لە تورکیا و سوریا. بە تایبـەتی لـە بواری دەستگیرکردن و گێڕانەوەی گومانلێکراوان و پەنابەرانی کوردستانی باشوور بۆ دەستی دەسەڵاتدارانی عیراقی[4]. بێگومان مەسەلەیەکی شاردراوەش نیە کـە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: د. جبار قادر، س.پ، بابـەتی (هاوکـاری دەوڵـەتانی داگیرکەری کوردستان دژی گەلی کورد)، ل٥٥-٨٨.

[2] المسالة الكردية في العلاقات التركيـة — الايرانيـة، ت: محمـد احسان، اربيـل ٢٠٠١، ص٣٩، لـە بارەی دەقی خاڵەکانی پەیمانەکەش بڕوانە هەمان سەرچـاوە پاشـکۆی ژمـارە (٢) ل١٠٠-١٠٤.

[3] د. جبار قادر، س.پ، ل٧٢-٧٥.

[4] بڕوانە دەقی ئەو بەڵگەنامە عیراقیانەی کە بڵاوکراوەتەوە لـە: د.عبـدالفتاح علـي البوتـاني، الحركة القومية الكوردية التحررية/ دراسات ووثائق، دارسپیرێز للنشر، دهـوك ٢٠٠٤، ص٣٥١-٣٦٨.



پەیمانی (٦)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ی نێوان عێـراق و ئێـرانیش کـە بـە پـەیمانی جـەزائیر بەناوبانگـە، کاریگـەری بـەهێزی هـەبوو لـە داڕمـانی ئـەم شۆڕشـەی کوردستانی باشوور[1].

دواتایبەتمەنـدی قۆنـاغی سـێیەمی بزاڤـی ڕزگـاریخوازی کـوردی بریتیـە لـە کورژبوونەوەی داواکاری و ئامانجە نەتەوایەتیە باڵاکانی ئەم بزاڤە، بە جۆرێك لەم قۆناغەدا داوای سەربەخۆیی تەنانەت بۆ بەشێکی خاکی کوردان لە ئارادا نـەما و ئیتر پێکهێنانی کوردستانی مەزنی سەربەخۆ بـوو بـە خـەون و خـەیاڵ. چـونکە داواکاریەکانی بزاڤی کوردایەتی و ئەو ئامانجانەی کە چەندەها قوربانی بـۆ دەدرا لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا تایبـەت بـوو بـەو پارچـەیە و زیـاتر لـە قـاوغی (ئۆتۆنـۆمی)دا خـۆی دەبینیـەوە[2]. ئـەوەتا ئـەو دروشمـە لەبەرنامـەی زۆربـەی ڕێکخراوە سیاسیەکان و ئامانجی ڕاپەڕینە چەکداریە کوردیـەکانی ئـەم قۆناغـەدا ڕەنگی داوەتەوە، وەك (کۆمەڵەی ژێکاف) و هەردوو پارتی (شۆڕش) و (ڕزگاری) و هەروەها ڕاپەڕینی (بارزان)ی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥، ئەگەر چـی هەنـدێکیان تەنیا وەك هەنگاوی یەکەم گوزارشیان لێکردبوو[3]. تەنانەت لە کۆماری مەهاباد

---

[1] لازارییف، ئەو هۆکارانەی...، ل٤٢-٤٣، بۆ زانیاری زیـاتر لـەم بارەیـەوە بڕوانـە ژێـرارد چالیاند. س.پ، ل٣١٣-٣١٨: د. جەبار قادر، س، پ، ل٧٨-٨١.

[2] بۆ ڕاڤەکردنی ڕەهەند و لایەنەکانی ئەم داکشانە لە ئامانجەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا بڕوانە: کوردۆ عەلی، س. پ، هەروەها: د. سەعدی عوسمـان، ڕاپەڕینـەکانی کوردسـتانی باشـوور ١٩١٤-١٩٤٥/ توێژینەوەیـەکی هەڵـسەنگێنەرانەی هۆکارەکـان و ئامانجـەکان، گۆڤاری (زانکۆ) ژ(٢٥) حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل٦٦٣-٦٦٤.

[3] بۆ نموونە بڕوانە: عبدالستار طـاهر شريف، م. س، ص١١١-١٢١، ديڤيد ماکداول، س. پ، ل٤٨٢، مەهدی محەمەد قادر، س، پ، ل٥٨، ٩٤، ١٠٥. معروف جيـاووك، مأسـاة بـارزان المظلومة، ط٢، اربيل ٢٠٠١، ص١٢٠-١٢٦.

و شۆڕشی ئەیلولیش ئـاواتی کـورد لـە ئۆتۆنـۆمی و سـەربەخۆییەکی کـارگێڕی سنووردار تێپەڕی نەدەکرد[1].

سەرەڕای ئەمەش لە هەندێ باری دەگمەن و کەمیشدا ئالأی کوردستانی مـەزن و دروشمی سەربەخۆیی بەرزکراوەتەوە و گوزارشی لێوەکراوە، بەلأم ئەمـە یـان لـە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوەبوو کە خاوەن کێشی سیاسـی ئـەوتۆ نـەبوون لـە بزاڤـی کوردایەتیدا، وەك (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتی کوردسـتان — کاژیـك) کە لە (١٤)ی نیسانی ١٩٥٩ دامەزرا[2]. یان تەنیا هەستێکی سۆز ئامێزی بـێ زەمینە وبنەمای کـرداری بـوو وەك (پـەیمانی سـێ سـنوور) کـە لـەئابی ١٩٤٤ لـەخالی بەیەکگەیـشتنی سـنووری نێـوان عێـراق وتورکیـا وئێـران مـۆرکرا و تیایدانوێنەرانی ئەم سێ پارچەیەی کوردستان بەڵێنی هاریکاری ویەکدەنگییان دا بۆ گەیشتن بەمافەکانی کورد[3]. و یان بۆ دەستەبەر کردنی ئامـانجێکی بـچووکتر سازشی پێکـراوە. ئـەوەتا (پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانی تورکیـا) ئەگەرچـی

[1] لەبارەی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کە ڕێبەرایەتی کۆمـاری مـەهابادی دەکـرد بڕوانـە دەقی ڕاگەیاندنی حیزبی ناوبراو لە: مەحمود مەلا عززەت، دەولەتی جمهـوری کوردسـتان، ب١، ل٤٨، هەروەها، نەوشێروان مـستەفا ئـەمین، س. پ، ل١٣٨-١٣٩. وە لـە بـارەی ئامانجەکانی شۆڕشی ئـەیلول بڕوانـە دەقـی ئـەو یاداشـتەی کـە ڕێبەرایـەتی شـۆڕش لـە ١٩٦٤/١٠/١١ پیشکەشی حکومەتی عیراقی کرد لە: عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحرکة...، ص٣١٣–٣٢٢، هەروەها دیڤید ماکداول، س.پ، ل٥٣٦. شایانی باسکردنە لەم چەند ساڵەی دواییدا ئـەم ئامانجـە تاڕادەیـەك پەرەسـەندنی بـەخۆوە بـینی کـاتێ هێـزە نیشتیمانیە سەرەکیەکانی کوردستانی باشوور دروشمی (فیدرالیزم)یان بەرزکردەوە، بڕوانـە: دیڤید ماکداول، س، پ، ل٦٢٣.

[2] بڕوانە دەقی نووسراوی (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایـشی ناوچـەی سـلێمانی) بـۆ (مەتەسـەریفی لیوای سلێمانی) بە ژمارە (ق.س/٩٨) و لە بەرواری ١٩٦٤/٨/٢٩. بـە وەرگـرتن لـە: د. عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن...، ص٥٢٠–٥٢٢.

[2] زنار سلۆپی،م.س،ص٢٣٠، هەروەها بڕوانە: نادر ئینتیسار،س. پ،ل٤٦.



((بەتووندی قسەی لە دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ)) دەکرد[1] بەلأم لـە ساڵی ١٩٩١دا سەرکردەی ئەم پارتە ڕەزامەندی خۆی لەسەر ڕێگاچارەی فیدرالی لە چوارچێوەی تورکیادا بەئاشکرا دەربڕی[2]. لـە کۆتاییـدا نـابێ ئـەوەش لـەیاد بکـەین کـە دروشمـی سـەربەخۆیی لـە لایـەن کۆمەڵـەی (خۆیبیـوون)یـش بەرزکراوەتەوە[3] تەنانەت ناوی کۆمەڵەکەش هەر واتای ئەم زاراوەیـە دەگـەینێ، بەلأم دەتوانین بڵێین ئەمە بە هۆی بەردەوامی کاریگەری قۆناغی دووەمەوە بـوو، بە تایبەتی کە ئەم ڕێکخراوە لـە مـاوەی گواسـتنەوەی نێـوان هـەردوو قۆناغـدا دامەزرا.

**دەرئەنجام:**

ئەم توێژینەوەیە بە پێی مەبەستە سـەرەکیەکانی گەیـشتە ئـەم دەرەنجامانـەی خوارەوە:

أ- بـزاڤ و ڕاپەڕینـەکانی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەهـەم بەسـەرەتای سەرهەلدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی دادەنرێن، بەو پێیەی پالنەری نەتەوەیی کاریگەری هەبوو لەبەرپابوونی ئەم ڕاپەڕینانـە و هـەروەها نیـاز و دەرەنجامـە کرداریەکانیش لە کۆتاییدا بریتی بوو لە وەلانانی دەسەلأتی بیانی (عوسمانی و ئێرانی) و گۆڕینی قەوارە خۆمالّیەکان بـۆ قـەوارەی نەتـەوەیی سـەربەخۆ یـان بەلایەنی کەم نیمچە سەربەخۆ.

[1] لە بارەی بیری سەربەخۆیی لای ئەم پارتە بڕوانە: رعد عبـدالجلیل مـصطفی، م. س، ص١١٨ ومابعدها.

[2] دیڤید ماکداول، س. پ، ل٧٠٥، ژیرارد چالیاند، س. پ، ل٤٣٧.

[3] ڕۆهات ئالاکوم، س. پ، ل١٦.

ب- خەباتی رزگاریخوازی کوردی بە پێی سیما و دیاردە گشتیەکانی لە سەرەتاوە تا ئەم ساڵانەی دوایی بەسێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەریوە کە ئەمانەن:

<u>قۆناغی یەکەم</u>: لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی حەفتاکانی هەمان سەدە دەخایەنێت، وە گرنگترین سیماکانی ئەمانەن:

١- لەم قۆناغەدا توێژی میرەکان و نەوەکانیان رێبەرایەتی راپەرینەکان دەکەن وەك محەمەد پاشای سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان و یەزدانشێر.

٢- راپەرینەکانی ئەم قۆناغە خاوەن بەرنامەیەکی دیاریکراو و تۆکمە نەبوون، هەروەها لە رووی رێکخستن و ریزبەندی هێزەکانیش لە ئاستێکی باشدا نەبوون.

٣- رێبەرانی ئەم قۆناغە لەرووی هۆشیاری سیاسی و دیبلوماسی لە ئاستێکی نزمدا بوون بۆیە سنووری بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان لەهەلومەرجی نێودەولەتی بەرتەسك بوو.

٤- لەگەل ئەمەی سەرەوەش رێبەرانی ئەم قۆناغە رۆلێکی تەوەرەییان دەگێرا لە رووداوەکان و هەڵوێستی خەڵکی رەشۆکی لە هەلوێستی ئەواندا رەنگیدەدایەوە، لە کاتێکدا زۆرجار رێبەرەکان لەپاڵ ئامانجە نەتەوەییەکان بەرژەوەندی خۆیان رەچاودەکرد.

<u>قۆناغی دووەم</u>: لە راپەرینی ساڵی (١٨٨٠)ەوە دەگرێتەوە تا سییەکانی سەدەی بیستەم، گرنگترین تایبەتمەندیەکانیشی ئەمانەن:

١- لەم قۆناغەدا ریبەرایەتی بزاڤەکە لە ئەستۆی کەسایەتیە ئایینیەکان (وەك شێخ عوبێدوڵڵای نەهری و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران) و سەرانی هۆزەکان(وەك سمکۆی شکاك) دا بوو، کە دەسەڵاتێکی تاکرەوییان لەئاراستەکردنی بزاڤەکە پیادە دەکرد.

٢- لەم قۆناغەدا دروشمی سەربەخۆیی و تەنانەت کوردستانی مەزنیش بە روونی و راشکاوانە بەرزکرایەوە.



٣- رێبەرانی ئەم قۆناغە هەڵوێستی ولاتە زلهێزەکانیان بەهەند هەڵگرت و هەوڵیاندا دەنگیان بگەیەننە ئەم ولاتانە و پالپشتیان بۆ بزاڤی کوردی دەستەبەربکەن.

٤- لەم قۆناغەدا سەرەتاکانی خەباتی رۆشنبیری و سیاسی و رێکخراوەیی بەدیارکەوت و هەولدرا لەپال شێوازی چەکداری (کە تاکە شێوازبوو لە قۆناغی پێشوودا) پیادەبکرێت.

<u>قۆناغی سێیەم</u>: لەسییەکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی لەخۆدەگرێت و گرنگترین تایبەتمەندی و سیماکانی ئەمانەن:

١- لەم قۆناغەدا پارت و رێکخراوە سیاسیەکان رێبەرایەتی بزاڤەکەیان گرتە ئەستۆ دوای ئەوەیی زۆربەی هێزە نیشتمانیەکان خۆیان لەچوارچێوەی ئەم رێکخراوانەدا رێکخست.

٢- سەرەرای مانەوەی کاریگەری سەرکردە تەقلیدیەکان لە ئاراستەکردنی ئەم رێکخراوانە هێشتا خەباتی سیاسی و مۆرکی رێکخراوەکان بەسەر بزاڤی رزگاریخوازیدا دیاربوو. بە تایبەتی لەبەکارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندن و بەدیار کەوتنی رۆلی چین و توێژە کۆمەلایەتیە رەنجدەر و چەوساوەکان.

٣- سەرهەلدانی بیری چەپرەوی لە نێو نیشتمانپەروەرانی کورد، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردی و بنەما هزریەکانی.

٤- دروستبوونی جۆرێك لە پەیوەندی لە نێوان بزاڤی رزگاریخوازی کوردی و ولاتە زلهێزەکان کە خۆیان وەك پشتیوانی کورد پیشاندا بەلام بێ ئەمەك بوون.

٥- بچووکبوونەوەی ئامانجە نەتەوایەتیەکانی کورد و وازهێنان لە داوای سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانی مەزن لە پێناو دروشمی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کارگێری سنووردار.

# باسی دووەم

## ڕاپەڕینەکانی کوردستانی باشوور ١٩١٤ — ١٩٤٥

(توێژینەوەیەکی هەڵسەنگێنەرانەی هۆکارەکان و ئامانجەکان)

## پێشدەستی..

زاراوەکانی (شۆڕش، ڕاپەڕین، خەباتی چەکداری) هەرچەندە لە ڕووی ڕوخسار و تایبەتمەندی لەیەکتر جیا بن و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت، هەموویان لە ڕووی ناوەڕۆك و ئامانجی گشتیدا یەکدەگرنەوە" کە بریتییە لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی پۆزەتیف و کاریگەر بەرامبەر هەر ستەمکاری و داپڵۆسینێك چ لە ڕووی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕۆشنبیری بێت. میللەتی کوردیش کە سەدەهای ساڵە بە دەست داپڵۆسێن و چەوسانەوەی نەتەوایەتی بە هەموو شێوەکانیەوە دەناڵێنێت، ڕاپەڕینی کردووە بە شێوازێکی گرنگ و دیاری بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی. لە کاتێکدا بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی زاراوەیەکی فراوانە و لە پاڵ ڕاپەڕین چالاکی ڕێکخراوەیی و پەیوەندی و هەوڵی دبلۆماسی و خەباتی ڕۆشنبیریش دەگرێتەوە، بۆیە مێژووی کوردستان کە لە ڕاستیدا بریتییە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد، بە شێوەیەکی ڕوونتر گوزارشە لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد. دیارە پەنا بردنە بەر ئەم شێوازەش، سیاسەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان لە لایەك و تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردەواری لە لایەکی تر دیاریان کردووە. مەبەست لەو تایبەتمەندییە پابەندی مرۆڤی کوردە بەچەك و ئامادە بوونیەتی بۆ قوربانیدان، گومانیش لەوەدا نیە کە قوربانیدان بنەمای سەرەکی ڕاپەڕین و سووتەمەنی هەڵسوڕاندنی ڕەوڕەوەکەیتی.

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕاپەڕینەکان و بزاڤی چەکداری کورد لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ — ١٩٤٥ مەسەلەیەکی بایەخدار و پڕ سوودە، چونکە ئەو ماوەیە خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لە خۆ دەگرێ سەبارەت بە دۆزی کورد و ئایندەی کوردستان، کە بریتییە لە دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان لە چوارچێوەی دەرەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم،هەروەها ڕاپەڕینە چارەنووسسازەکانی ئەو ماوەیەی کوردستان و کاردانەوەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان و وڵاتە هەرێمی یە داگیر کەرەکان بڕیاردەر و نەخشە کێشی ڕەوتی مێژووی کوردستان بوون. سەبارەت بە چوارچێوە



زەمەنیەکەی باسەکەش کە دەستپێکی جەنگی جیهانی یەکەم و کۆتایی جەنگی دووەمە، لەوەوە هاتووە کە ئەو ماوەیە بە زۆری ڕاپەڕینەکان دەناسرێ لەو پارچەیەی کوردستان لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە نوێیەی کە دوای جەنگ وەری گرت، هەروەها لە دوای ساڵی ١٩٤٥ هیچ ڕاپەڕینێکی چەکداری ئەوتۆ لە کوردستانی باشووردا بەرپا نەبوو تا شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە چەندین سەرچاوەبەستووە کە لەپێش هەموویان بەڵگەنامەکان دێن، کە لە نێویاندا لە هەموویان گرنگتر یاداشتێکی ڕەسمیە بەرپرسێکی بەریتانی بەناوی (ب. هۆلت) لەبارەی (شێخ محمود)ەوە نووسیویەتی، دەقەکەی بە زمانی کوردی لەلایەن (ئازاد گەرمیانی) لە گۆڤاری (ئاڵای ئیسلام) بڵاوکراوەتەوە. بایەخی ئەم بەڵگەنامەیە لەوە دایە زۆر لایەنی شاراوەی تایبەت بە هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر شێخ و بزاڤەکەی بەڕاشکاوی دەخاتە ڕوو، لەپاڵ ئەمە چەندین بەڵگەنامەی بەریتانی تر سوودی لێ بینراوە، ئەویش لە ڕێگەی هەردوو کتێبی (کردستان فی عهد السلام — د.احمد عثمان ابوبکر) و (الکرد و کردستان فی الوثائق البریطانیة — د. ولید حمدی). هەروەها مێژوو نووس (عبدالفتاح بۆتانی)ش چەندین بەڵگەنامەی بەریتانی و عیراقی ڕەسمی لە کتێبی (وثائق عن الحرکة القومیة الکردیة التحرریة) بڵاوکردۆتەوە کە زانیاری گرنگیان بۆ باسەکە دابینکردووە. لە دوای ئەمە لە ڕیزبەندی سەرچاوەکان یاداشتەکان دێن، کە ئەوانیش سەرچاوەی ڕەسەنن بەتایبەتی کە نووسەرەکانیان بەشداریان لە زۆربەی ئەو ڕووداوانە کردووە کە دەیانخەنە ڕوو بە تایبەتی هەریەکە لە (ڕەفیق حلمی) و (ئەحمەد خواجە). سەرچاوەیەکی گرنگی تری ئەم باسە هەفتەنامەی (ڕۆژی کوردستان)ـە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢ — ١٩٢٣ وەك زمان حاڵی حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی دەردەچوو تیایدا چەندین ڕووداوی وورد و هەروەها بۆچوونی حکومەتی شێخ خراوەتە ڕوو. لەپاڵ ئەمانە کتێبە چاپکراوەکانیش سوودێکی گرنگیان بە باسەکە گەیاندووە بە تایبەتی هەندێکیان کە دانەرەکانیان ڕۆڵیان لە ڕووداوەکاندا هەبووە یان هاوچەرخی ڕووداوەکان بوون.

وەك: (ارنلد ويلسون — بلاد مابين النهرين بين ولائين) و (مس بيل — فصول من تاريخ العراق القريب) و (دبليو. ار. هي. — سنتان في كردستان) کە ئەوانە هەموویان بەرپرسی بەریتانی بوون لەو سەردەمەی توێژینەوە کە دەیگرێتەوە. هەر لە نێوان ئەو کتێبانە هەندێکی تر زانیاری دەگمەن و زانستی و پڕ بایەخیان تێدایە وەك (رەسول هاوار — شێخ مەحمودی قارەمان و دەولەتەکەی خوارووی کوردستان) و (مسعود البارزانی — البارزاني والحركة التحررية الكردية) و (جبار قادر — چەند بابەتێکی مێژووی کورد) و چەندانی تر کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە.

## دەروازەیەکی مێژوویی

داهاتنی بەرەبەیانی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری پۆزەتیڤانەی لەگەڵ خۆی بۆ کوردستان نەهێنا. کوردستانی خوارووش کە بەشێك بوو لەو زەمینە فرەوانەی کوردستان کە هەر لە دوای شەڕی چالدێرانی[1] ساڵی ١٥١٤ چارەنووسی بە ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە گرێدرا، لە سەرەتای ئەم سەدەیە لە بارودۆخێکدا دەژیا کە پێی دەگوترێ (سەردەمی ستەمکاری حەمیدی)، چونکە سەرەڕای دارمانی ژێرخانی ئابووری دەولەت و گەندەڵی دامودەزگاکانی، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ - ١٩٠٩) دەسەڵاتێکی دکتاتۆریانەی دڕندەی پیادە دەکرد[2]. لە ژێر سایەی ئەم بارودۆخەدا کوردستان بێجگە لە داپڵۆسینی نەتەوەیی و نەناسینی ئازادی سیاسی دووچاری چەندەها ستەمی تر دەبۆوە،

[1] لە بارەی ئەم شەڕە و دەرەنجامەکانی لەسەر کوردستان بڕوانە: سعدي عثمان حسين، كوردستان والامبراطورية العثمانية / دراسة في تطورها السياسي ١٥١٤ — ١٨٥١، اطروحة ماجستير، كلية الآداب / جامعة صلاح الدين — اربيل ١٩٩٥، ص ٢٦–٣١.

[2] لە بارەی سەردەمی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم بڕوانە: د. آلما وتلن، عبدالحميد ظل الله على الأرض.



سەربازگرتنی بە زۆری (التجنيد الاجباري) دەستبژێری لاوەکانی کوردی دەکرد و کوردستانی لە گرنگترین بەشی هێزی کارکەر بێبەش دەکرد، بەرتیل خۆری مووچە خۆرانی عوسمانی و باج و پیتاکە زۆر و هەمە جۆرەکانی دەولەت تا ئەو ڕادەیە دڕندە بوو کە هەندێ جار جووتیارانی کورد ناچار دەکران کچەمنداڵەکانی خۆیان لە جیاتی باج دەست لێ هەڵگرن[1]. هەروەها تاڵانکردنی کەرەستەی خۆراکی و ئازووقە لە کورد و هێنانەکایەی قاتوقڕی بۆیان کارێکی ئاسایی بوو بەلای لەشکر و سەربازانی عوسمانی.

ئەمانە بە بەردەوامی هۆکاری دژایەتی کردنی دەولەتی عوسمانییان لەلای کورد دروست دەکرد، بۆیە پێشوازییان لەهەر گۆڕانێك دەکرد کە بەسەر ئەو ڕژێم و بار و دۆخەدا بهاتبایە. هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوە کودەتای ساڵی ١٩٠٨ی کۆمەڵەی (ئیتتحاد و تەرەقی) بووە مایەی خۆشحالی کورد و بڕوا وابوو کە دەروازەیەکی نوێی هیوا لە بەردەم هەموو گەلانی دەولەتی عوسمانی کرایەوە[2]. لە ڕاستیشدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتانی عوسمانی لە نێویدا هی کوردیش تەکانێکی پێدرا. بەڵام هەر زوو بە زوو بەدیارکەوت کە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەو تۆ بەسەر سیاسەتی نێوەندە دەسەڵاتدارە عوسمانییەکاندا نەهات دوای سەرکەوتنی کودەتای ١٩٠٨، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمە نا ئومێدییەکی تەواو نێوەند و لایەنە ئازادیخوازەکانی دەولەتی عوسمانی گرتەوە، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە توند و تیژ و شۆڤێنستانەی کە ئیتتحادییەکان بەرامبەر نەتەوە نا

[1] صديق الدملوجى، امارة بهدينان الكردية، ط٢، مراجعة وتقديم: د. عبدالفتاح علي يحيى، اربيل ١٩٩٩، ص٥٠ — ٥١.

[2] يوسف عزالدين، تطور الفكر الحديث، ص٣٨. بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی کۆمەڵەی ناوبراو و کودەتای ١٩٠٨ بڕوانە: ارنست رامزاور، تركيا الفتاة وثورة ١٩٠٨، ت: صالح احمد العلي، بيروت١٩٦٠.

تورکـەکان پیادەیـان کـرد. ئەمــەش هۆکـاری بزوێنــەری نـوێی بـۆ جوولانــەوە ڕزگاریخوازەکان هێنا کایەوە[(١)].

کوردستانی باشووریش هاوکات لەگەڵ ناوچەکانی تـری کوردسـتانی عوسمـانی چووە باری ورووژانەوە. لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٠٨ و سـەرەتای ١٩٠٩ سـلێمانی بووە مەڵبەندی بزاڤ دژ بە دەسەڵاتدارانی تورك لەم بەشە نـاوبراوەی کوردسـتان و بنەماڵەی سەرۆکی ئاینی کوردی (شێخ سەعید) کە لە سلێمانی باڵا دەسـت بـوو پێـشەوایەتی ئـەم جوولانەوەیــەی دەکـرد. دەسـەڵاتداران بــە مەبەسـتی هێـور کردنــەوەی بـارودۆخ (شــێخ ســەعید) و چـەند ئەنـدامێکی بنەماڵەکـەیان دوور خستەوە بۆ موسڵ، بەڵام ئەم هەنگاوە بووە هۆی تەشەنەکردنی جولانەوەکە نـەك دامرکاندنەوەی، کاتێك لەوێ لە بارودۆخێکی نادیاردا ژمارەیەك لەو دوورخراوانە کە شێخی ناوبراویشیان لە نێودا بوو کوژران[(٢)].

ئەم ڕووداوە بووە هۆی کۆبوونەوەی کورد لە دەوری (شێخ مەحمودی کوڕی شێخ سەعید) بە تایبەتی هۆزی جەربەزەی (هەمەوەند)[(٣)]، ڕاپەڕیوان بە درێژایی ساڵی ١٩٠٩ لــە چـاڵاکی نوانــدن دا بــوون و چــەند جارێــك هێزەکـانی عوسمانییـان تێکـشکاند و هەڕەشــەیان لــە دەســەڵاتی حکومــەت لــە سـلێمانی کـرد. بۆیــە فەرماندەی هێزەکانی عوسمانی لەو ناوچەیە ناچاربوو هێزێکی زۆر بخاتــە مەیـدان بۆ زاڵبوون بەسەر ڕاپەڕینەکە و هـەر لــەو چوارچـێوەیەدا (٤٠) گونـدی کــوردی

(١) بلەج شێرکۆ، کێـشەی مێژینـە و ئێـستای کـورد، و: محەمـەد حەمـە بـاقی، چ٣، ب.ش. ١٩٩٢، ل ٥٤ — ٥٦: هەروەها بڕوانە: د. کمال مظهر احمد، کردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت: محمد الملا عبدالكريم، ط٢، بغداد ١٩٨٤، ص١١٤.

(٢) ڕەفیق حلمی، یادداشت / کوردستانی عـیراق و شۆڕشـەکانی شـێخ مـەحمودی حەفیـد، ب ا،چ١، هــەولێر ١٩٨٨، ل ٣٩ — ٤٠: عبـدالمنعم الغلامــي، الـضحايا الـثلاث، الموصـل ١٩٥٥،ص٦، وە بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە سەرهەمان دوو سەرچاوە.

(٣) مس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ت: جعفر الخياط، ط٢ بغداد ١٩٧١، ص١٣٧.



سوتاند و تاڵانکرد. لە کۆتاییشدا بەهۆی سوود بینینێکی زیرەکانە لە ناکۆکییـە هۆزایەتی و چینایەتییەکان توانی تاڕادەیەك بارودۆخەکە هێمن بکاتەوە[(١)]. بەڵام شێخ مەحمود دەسـتبەرداری چـاڵاکییە سیاسـی و دیبلۆماسـییەکانی نـەبوو بـۆ دابینکردنی مافی کورد.

لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسەتی توندڕەوانەی دەسەڵاتدارانی ئیتتحـاد و تـەرەقی، بزاڤی کوردیش وەك کاردانەوەی ئەمە بە گوڕوتین تر و ڕێکخراوتر دەبوو، شان بـە شـانی خـەباتی چـەکداری هــەوڵی سیاسـی و ڕۆشـنبیریش بـرەوی پێـدرا و (ئەسـتەمبۆل)ی پایتــەختی عوسمـانی بــووە لانــەی خـەباتکارانی ڕۆشـەنبیر و سیاسەتمەدارانی کورد[(٢)].

لە چوار چێوەی بڵاو کردنەوەی بنـەماکانی ئـەم بزاڤـە بـە ناوچـە فراوانـەکانی کوردستان، ڕۆناکی و تیشکی ئەم خەباتە گەیشتە ناوچەی (بـارزان)یـش، دیـارە هەبوونی پەیوەندی لە نێوان (شێخ عەبدولسەلام بارزانی)[(٣)] و ڕۆشـنبیرانی کـورد لە ئەستەمبۆل[(٤)] و گەیشتنی بڵاوکراوە و چـەمکەکانی ئـەم بزاڤـە ڕۆشـنبیری و سیاسییە بـۆ بـارزان و خوێندنــەوە و تێگەیـشتنی لــە لایــەن خـەڵکی ئـەوێ[(٥)] کاریگەری گرنگی هەبوو لە بەرەوپێشەوەچوونی بزاڤی کورد لەو مەڵبەندە کـوردە سەخت و ڕەسەنە.

(١) جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عبدي حاجي، ط١، بيروت ١٩٩٢، ص٦٩.

(٢) لەبارەی ئەم چاڵاکیانە بڕوانە: د. جليلي جليل، نهضة الاكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن التاسع عشر وبداية القرن العشرين، ط١، بيروت ١٩٨٦.

(٣) کوڕی شێخ محەمەدی شێخ عەبدولسەلام بارزانی یەو لـە سـاڵی ١٩٠٢ لـە تەمـەنی (٢٨) ساڵی لە شوێنی باوکی بووەتە شێخی تەکیەی بارزانی نەقشبەندی.

(٤) پیرە ڕەش، بارزان وحركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦ — ١٩١٤، (د.م) ١٩٨٠، ص ٢٤ — ٢٥.

(٥) صديق الدملوجي، م. س، ص ٩٤.

شێخ عەبدولسەلام کە ئاگادار بوون لە هەموو خراپەکارییەکانی حکومەتی عوسمانی و ناهەمواری بارودۆخی کوردستان لە ژێر سایەی ئەم حکومەتە، هەوڵیدا خۆی تەنها بە چوار چێوەی بارزان گۆشەگیر نەکات و بەڵکو لە کارکردندابوو بۆ فراوانکردنی سنووری هەوڵ و پەیوەندییەکانی. لە کۆنگرەیەکدا لە ساڵی ١٩٠٧ شێخ توانی ژمارەیەکی زۆر لە ریش سپی و سەرەك هۆزانی ناوچەی بادینان لە گوندی (بریفکان) کۆبکاتەوە و بە ناوی هەموان بروسکەیەك بۆ ئەستەمبوڵ رەوانە بکەن، کە لە گرنگترین خاڵەکانیدا مەسەلەی بە رەسمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکان و بە کوردی کردنی خوێندن خرابووە روو[1]. لەو بروسکەیەدا هەرچەندە بە ئاشکرا هۆشیاری نەتەوەیی و رۆشەنبیری و تەنانەت ئابووریش بە دیار دەکەوێت، بەڵام لەلایەکی تر بیری ناوچە گەرێتی پێوە دیاربوو چونکە ئەم داواکاریانە تەنیا ناوچەی بادینانی دەگرتەوە.

دەسەڵاتدارانی عوسمانی کە بەهیچ جۆرێك ئامادەی بیستنی بانگەوازی بەرەوپێشبردنی ناوچە کوردییەکان نەبوون، ئەم داواکارییانەیان بە راگەیاندنی راپەرین لە قەڵەم دا و بە گورجی کەوتنە خۆ ئامادە کردن بۆ سەرکوتکردنی ئەم راپەرینە، بە تایبەتیش کە ئاگاداری فراوانی دەسەڵاتی رۆحی شێخ عەبدولسەلام و هەستیاری بارودۆخی کات و شوێنی راپەرینەکە بوون، هەر لەم بارەیەوە دەتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە پەیوەندی کردنی شێخ بە نوێنەرانی هەردوو دەولەتی روسیا و بەریتانیا لەو ناوچەکە، گومانی لە دڵی دەسەڵاتدارانی عوسمانی دروستکرد هەروەکو بەڵگەنامە عوسمانییەکان بە دیاری دەخەن، وە زیاتر هانیدان بۆ بەلەزکردنی ئامادەکارییەکانیان[2].

---

[1] م. ن.، ص ٩٦، لە بارەی دەقی داواکارییەکانیش بگەڕێوە هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

[2] Osmanli Arsiv Daire Baskanligi،Musul- Kerkuk ile ilgili Arsiv Balgeleri (١٥٢٥ – ١٩١٩), Ankara, ١٩٩٣, S. ٣١٣, ٣١٧.

هەروەها بڕوانە: د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ژ (٩) کانوونی یەکەمی ١٩٩٨، ل ٢٠.



لە ساڵی ١٩٠٩ دەسەڵاتدارانی عوسمانی هێزی سەربازییان خستەگەڕ، بەڵام لەم بارەیەوە سەرکەوتنێکی سەقامگیرانەیان بەدی نەهێنا، بۆیە رێگای دانووساندنیان گرتە بەر و لە بەهاری ١٩١١ لەسەر چەند خاڵێك رێك کەوتن، کە زۆر بە روونی بەهێزی هەڵوێستی راپەریوان و شلۆقی بارودۆخی سەربازی عوسمانی بەدیار دەخەن[1]. بەڵام لە ئاداری ١٩١٤ دووبارە راپەرین لە بارزان بەرپابوویەوە بەهۆی گۆڕانی سیاسەتی عوسمانی و هەوڵدانیان بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ئەم ناوچەیە، هەرچەندە راپەرینەکەی ئەم جارە فراوانتر بوو[2] بەڵام لە بەرامبەریدا هێرشی عوسمانیش بەهێزتر و دڕندانەتر بوو،بۆیە راپەریوان خۆیان زۆر پێ ڕانەگیرا و شێخ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگیرانی پاشەکشەیان کرد بۆ (ورمێ)[3] و لەوێشەوە چوو بۆ روسیا بۆ باسکردنی مەسەلەی کورد، بەڵام دیارە رووسەکان هەڵوێستێکی سەلبیان دەربڕیوە[4] تا لە ئەنجامدا دوای گەڕانەوە بەهۆی دەستی ناپاك دەکرێت و لە ١٩١٤/١٢/١ لە موسڵ لەگەڵ سێ کەس لە هاوەڵانی لە سێدارەدران[5].

### هەڵوێست لە کوردستانی باشوور لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمدا

لە پایزی ١٩١٤ هەموو جیهان بەرەو ئاگری شەڕێکی بەرفراوان چوو کە جەنگی جیهانی یەکەم بوو، بەشداری کردنی دەوڵەتی عوسمانیش لەو جەنگە لە سەرەتاکانی تشرینی دووەمی ١٩١٤ بووە بڕیاردەری چارەنووسی دەسەڵاتی

---

[1] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة بارزان الاولى، كردستان ١٩٨٦، ص١٩، عبدالفتاح بوتانی، بزاڤی شێخ عەبدولسەلام، ل١٣-١٤، لەبارەی خاڵەکانیش بڕوانە سەرچاوەی دوایی.

[2] جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية، ص٨٢.

[3] دەکەوێتەرۆژئاوای دەریاچەی (ورمێ) و ئەو سەردەمە لەژێر دەسەڵاتی قاجاری دابوو.

[4] ڤاسیل نکیتين، العائلة البارزانية،ت: د. كاوس قفطان، مجلة (شمس كردستان) ع(٥).

[5] صديق الدملوجی، م.س.، ص ١٠٢ — ١٠٣.

عوسمانی لە کوردستانی باشووردا، بەڵکو زیاتر لەمەش دواتر چارەنووسی هەموو ئیمپراتۆریەتەکەی دیاریکرد.

لە ساڵانی جەنگ سێ دیاردە لە هەڵوێستی کوردستانی باشوور بەرامبەر دەولەتی عوسمانی بەرچاو دەکەوێت، یەکەمیان: چەواشە بوونی کورد — بە تایبەتی لە سەرەتاکانی جەنگ - بەهۆی بانگەوازی (غەزا) کە دەولەت ڕایگەیاندبوو بۆ سوود وەرگرتن لە توانا مرۆییەکان لە رووی سەربازی. هەر بۆ نموونە لە نیسانی ١٩١٥ شێخ مەحمود و ژمارەیەك لە چەکدارانی لەگەڵ کۆمەڵێك سەرۆك هۆز و خانەدانانی کورد بە بڕوای غەزا لە شەری شوعەیبە بەشداریان کرد دژی هێزەکانی بەریتانیا[(١)] کە لە باشوری عیراقی ئێستا بە ئاراستەی باکوور هێرشیان دەبرد. دووەمیان: بەکاریگەری ئەو تێکشکانە یەك لە دوای یەکانەی کە دەولەتی عوسمانی لە مەیدانەکانی جەنگ دوچاری هات و فراوانبوونی چوارچێوەی بزاڤی ڕزگاری زۆربەی میللەتانی ژێردەستی عوسمانی، هەڵوێستی کورد دواتر شێوازی یاخیبوونی وەرگرت لە بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانی، هەروەکو یاخیبوونەکانی دانیشتووانی ئامێدی و سلێمانی و ناوچەی تری کوردستان[(٢)]. مەبەست لەو یاخیبوونانەش بریتی بوو لە بەشداری نەکردن لە جەنگ و پێشکەش نەکردنی یارمەتی و ئازووقە بە دەولەت[(٣)]. دیاردەی سێیەمیش بریتی بوو لە پەیوەندی کردنی کورد بە هاوپەیمانان بەمەبەستی رزگاربوون لە دەسەڵاتی عوسمانی بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی جەنگ کە

(١) بڕوانە بەڵگەنامەی بەریتانی: ب. هولت:مذكرة حول الشيخ محمود، ت: د. ازاد گرمیانی،مجلة(ئاڵای ئیسلام) ع(١) آذار ١٩٩٦،ص ٤٨.
(٢) كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب، ص٢٠٠.
(٣) د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية/ دراسة تاريخية وثائقية، لندن ١٩٩١، ص٢٢.



هێزەکانی روسیا و بەریتانیا لە کوردستانی باشوور نزیك ببوونەوە. ئەوە تا شێخ مەحمود بۆ ئەو مەبەستە و بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی بۆ کورد پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی ڕووس کرد[(١)]. بێگومان ئەم دیاردەیەش هاوبەندە لەگەڵ دیاردەی دووەم، وە ئەگەر تەنیا یاخیبوون و مامەلە نەکردن هەڵوێستێکی نەگەتیڤانە بێت لە بزاڤی کوردی ئەو سەردەمە، ئەوا پەیوەندی کردن بە دوژمنانی دەولەتی عوسمانی (داگیر کەر و ستەمکار) بۆ کاری هاوبەش هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانەی ئەو بزاڤەیە.

سەبارەت بەم لایەنە پەیوەندییەکان لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانیا فراوانتر و گرنگتر بوون، لەبەر هەبوونی کاریگەرانەی بەریتانیا لە ناوچەکە و مەرامە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی لەوێ. بۆ یەکەم جار لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ کە هێزەکانی بەریتانیا گەیشتبوونە خانەقین پەیوەندی لە نێوان ئینگلیز و شێخ مەحمود هاتە ئاراوە هەروەکو بەڵگەنامە بەریتانیەکان دەری دەخەن[(٢)]. هێزەکانی بەریتانی لە پێشرەوی بەرەو باکوور بەردەوام بوون تا لە ئایاری ١٩١٨ شاری کەرکوکیش داگیر کرا[(٣)] و لە ئەنجامدا هێزەکانی عوسمانی لە شاری سلێمانیش هەڵوێستیان شلۆق بوو. ئەم سەرکەوتنانەی بەریتانیا جێگەی خۆشحالی کورد بوو بە هۆی بێزاری لە ستەمکاری عوسمانییەکان لە لایەك و چاوەڕوانی هێنانەدی ئەو بەڵێنانەی کە بەریتانیا پێی دابوون لە لایەکی تر. لەو

(١) کەمال نوری مەعروف (ساغ کردنەوە)، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، کوردستان ١٩٩٥، ل٢٩، جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ص٩٧.
(٢) ب. هولت، م.س. ص٤٩.
(٣) ارنلد، تي. ويلسون، بلاد ما بين النهرين بين ولائين، ت: فؤاد جميل، ط١، بغداد ١٩٧١، ج٢، ص١٥٧" د. احمد عثمان ابوبكر، كردستان في عهد السلام، مطبعة اوفسيت، اربيل ٢٠٠٢، ص٩.

چوار چێوەیەدا هۆزی بەناوبانگی (هەمەوەند)چەندەها نامەی پشتگیری و دۆستایەتی بۆ بەرپرسانی هێزەکانی بەریتانیا هەنارد[1]. لە سلێمانیش ریش سپی و سەرەك هۆزەکانی شار و ناوچەکە کۆ بوونەوە بۆ دیاریکردنی ئایندەی کورد، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری هاریکاری کردنیان لەگەڵ بەریتانیا دا بەمەرجێك مافەکانی کورد فەرامۆش نەکرێت، بۆ روونکردنەوەی ئەم هەڵوێستە شێخ مەحمود نامەی بۆ بەرپرسانی بەریتانی لە ناوچەکە نارد[2].

بەڵام ئەم پەیوەندی و هەوڵانەی بەهۆی داگیر کردنەوەی کەرکوك لەلایەن هێزەکانی عوسمانی لە (٢٧)ی ئایار تەگەرەیەکی کاتی هاتە پێش چونکە عوسمانییەکان دەستیان کرد بە تۆڵە سەندنەوە لەو کەس و لایەنانەی کە پەیوەندیان بە ئینگلیزەوە کردبوو، لەو چوار چێوەیەدا (شێخ مەحمود)یان دەستگیر کرد و لە کەرکوك دوای دادگایی کردنێکی سەرزارەکی فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرد. بەڵام دواتر بە نیازی سوود وەرگرتن لە دەسەڵاتی شێخ لە ناوچەکە لەو بارو دۆخە ئاڵۆزە و دژوارە، بە رێزلێنانەوە رەوانەی سلێمانییان کردەوە[3].

سەرەڕای ئەمە یەکەم هەنگاوی شێخ دوای گەڕانەوە هەروەکو بەڵگەنامە بەریتانیەکان باسی دەکەن بریتی بوو لە ناردنی نامە بۆ حکومەتی بەریتانیا بۆ ئەوەی کورد لە نێو ئەو نەتەوانە هەڵاوێر نەکەن کە لە دوای جەنگ سەربەخۆییان پێدەدرێت[4]. چونکە هیچ هیوایەك بە دەولەتی عوسمانی نەمابوو کە سەروەری لە

[1] احمد عثمان ابوبکر، م.س.، ص٩: ولید حمدي،م.س.، ص٤٤.

[2] مس بیل، م.س. ص١٥٢: رەفیق حلمی، س.پ،ب.١، ل٥١، ارنلد ویلسون، م.س.، ج٢، ص٢٨٨.

[3] م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەولەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، لەندەن ١٩٩٠، ل٣٥٤ —٣٥٥: رەفیق حلمی، س.پ.ب١، ل٥٢- ٥٤.

[4] ب. هولت. م. س.، ص٤٩. مس بیل، م.س.، ص١٨٧.



ناوچەکە بگرێتەوە دەست، بە تایبەتی کە لە (٢٥)ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ هێزەکانی بەریتانیا دووبارە کەرکوکیان گرتەوە دەست و لە پێشڕەوییاندا گەیشتبوونە (پردێ — ئالتون کۆپری). وە کاتێك لە کۆتایی ئەو مانگە ئاگر بەستی (مۆدرۆس) کۆتایی بە جەنگ هێنا، وە دوای ئەمەش بێ شەڕ لە (١٠)ی تشرینی دووەم چوونە ناو شاری موسڵ[1]، بەمە هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشوور کەوتە دەست هێزەکانی بەریتانیا و سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی لەوێ بەتەواوی کۆتایی هات.

### ڕاپەڕینەکانی سەردەمی دا ځیرکاری بەریتانی ١٩١٨ - ١٩٢٠

دوای پاشە کشە کردنی هێزەکانی عوسمانی لە سلێمانی دەسەڵاتی کرداری لەم شارە و ناوچەکانی دەوروبەری کەوتە دەست شێخ مەحمود، دەسەڵاتدارانی بەریتانیاش ناچار بوون لە رێگای ئەوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانە بکەن، چونکە خۆیان ئەم راستییەیان چاك دەزانی کە (٤/٥)ی خەڵکی ناوچەکە پشتگیری لە دەسەڵاتی شێخ دەکەن، بۆیە لەسەر بناغەی دەست پێشخەری شێخ لە (١٦)ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ (مێجەر نۆئیل) وەك نوێنەری بەریتانی گەیشتە سلێمانی بۆ هاریکاری کردن بە مەبەستی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی لەو ناوچە کوردیانە[2]. بەم پێیە دان بە دەسەڵاتی شێخ نرا وەك ((حوکمدار)) بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی کە لە زێی بادینانەوە (الزاب

[1] ولید حمدی، م.س.، ص٤٦. بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم پەرەسەندنە بڕوانە: ارنلد یلسون، م.س.، ج٢، ص ١٦٣ — ١٨٢.

[2] بروانە دەقی بەڵگەنامەی بەریتانی:
PRO(٦٠٨) (٩٥) (٢٣٩٥) (No. ٦٥٩) (٢٣٣٠٥/٤٤) (Influence of Shaikh Mahmaud) (٣٠ Dec. ١٩١٨) (No.١٢٥)
بە وەرگرتن لە : احمد عثمان ابوبکر، م.س. ص ٣٧٠ — ٣٧٦.

الكبير)دریژ دەبێتەوە بۆ زێی سیروان (دیالە)[١]. وە زۆربەی هۆزە کوردیەکانی ئەم ناوچانە گوێڕایەڵی خۆیان بۆ دەسەڵاتی شێخ مەحمود دەربڕی[٢].

بەڵام زۆری پێنەچوو ڕێڕەوی پەیوەندیەکانی حکومەتی شێخ مەحمود لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانی تێك چوو و گومان و بێ متمانەیی ئەم پەیوەندیانەی داگرت، دیارە شێخ مەحمود دەیویست سیفەتی سیاسی پلە و پایەکەی بەرزکاتەوە بەسەر سیفەتی کارگێڕی، هەروەها سنووری دەسەڵاتیشی — بەو پێیەی دەسەڵاتێکی نیشتمانی کوردییە — هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشوور بگرێتەوە و حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا و جیا لە ئیدارەی عیراق پێك بهێنرێت. بەڵام بەرپرسانی بەریتانی پاشگەز ببوونەوە لە هەڵوێستی پێشوویان لە ئاست شێخ و داواکانی بۆ مافی کورد، وە گومان و مەترسی دایگرتبوون لە بەرامبەر فراوانبوون و تەشەنەکردنی دەسەڵاتی شێخ و لە ژێرەوە پیلانی ئەوەیان دەگێڕا تەگەرە بخەنە بەردەم شێخ و لە دەسەڵاتەکەی کەم بکەنەوە، هەروەك بەڵگەنامە بەریتانیەکان خۆیان ئەمە ئاشکرا دەکەن[٣].

یەکێك لەو بەڵگەنامانە کە باس لە ئامانجەکانی شێخ دەکات دەڵێت: ((ئەفسەرە سیاسییە ئینگلیزەکان ئەوەندە بەتەنگ بەدیهێنانی شکۆمەندی نەبوون بۆ کورد وەك ئەوەی بایەخیان بە کاروباری کرداری بەڕێوەبردن دەدا بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکە کە جەنگ دابڕدابڕی کردبوو))[٤]. هەروەها لە گووتەکانی (مس بێل — سکرتێری حاکمی گشتی بەریتانی لە عیراق)یش بە دیار دەکەوێ مامەڵەکردنی بەرپرسانی بەریتانی لەگەڵ شێخ

[١] ب. هولت، م.س.،ص٤٩: زنار سلوپی، في سبيل كردستان، ت: ر. علي، ط١، بيروت ١٩٨٧.
[٢] مس بيل، م. س.، ص١٩١.
[٣] بڕوانە م. ر. هاوار، س. پ، ل ٤٤٥-٤٥١.
[٤] ب. هولت،م. س.، ص ٤٩.



مەحمود تەنها هەنگاوێکی کارگێڕی کاتی بوو کە هەڵ و مەرجی ئەو کاتە و دەسەڵاتی شێخ لە ناوچەکە سەپاندبووی، لە کاتێکدا هیچ سۆز و تێگەیشتنێکیان بەرامبەر مافە نەتەوایەتیەکانی کورد نەبوو، تەنانەت خەباتی شێخیان بە هەوڵ و نیازی تاکە کەسی لە قەڵەم دەدا[١]. لەم بارەیەوە (مێجەر سۆن)کە یەکێك بوو لەو ئەفسەر سیاسییانەی هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر شێخ مەحمود و کێشەی کورد هەبوو ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە داڕشتنی ئەم سیاسەتە ناوبراوە[٢].

ئەم بارگرژیەی لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە نوێیەدا هات لە (٢١)ی ئایاری ١٩١٩ بووە هۆی تەقینەوەی ڕاپەڕینی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود دژی دەسەڵاتی بەریتانیا. کاتێك لەو ڕۆژە دوای دەستگیرکردنی هەموو ئەو سەرباز و فەرمانبەرە ئینگلیزانەی ناوشاری سلێمانی، ئاڵای بەریتانیا لەسەر بارەگای حاکمی سیاسی هێنرایە خوارەوە و دەست بەسەر شارەکە و دەوروبەری داگیرا و ئاڵای کوردستان هەڵکرا[٣]. دواتر شێخ مەحمود لە هەوڵی ئەوەدابوو چوار چێوەی ڕاپەڕینەکەی فراوان بکات و لەم بارەیەوەش تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو بە تایبەتی دوای سەرکەوتنە بەراییەکانی، تەنانەت هێزی چەند هۆزێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش کۆمەکیان پێشکەش کرد بێجگە لە پشتگیری ماددی و واتایی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشوور[٤]. لە نێویاندا ناوچەی بارزان کە شێخ ئەحمەدی بارزانی هەوڵی زۆری دا سەرۆك هۆزەکانی بادینان لە دەوری ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحمود کۆ بکاتەوە[٥].

[١] مس بيل، م. س.، ص ١٩٨-١٩٩.
[٢] م. س. لازاريف، المسالة الكردية ١٩١٧ — ١٩٢٣، ت: د. عبدي حاجي، ط١، بيروت ١٩٩١، ص٤٦. هەروەها بڕوانە: مس بيل، م. س.، ص ١٩٩-٢٠٠.
[٣] م. ر. هاوار، س.پ.، ل٤٨٤ — ٤٨٥، یاداشتنامەکانی شێخ لەتیف، ل ٥٢-٥٥.
[٤] مس بيل، م. س.، ص٢٠٠، جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ص ١٢١ — ١٢٢.
[٥] مسعود البارزاني، م.س.، انتفاضة بارزان الاولى، ص٢٢.

ئەو ڕاپەڕینە لە بەهێز بوون و پەرەسەندن دا بوو تا ئەو ڕادەیەی هەڵمەتی یەکەمی هێزەکانی بەریتانی بۆ سەرکوتکردنی لە دەربەندی تاسلوجە دوای لێکەوتنی زیانێکی زۆر پووچەڵ بۆوە، بۆیە ناچار بوون هێزێکی زۆرتر بخەنە کار و هەڵمەتێکی گەورەی سەربازییان بە فەرماندەی (جەنەراڵ فرایزەر) ئاراستەی ڕاپەڕیوەکان کرد کە لە دەربەندی بازیان خۆیان قایم کردبوو. لە ١٩١٩/٦/١٧ بەهۆی برەوی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕووی چەك و ژمارە و ڕێکخستندا، دوای بریندارکردن و بە دیل گرتنی شێخ مەحمود و کوشتنی (٤٨) و بریندارکردن و بەدیل گرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لە ڕیزی جەنگاوەرانی کورد توانرا ئەو ڕاپەڕینە کۆتایی پێ بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دوای دوو مانگ ئینجا دەسەڵاتدارانی بەریتانی توانیان بە تەواوی دەسەڵاتی پێشوویان بگێڕنەوە بۆ ناوچەکە[1]. شێخ مەحمودیش لە ١٩١٩/٧/٢٥ لە دادگای عورفی لە بەغدا بە تاوانی یاخیبوون سزای مردنی بۆ دەرچوو، بەڵام دواتر بە دەست تێوەردانی فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەریتانی گۆڕدرا بۆ (١٠) ساڵ بەندی و دوورخرایەوە بۆ هیندستان[2]. بێگومان لەم مەسەلەیە ڕەچاوی پلە و پایەی شێخ لای کوردان و کاریگەری کوشتنی لەسەریان کرابوو، کە لەوانە بوو مەترسی و کێشەی زیاتر بۆ دەسەڵاتی بەریتانی لە ناوچەکە دروست بکات.

لەو سەرکەوتنانە ئینگلیزەکان سوودێکی زۆریان لە ناکۆکی هۆزایەتی و بنەماڵەیی هەروەها دواکەوتوویی بنەمای ئابووری — کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو کاتە بینی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرزکردنەوەی دروشمی دەوڵەتی

(١) ڕەفیق حلمی س.پ.، ب١، ل١١٧-١٢٧، کمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث بغداد ١٩٧٨، ص٨٢.

(٢) ب. هولت م.س.، ص٩٠، م.ر. هاوار، س.پ، ل٥٢١-٥٢٤.



کوردستان لە لایەن ڕاپەڕینەکە بەرزی ئاستی هۆشیاری نیشتمانی و گرنگی ڕاپەڕینەکە بە دیاردەخات[1].

ڕاپەڕینەکەی سلێمانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود تاکە ڕاپەڕین نەبوو لە کوردستانی باشوور لەو ماوەیەدا، بەڵکو هاوکات لەگەڵی و دوای ئەو ڕاپەڕینە ژمارەیەك ڕاپەڕینی کوردی تر بەرپابوو، هەرچەندە بەرپرسانی بەریتانی بەرپابوونی ئەم ڕاپەڕینانەیان دەگێڕایەوە بۆ هاندانی تورکەکان بۆ کورد و هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان لە لایەن سەرۆك هۆز و کەسێتییە دەسەڵاتدارەکانی کورد[2]، بەڵام لە ڕاستیدا چەندەها هۆکاری تری ناوەکی و دەرەکی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لەم ڕووداوانە، لە سەرووی ئەو هۆکارانە بێ ئومێد بوونی کورد لە بەڵێن و دروشمە بریقەدارەکانی بەریتانیا کە بە گەلەچەوساوەکان و کوردی دابوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتیەکانیان. لەپاڵ هۆکاری ئایینی کە بێگومان وەستان لە دژی هێزەکانی بەریتانیای دەخستە خانەی ئەرکی ئایینی و جیهادەوە. ئینجا ناڕەزایی میللی دژ بەو سیاسەتە ئیمپریالیزمانەی بەریتانیا کە جگە لە چەوسانەوەی نەتەوەیی چەوسانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیشی لەگەڵدابوو. وە زیاد بوونی باج و کاری بەزۆری (بێگاری)یش لە دیاردەکانی ئەم سیاسەتە بوون. هەروەها هەڵوێستی نالەبار و دڕندانەی هەندێك لە دەسەڵاتدارانی ئینگلیزیش کاریگەری هەبوو لەم بارەیەوە[3].

(١) ل.ن. كوتلوف، ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ت: د. عبدالواحد كرم بغداد ١٩٧١، ص١٥٤.

(٢) مس بيل، م. س.، ص٢٢٦.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم هۆکارانە بگەڕێوە: كمال مظهر، دور الشعب الكردي، ص١٧ ومابعدها.

هەر ئەو هۆكارەی دوایی بووە هۆی ڕاپەڕینی هۆزی (گۆیان) لە ناوچەی زاخۆ[1]، كاتێك چەكدارە ڕاپەڕیوەكانی ئەم هۆزە لە كۆتایی ئازاری ١٩١٩ بڕیاری ڕووبەڕوو بوونەوەیان دا لەگەڵ هێزەكانی بەریتانیا و لە یەكەم هەنگاو ئەفسەری سیاسی ناوچەكە (كاپتن پیرسۆن)یان كوشت و پاسەوانەكانیان چەك كرد. حاكمی سیاسی موسڵ (لیچمان) خێرا هەوڵی دا ڕاپەڕینەكە سەركوت بكاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش فڕۆكەیان بەكارهێنا دژی ڕاپەڕیوەكان و هەروەها پەنایان بردە بەر چەندەها شێوازی دڕندانە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش تا كۆتایی هاوینی ئەم ساڵە ئەمەیان بۆ نەلوا، لەبەر فرەوان بوونی ڕاپەڕینەكە و بەرگری دلێرانەی كوردەكان[2].

ڕاپەڕینی گۆیان ڕێخۆشكەر و هاندەر بوو بۆ ڕاپەڕینی ناوچەكانی تری كوردستانی باشوور، بە تایبەتی هۆزەكانی بادینان، لە ناوەڕاستی تەموزی هەمان ساڵ دانیشتووانی ئامێدی و دەوروبەری لە هەڵستانێكی جەماوەریدا (كاپتن ویلی — یاریدەدەری حاكمی سیاسی) و (مولازم ماكدولاند)یان كوشت. هۆزەكانی گۆیان و گەلی و سندی و بەرواری لەم ڕاپەڕینەدا بەشداریان كرد و لە دەربەندی (مەزرۆكە) هێزێكی بەریتانیان شكاند، بەڵام لە مانگی ئاب بەریتانیەكان هەڵمەتێكی سەركوتكەرانەیان دەستپێكرد و توانیان دەست بەسەر ئامێدی دابگرنەوە و بكەونە وێزەی دانیشتووان[3].

ڕاپەڕین وەك ئاگرێكی بەرپووش بەربوو وابوو، بە جۆرێك دەسەڵاتدارانی بەریتانی بە دامركاندنەوەی ڕانەدەپەرموون، لە پایزی ساڵی ١٩١٩ ناوچەی

(1) عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، بيروت ١٩٨٥، ص١١٣.

(2) كمال مظهر، دور الشعب الكردي، ص٨٠–٨١؛ عبدالمنعم الغلامي، ثورتنا في شمال العراق، ج١، بغداد، ١٩٦٦، ص٣٤–٤٠.

(3) مس بيل، م.س.، ص٢١٩–٢٢٠. ل.ن. كوتلوف، م.س.، ص١٥٦.



(ئاكرێ)ی گرتەوە و لەوێ لە دژی كارە نا ڕەواكانی حاكمی ئاكرێ (كاپتن سكوت) شێخ ئەحمەدی بارزان سەركردایەتی ڕاپەڕینی یەكگرتووی هەردوو هۆزی بارزان و زێباری دەكرد، لە گرنگترین سەركەوتنەكانیش ڕزگاركردنی ئاكرێ بوو دوای كوشتنی حاكمی ناوبراو لەگەڵ(كۆلۆنێل بیل)ی حاكمی موسڵ. هەروەها ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن چەند هۆز و كەسێتییەكی خاوەن دەسەڵاتی كورد پشتگیری لێدەكرا[1]. وەك هۆزی سورچی لەناوچەی هەریر. بەڵام لەبەر نەبوونی پەیوەندی بە تین و ڕێكخستنی كاریگەر ڕاپەڕیوان نەیانتوانی بۆ ماوەیەكی درێژ لە ڕاپەڕینەكەیان بەردەوام بن[2].

پشكۆی ڕاپەڕینەكان لە هاوینی ساڵی ١٩٢٠ گەیشتە ناوچەكانی گەرمیان و خواروو، هۆزە كوردەكانی خانەقین لەم لایەنە دەست پێشخەر بوون، لە یەكەم لێدانیان لە (١٤)ی ئاب (قزلرەبات)[3]یان ڕزگار كرد و دواتریش (خانەقین) هەروەها لە (نەفتخانە) و (گۆڕەتوو)ش چالاكی دژی دامەزراوە بەریتانیەكان ئەنجام درا، بەڵام لە ڕێگای هێنانی هێزی تر لە ئێران و بەكارهێنانی هۆزە كوردە لایەنگیرەكان بەریتانیەكان توانیان دەست بەسەر ئەو ناوچانە دابگرنەوە و شۆڕشگێران كشانەوە شاخەكانی سەر سنووری ئێران[4]. بەڵام هەر لە هەمان كاتدا (برایم خانی دەلۆ) - كە پێشتریش یەكێك بوو لە لایەنگیرە بەهێزەكانی شێخ مەحمود - سەركردایەتی ڕاپەڕینی ناوچەی (كفری) دەكرد. لە (٢٤)ی ئاب دوای دەستگیركردنی (كاپتن سالمون)ی سەرداری كفری ئەم شارۆچكەیە كەوتە

(1) مس بيل، م. س.، ص٢٢٦–٢٢٧" لازاريف، م.س.، ص٨٢" مسعود البارزاني، م.س.، ص٢٣.

(2) دبليو. ار. هي، سنتان في كردستان، ت: فؤاد جميل، ج١، ط١، بغداد ١٩٧٣، ص٢٢٣" كوتلوف، م.س. ص١٥٦،١٥٢.

(3) ئێستا ناوی گۆردراوە بۆ (السعدية).

(4) كمال مظهر، دور الشعب الكردي، ص١١٦–١٢٢.

دەست هێزەکانی ڕاپەڕین کە دواتریش ناوچەکانی دەوروبەری گرتەوە. کاتێکیش بەرپرسانی بەریتانی داوای بەرەڵاکردنی کاپتنی ناوبراویان کرد، برایم خان لە بەرامبەردا داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی کرد لە هیندستان. هەرچۆنێك بێت ئەم ناوچانەی ڕزگارکرابوون زۆر بەدەستی کوردەکان نەمانەوە. بەریتانیەکان لە (٣)ی ئاب دووبارە (کفری)یان داگیرکردەوە، بەڵام نائارامی لە ناوچەکە زوو کۆتایی نەهات[1].

لەم ماوەیە بارودۆخ لە ناوچەی (باتاس)یش بەتەواوی ئاڵۆز ببوو، چەکدارانی هۆزی سورچی لە یەکی ئەیلولی ١٩٢٠ توانیان ئەم شارۆچکەیە ڕزگار بکەن و لەوێشەوە بەرەو (ڕەواندز) کشان، دوای پاشەکشەکردنی هێزە بەریتانیەکان بۆ هەولێر ئەم شوێنەشیان دەست بەسەر دا گرت، لەگەڵ تێکشکانیان لە شەڕێکی گرنگدا هۆزی سورچی لە ڕاپەڕینەکەدا بەردەوام بوون و هەوڵی ڕزگارکردنی (هەولێر)یان دەدا، لە یەکێك لە هەڵمەتەکاندا تەنیا (١٢) میل مابوو بگەنە ئەو شارە، بۆیە هەڵوێستی بەرپرسانی بەریتانی لەوێ بەتەواوی لەرزۆك ببوو[2].

ئەگەر بێینە سەر هەڵسەنگاندنی ئەم ڕووداوانەی دوایی، دەبینین ئەم ڕاپەڕین و بزاڤە شۆڕشگێڕیانە هەرچەندە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باشوور بەرپابوون بەڵام نەیانتوانی بگەنە ئاستی شۆڕشێکی کوردی سەرتاسەری (ثورة شاملة)، بەڵکو خۆیان لە ڕاپەڕینی چەکداری پچڕ پچڕ دەنواند، ئەمەش لەگەڵ نەبوونی سەرکردایەتیەکی یەکگرتووی هۆشیار و بەرنامەیەکی ڕێکخراوی تۆکمەو نەهاتنە دی ڕیز بەندی پێویستی هێزەکان، ئەرکی دەسەڵاتدارانی بەریتانی ئاسانتر دەکرد بۆ لە نێو بردنی ڕاپەڕینەکان.

(١) بڕوانە: مستەفا نەریمان، شۆڕشی برایم خانی دەلۆ ١٩٢٠، بەغدا ١٩٨٥.

(٢) كمال مظهر، دور الشعب الكردي، ص١٣٦–١٣٨.



هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێ کە ڕاپەڕینە باسکراوەکانی ساڵی ١٩٢٠ بە تایبەتی ئەوانەی گەرمیان و خوارووی کوردستانی باشوور هاوکات بوون لەگەڵ شۆڕشی بیستی عیراق، ئەمەش بۆتە هۆکارێك مێژوو نووسی کورد (کەمال مەزهەر) ئەم ڕاپەڕینانەی کورد بخاتە چوارچێوەی شۆڕشی بیستی عیراق و بەڕۆڵی کورد لەو شۆڕشە لە قەڵەمیان بدات و کتێبێکیش بەو نێونیشانە دەربکات[1]. بەڵام دەتوانرێ پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کە هیچ هاودەنگی و هاریکارییەك لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و عەرەب لەو ساڵە لە ئارادا نەبوو، بەڵکو مەسەلەکە تەنیا هاوبەشی بوو لە دوژمن و وێکچوون بوو لە ڕووی کات هەروەکو (لازاریف)یش وا دەڵێت[2]. بە لایەنی کەم نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە ئەو کاتە هێشتا کوردستانی باشوور نەبووە بەشێك لە دەوڵەتی عیراق و بەڵکو هێشتا خودی عیراق وەکو دەولەت نەهاتبووە بوون.

## ڕاپەڕینەکانی سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی لە عیراقدا ١٩٢٠ - ١٩٣٢

هەرچەندە پێکهێنانی حکومەتی کاتی عیراق لە تشرینی دووەمی ١٩٢٠ و دواتریش دامەزراندنی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٢١ بووە هۆی هێور کردنەوەی بارودۆخ لە ناوچە عەرەبنشینەکان لەم وڵاتە[3]، بەڵام ئەم هەنگاوانە لە کوردستانی باشوور هیچ کاریگەریەکی هێمنکەرەوەی نەبوو، بەڵکو زیاتر کوردانی لە هەڵوێستی بەریتانیا بێ ئومێدکرد. ئەمەش بووە هۆی زاڵبوونی باڵی

(١) بڕوانە هـ.س.

(٢) بڕوانە، المسألة الكردية، ص٨٤.

(٣) لە بارەی دامەزراندنی دەولەتی عیراق بڕوانە: هنری فوستر، نشاة العراق الحديث، ت: سليم طه التكريتي، ط٢، بغداد، ١٩٨٩، ج١.

لایەنگیری تورك لە بزوتنەوەی نیشتمانی کوردی[1] و برەوپێدانی سیاسەت و پرۆپاگاندە دوو ڕووەکانی حکومەتی تورکی کەمالی لەو ناوچە کوردیانە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ویلایەتی موسڵی سەر بە دەولەتی عوسمانییان پێکدەهێنا، هەر بەو پێودانگەو بۆ بەهێز کردنی داواکانی گێڕانەوەی ئەو ویلایەتە تورکەکان بە گورجی کەوتنە قۆستنەوەی ئەو بار و هەلۆیستە و لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٢١)ـەوە دەستیانکرد بە یارمەتی و جۆشدانی ڕاپەڕین و چالاکیەکانی کورد لە ناوچەکانی ڕەواندز و ڕانیە و هەریر و باتاس و شەقڵاوە و ئاکرێ و ئامێدی کە لەو هەموو شوێنانە دەسەڵاتی ئینگلیز نوشستی دەهێنا. دواتریش (عەلی شەفیق)ی ناسراو بە (ئۆزدە میر) کە سەرهەنگ بوو لە لەشکری تورکی بەخۆی و مەفرەزەیەکی بچووکەوە بە یارمەتی و سەرکێشی کوردە لایەنگیرەکانی هاتە ڕەواندز و دەستی کرد بە چالاکی نواندن بۆ ئاراستەکردنی ئەو سیاسەتە ناوبراوەی تورکەکان[2].

هاتنی ئەو مەفرەزەیە پڕوپاگەندەی تورکەکانی بەهێزکرد و لە ئەنجامدا ڕۆژ بە ڕۆژ لایەنگیرانی ئۆزدەمیر زیاتر دەبوون و ئەویش سوودێکی زۆری لێ بینین بۆ فراوانکردنی سنووری چالاکیەکانی و هەولێدا ناوچەی تری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەربهێنێ و زیاتر پەلبهاوێ، لەم چوار چێوەیەدا لە (١٥)ی حوزەیرانی ١٩٢٢ ڕانیە بە یارمەتی یەکێك لە سەرکردەکانی پشدەر خرایە ژێر دەست و دواتر پڕۆپاگەندە و هەڕەشەی گرتنی (سلێمانی)یش بڵاو بۆوە. دیارە

---

[1] شایانی باسە ئینگلیزەکان خۆشیان چاك ئاگاداری ئەو نارەزاییەی کورد بوون، بڕوانە بەڵگەنامەی بەریتانی: F.O٣٧١/ ٦٣٤٦, ٢٦ August ١٩٢١ .

وەرگیراوە لە: ولید حمدی، م.س، ص١٢٩.

[2] رەفیق حلمی، س.پ.، ب٢، ل٥٤٩-٥٥٣" بۆ زانیاری زیاتر لەمەر ئەم ڕووداوانە بگەڕێوە بۆ: ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، ڕێکخستن و ئامادەکردن بۆ چاپ: جەلال تەقی، بەغدا ١٩٧٠.



بەرپرسانی بەریتانیش لەم شارە هەستیان بەم مەترسییە و لاوازی هەڵوێستی هێزەکانیان کرد بۆیە (سلێمانی)یان چۆلکرد و پاشە کشەیان کرد[1].

هەر لەو ساڵەدا کردارەکانی ئۆزدەمیر و کوردە لایەنگیرەکانی فراوانتر بوو، بەجۆرێك هەڕەشەیان لە دەسەڵاتی بەریتانیا و حکومەتی عیراقی تازە دامەزراوودەستەمۆی ئەو لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور دەکرد. لە بەرامبەر ئەو بار و دۆخەدا و بۆ سوود وەرگرتن لە پلە و پایەی شێخ مەحمود و دەسەڵاتی لەو ناوچانە ئینگلیزەکان ((بەهەمان هەنگاو هەڵسان کە پێش چوار ساڵ تورکە عوسمانییەکان لەگەڵ شێخ نابوویان، ئەوەبوو لە بەندیەکەی هیندستان ئازادکراو گوێزرایەوە بۆ کوێت دواتریش بۆ سلێمانی)) هەروەکو بەرپرسێکی بەریتانی خۆی وا دەڵێت[2]. هەروەها ئەو سیاسەتە نوێیەی بەریتانیا بە ئاشکرا لە بەڵگەنامە بەریتانیەکان ڕوونکراوەتەوە[3].

لە کۆتایی ئەیلولی ١٩٢٢ بە پێشوازی کردنێکی شاهانەی گەرم شێخ مەحمود گەڕایەوە سلێمانی و دەستکرا بە پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی خۆجێی — کە بە یەکەم حکومەتی فیدرالی یان هەرێمی دادەنرێت لە کوردستانی باشووردا- لە گرنگترین هەنگاوەکانی بە ڕەسمی کردنی زمانی کوردی و هێنانەکایەی ئاڵا و دامودەزگا و لەشکر و پوول و ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی بوو[4].

---

[1] رەفیق حلمی، س.پ.، ب٢، ل٤٨٢-٤٨٤؛ کریس کۆچیرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠ دا، و: محمد ریانی، چ١، تاران ١٣٦٩ هەتاوی، ل١١٥-١١٦.

[2] ب. هولت، م.س.، ص٤٩.

[3] بڕوانە: ه.س.، ل، هەروەها F. O. ٣٧١\٧٧٨٢ ١٦ November ١٩٢٢ . وەرگیراوە لە: ولید حمدی، م.س.، ص١٥٨.

[4] یاداشتەکانی شێخ لەتیف، ل٨٨-٩٨، کریس کوچیرا، س.پ.، ل١١٨-١١٩.

## ڕاپەڕینی دووەمی شێخ مەحمود:

زۆری پێ نەچوو سەرەتای بارگرژی لە نێوان شێخ و بەریتانیا سەری هەڵدا، ئەمیش بەهۆی ساردی بەریتانیەکان لە هەنگاوەکانیان بەرامبەر شێخ مەحمود لە لایەك و لە لایەکی تر لە ئەنجامی هەوڵەکانی حکومەتی بەغدا و هەندێ لایەنی عیراقی بۆ بە یەکجاری لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەولەتی عیراق و ئەژمار کردنی دەڤەرەکانی سەر بە دەسەڵاتی شێخ مەحمود بە یەکەیەکی کارگێڕی ئاسایی لەم دەولەتە[1]. دیارە نوێنەری باڵای بەریتانیا لە بەغدا (پێرسی کۆکس) هەست بەم ساردیە دەکات بۆیە لە بروسکەیەکدا کە لە (١٦)ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ بۆ (لەندەن)ی ناردووە لە دەقەکەیدا داوا دەکات: ((بەیانێك دەربکرێت تێیدا هەردوو حکومەتی عیراق و بەریتانیا دان بە مافی کوردەکانی سنووری عیراق دا بنێن، چونکە بەیانێکی لەم جۆرە کاریگەریەکی بەهێزی دەبێت بۆ گورج کردنەوەی کوردەکان و ڕاکێشرانیان بەلای ئێمە [واتە بەریتانیا] و دەبنە چەکێکی بەهێز بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی چالاکی تورکەکان کە ئێستا بە دەستیەوە دەناڵێنین))[2].

دیارە شێخ مەحمودیش بەر لە هاتنەوەی بۆ سلێمانی لە بەغدا بەسەر زارەکی ئەو بەڵێنەی پێدرابوو لە بەرامبەر ئەو ئەرکانەی پێی سپێردرابوو کە بریتی بوون لە کردنە دەرەوەی تورکەکان و کۆتایی هێنان بە چالاکیەکانیان لە کوردستانی باشوور[3]. لە ڕاستیشدا زۆری پێ نەچوو ئەو بەیانە چاوەڕوانکراوە لە کانوونی

[1] لە ژمارە (١) و (٣)ی هەفتەنامەی (ڕۆژی کوردستان) کەلە (١٥)ی تشرینی دووەم و (٦)ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ لە سلێمانی دەرچووە، دوو گوتار بە پێنووسی (عارف سائیب) بڵاوکراوەتەوە کە تیایدا وەڵامی چەند هەولێکی لەم جۆرە دراوەتەوە. بڕوانە: جەمال خەزنەدار (کۆکردنەوە و پێشەکی)، ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣، بەغدا ١٩٧٣، ل١٣.

[2] بڕوانە: ولید حمدی، م.س.، ص١٥٨.

[3] ڕەفیق حلمی، س.پ.، ب٢، ل٥٢٨ — ٥٣١؛ یاداشتەکانی شێخ لەتیف، ل٨٤-٨٥.



دووەمی ١٩٢٣ دەرچوو کە دەقەکەی بەم جۆرە بوو: ((هەردوو حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عیراق دان بە مافی ئەو کوردانە دادەنێن کە لە سنووری عیراقدا دەژین بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لە نێو چوار چێوەی ئەو سنوورە و هیوا خوازن کە ڕەگەزە کوردیە جیا جیاکان بە خێرایی لە توانادا بگەنە ڕێککەوتنێك لە نێوان خۆیان لە بارەی مەسەلەی ئەو حکومەتەی کە دەیانەوێ پێکبهێنرێت، وە نێردراو بنێرن بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆ کردن لە بارەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و عیراق))[1] هەر بۆ نیشاندانی نیاز پاکی بەریتانا کاپتن (لیچمان)ی بریکاری نوێنەری باڵای بەریتانی لە بەغدا بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ شێخ مەحمود نارد و لە (٣٠)ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ شێخ وەڵامی ئەم بروسکەیەی دایەوە[2].

شایانی باسە لەم بەیانە ناوبراوەدا تێبینی ئەوەدەکرێت کە هەوڵدراوە کورد وەك نەتەوەی لە ڕەگەزی جیا جیا پێکهاتوو لە قەڵەم بدرێت نەوەك نەتەوەیەکی یەك ڕەگەز، هەروەها جێبەجێکردنی بەڵێنەکەش بەستراوەتەوە بە ڕێکەوتنی کوردەکان لە نێوان خۆیان کە دیارە ئەمەشیان کارێکی چاوەڕوانکراو نەبووە، کەواتە بەریتانیا دڵسۆز نەبوو لە دەرکردنی ئەم بەیانە و جێبەجێکردنی.

هەرچۆنێك بێت ئەم بەیانە و هەنگاوەکانی تری دواتر نەبوونە هۆی بەربەستکردنی ئەو بارگرژییە چونکە بەریتانیەکان دووبارە گومانیان لە نیاز و هەنگاوەکانی شێخ پەیداکرد، کاتێك بە پلەی (حکومدار) ڕازی نەبوو کە دانیان بۆی پێنابوو، بەڵکو خۆی کرد بە (پاشای کوردستان)، هەروەها لە هەوڵی ئەوەدا بوو سنووری دەسەڵاتی فراوان بکا، کەچی ئەوان ئەو ڕێگەیان پێنەدەدا، ئەوەتا

[1] F.O. ٣٧١\٩٠٠٩ ,١ January١٩٢٣. وەرگیراوە لە: ولید حمدی، م.س.، ص١٦٠.

[2] لە هەفتەنامەی (ڕۆژی کوردستان) ژ (٧)ی بەرواری (٣٠)ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ هەردوو بروسکە بڵاوکراونەتەوە. بڕوانە: جەمال خەزنەدار، س.پ.، ل٤١.

دوای فراوانکردنی دەسەڵاتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بۆ ناوچەکانی تری کوردستان لە (٢٠)ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ لە ژمارە (٥)ی هەفتەنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە زمان حاڵی حکومەتی شێخ مەحمود بوو بەرچاو دەکەوێت[1]. بەڵکو بە کردار ئاڵای کوردستان لە ناوچەکانی (هەڵەبجە) و (چەمچەماڵ) و (ڕانیە) لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ هەڵکرا[2]. لەم بارەیەوە بەرپرسێکی بەریتانی بە ڕوونی ئەوە دەدرکێنێت کە ((شێخ مەحمود دەستی کرد بە داواکردنی هەموو کوردستان و ویستی دەسەڵاتی بکشێت بەسەر ئەو ناوچە کوردیانەی کە پێشتر نوێنەری باڵای بەریتانیا ڕەتیکربۆوە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی))[3]. دیارە دانوسساندنەکانی نێوان هەردوولا بۆ دیاری کردنی بارودۆخی حکومەتی کوردستان و ڕاددەی دەسەڵاتەکانی هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە. لە کۆتاییشدا ترسیان لەوە پەیدا کرد کە شێخ ببێ بە لایەنگیری تورك وپشتیان تێبکات، بە تایبەتی ئەوان ئاگاداری ئەم پەیوەندییە نهێنییەی نێوان شێخ و تورکەکان بوون کە دەیانویست بۆ لای سیاسەتی خۆیان ڕایبکێشن. هەموو ئەوانە وایان کرد کە بەرپرسانی بەریتانیا سستی بنوێنن لە جێبەجێکردنی بەڵێن و ئەرکەکانیان بەرامبەر شێخ. دیارە شێخ مەحمودیش هەستی بەمە کرد و ترسی ئەوەی لێ نیشت کە وەکو جاری پێشووی لێبکەن بۆیە لە دوای پشت و پەنا دەگەڕا[4].

لەو بار و دۆخە شێخ مەحمود بانگ کرایە بەغدا، دیارە ئەویش کە ئەو سەردانەی نەکرد لەبەر گومان پەیداکردنی لێیان، ئەمە کۆتایی هێنان بوو بە

(١) بڕوانە: هـ. س.، ل٣٥.
(٢) ڕۆژی کوردستان (هەفتەنامە) ژ (٤) (٥٩ (٧) س (١٩٢٢) لە: هـ. س. ل٣١، ٣٦، ٤٤.
(٣) ب. هولت، م.س.، ص٥٠.
(٤) ڕەفیق حلمی، س.پ.، ب٢، ل٥٦٠-٥٦٩؛ جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ص٢٩، هەروەها بڕوانە: ب. هولت، م.س.، ص٥٠.



پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا و سەرەتای ڕاگەیاندنی ڕاپەڕینی دووەمی بوو لە دژیان، یەکەم وەڵام دانەوەی بەریتانیاش بۆردومانکردنی سلێمانی بوو بە فڕۆکە لە (٣)ی ئاداری ١٩٢٣[1] دوای ئەوەی ماوەیەك پێشتر لە سلێمانی پاشەکشەیان کردبوو[2]. بەڵام شێخ مەحمود و شۆڕشگێران وورەیان نەڕووخا و بانگی جیهادیان داو لە خەبات بەردەوام بوون، کە جگە لە شێوازی چەکداری شێوازی ڕۆشنبیریشیان پەیڕەو دەکرد. هێزەکانی بەریتانیاش بە هاوبەشی لەگەڵ لەشکری عیراقی بە بەکارهێنانی فڕۆکە و چەکی قورس لە کۆتایی ئاداری ئەم ساڵە دەستیان بە کرداری سەربازی بەرفراوان کرد و توانیان بەشێکی گەورەی کوردستانی باشوور داگیر بکەنەوە، وە لە (٥)ی ئایار فەرمانی دەستپێکردنی هێرشێکی گەورەیان داو لە (١٦)ی ئەو مانگە توانیان بە یارمەتی چەند گروپێکی چەکداری کوردانی دەرەبەگی هەڵپەرست شاری سلێمانی داگیر بکەنەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو شێخ مەحمود توانی بچێتەوە نێو ئەو شارە، کەچی ئەمجارەش ناچار کرا لە ١٩٢٤/٦/١٩ بە جێی بهێڵێتەوە و پەنا بباتە بەر شاخ و ئەشکەوتەکان بۆ ئەوەی لەوێوە برەو بە شەڕی پارتیزانی بدات[3].

بەڵام دواتر بەهۆی سەختی بارودۆخی بەردەوام بوونی خەبات ناچاربوو ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵ بەریتانیەکان و حکومەتی عیراقی ببەستێت کەلە ئەنجامدا ماڵ و مولکی تایبەتی خۆی بۆ گێردرایەوە لە بەرامبەر ئەوەی واز لە شەڕ بهێنێت و دەست لە سیاسەت وەرنەدات[4] و لە دەرەوەی سنوور دانیشێت و لەڕێگای سەرکار سەرپەرشتی مولکەکانی بکات. لە ڕاستیشدا شێخ پابەند بوو

(١) وليد حمدى، م.س.، ص١٦٧.
(٢) هەفتەنامەی (ڕۆژی کوردستان) ژ (١٥)، (٣)ی ئاداری ١٩٢٣، لە: جەمال خەزنەدار، س.پ.
(٣) کریس کۆچیرا، س.پ.، ل ١٢٥-١٣٤، جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ص١٣٠.
(٤) زنار سلوپی، م.س.، ص٧٦.

بەو مەرجانە تا ئالۆزبوونەوەی بارودۆخ لە سلێمانی لە ساڵی **١٩٣٠** کە شێخی ناچار کرد هەمیسان وەك سەرکردەی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد بێتەوە سەر شانۆ[١].

لە لایەکی تر پێش ئەوەی ڕاپەڕینی شێخ مەحمود بە تەواوی خامۆش بێتەوە، بەریتانیا لەسەر ئاستی نێو دەولەتی هەوڵی یەکلا کردنەوەی کێشەی کوردستانی باشووری دەدا، هەرچەندە بەرپرسانی بەریتانی دەیانزانی کە ((زاراوەی عەرەب)) پێشتر و هەمیشە لەلای کورد ووشەیەکی ناحەزە، وە هەر حکومەتێکی عەرەبی دەبێتە جێگەی رق و کینەی کوردەکان هەرچەندە لە فەرمانرەوایی کردندا دادوەرانە بێت))[٢] بەڵام بەریتانیا بەهۆی پالنەری ستراتیجی و ئابووری[٣]. هەموو هەولەکانی خۆی خستە گەر بۆ ئەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ بەلای عیراقدا بشکێتەوە و کوردستانی باشوور بەم دەولەتە نوێیەدا بلکێنرێت، تا لە ئاکامدا لە **١٩٢٥/١٢/١٦** بڕیاری (کۆمەڵەی گەلان) سەبارەت بەم کێشەیە بەو ئاراستەیەی کە بەریتانیا دەیویست دەرچوو[٤].

بەڵام دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی شێخ مەحمود مانای دەستبەردانی کورد نەبوو لە خەباتی دژایەتی کردنی لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەولەتی عیراق، ئەوەتا یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری بەریتانی ناوچەی هەولێر و سلێمانی کە دەگەڕێتەوە بۆ کانوونی یەکەمی **١٩٢٧** دامەزراندنی کۆمەلەیەکی سیاسی کوردی بە نێوی (هەڵستان و بڵندی کوردستان) بە دیار دەخات، ئەم کۆمەڵەیە لە

[١] ب. هولت، م.س.، ص٥٠.

[١] مركز حفظ الوثائق، ج١ (سري ومكتوم) المرجع جو ٤١١/٢٢، مرفق رقم ١٥، ١ كس/ام ٤٥٨٣، وەرگیراوە لە: عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ط١، اربيل ٢٠٠١، ص ٥٣–٥٤.

[٢] لە بارەی هەندێك لەو پاڵنەرانە بڕوانە: روبرت اولسن، المسألة الكردية في العلاقات التركية الايرانية، ت: محمد احسان، منشورات آراس، اربيل ٢٠٠١، ص١٥–٢٠.

[٤] فاضل حسين، کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، چاپخانەی خاك، چ١، سلێمانی ١٩٩٩، ل٢٤٠.



بەیاننامەیەکدا بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێت کە: ((هەرگیز و لە هەر کاتێکدا دەسەڵاتی عەرەب لە ژێر ناوی حکومەتی عیراقی نایەتە قەبوڵکردن))و تەنانەت سەرکۆنەی ئەو کەسێتییە کوردیانە دەکات کە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەکەن[١].

## بەرخودانی کۆتایی شێخ مەحمود

بڕیاری (کۆمەڵەی گەلان)ی سەبارەت بە کێشەی موسڵ وەك قەرەبوو کردنەوەی پێشێل کردنی مافی نەتەوایەتی کورد هەندێ بەرژەوەندی بۆ کورد لە چوارچێوەی عیراقدا تەرخانکردبوو، کە دواتریش لە پەیماننامەی ساڵی **١٩٢٦**ی نێوان عیراق و بەریتانیا — کە بۆ جیبەجێ کردنی بڕیارەکە بەسترا — جێگەی کرابۆوە. ئەویش لەوە زیاتر نەبوو کە لە ناوچەکانی کوردستان دادگا و خوێندن بە کوردی بێت و کەسانی کورد لە کارگێڕی و فەرمانگەکانی ناوچەکەدا دابنرێن[٢]. بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەم جیاوکە کەمانەش کەوتنە بەر مەترسی کاتێك مقۆ مقۆی بەستنی پەیماننامەیەکی نوێ لە نێوان عیراق و بەریتانیا بۆ کۆتایی هێنان بە ئینتیدابی بەریتانی بڵاوبۆوە. لە بەرامبەر ئەمەدا نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراقی چەند یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆك وەزیرانی عیراق و نوێنەری باڵای بەریتانیا لە بەغدا کرد بۆ داواکردنی مافەکانی کورد و فەرامۆش نەکردنی لەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەدا، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو[٣].

لە (**٣٠**)ی حوزەیرانی **١٩٣٠** حکومەتی عیراق و بەریتانیا پەیماننامەیەکی نوێیان مۆرکرد لە نۆزدەی تەموز دەقەکەی لە ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوە، کە تیایدا بەریتانیا بەلێنی دابوو پاڵپشتی عیراق بکات بۆ ئەوەی لە ساڵی **١٩٣٢** ببێتە

[٤] دائرة السجلات العامة، ق٢، وزارة الطيران، ٤١٢/٢٣، اكس / ام ٤٥٨٣، (١٨) و (١٩) وەرگیراوە لە: عبدالفتاح البوتاني، م.س.، ص ٥١٣–٥١٦.

[١] فاضل حسين، س.پ.، ل٢٣٠-٢٣٤.

[٢] بڕوانە دەقی یاداشتەکان لە: عبدالفتاح البوتاني، م.س.، ص٥٥–٦٤.

ئەندام لە (کۆمەڵەی گەلان) وەك وڵاتێکی سەربەخۆ و لەو بەروارەدا بەریتانیا هەموو بەرپرسیاریەتیەکانی ئینتیدابی لەو وڵاتە کۆتایی پێ بێت[1]. بە ڕاگەیاندنی ئەم پەیماننامەیە بێ ئومێدی و نیگەرانی نێوەندە نیشتمانیەکانی کوردستانی باشووری داگرت، بە تایبەتی کە لەو پەیمانەدا هیچ ئاماژەیەك بەو مافانەی کورد نەدرابوو کە چاوەڕوان دەکرا، لە ئەنجامدا نارەزایی کورد چەندەها شێوازی وەرگرت.

شاری سلێمانی بووە مەڵبەندی ئەو ناڕەزاییانە و لە (٦)ی ئەیلولی ١٩٣٠ خۆپیشاندانێکی بەرفرەوانی بە خۆوە بینی، بەڵام پیاوانی حکومەت لە پۆلیس و لەشکر تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و لە بەیەکدادانێکی نا هاوتادا دەیەها کەس کوژرا و بریندار کرا و ژمارەیەکی زۆریش لەبەندیخانە ئاخنران[2]. ئەمە بووە ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول کە بە ڕۆژێکی بە ناوبانگ و لاپەرەیەکی ڕۆناکی خەباتی ڕزگاری کورد دەژمێردرێت.

شێخ مەحمود هەرچەندە لە گوندی (پیران)ی ئەو دیو سنوور بووبەڵام خۆی پێ نەگیرا و لە (١٧)ی ئەیلول نامەیەکی نارەزایی بۆ نوێنەری باڵای بەریتانی لە عیراق نارد تێیدا بە توندی ڕقی خۆی دەربڕیبوو بەرامبەر ئەو قەسابخانەیەی کە لەشکری عیراق لە سلێمانی ئەنجامی دابوو، وە ئەوەشی کردبووە بەڵگە بۆ پێکەوە نەژیانی کورد و عەرەب. لە کۆتاییشدا گوتبووی: ((بە نێوی ئەو میللەتە ئاریە هەموو کوردەکان داواتان لێ دەکەین کە ڕزگار بکرێن و لە عەرەب جوێیان بکەنەوە و لەژێر پارێزگاری بەریتانیا دابنرێن))[3]. بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر ڕوونی ئامانجی ڕاپەڕینی شێخ مەحمود کە بریتی بوو لە (جیا بوونەوە لە عیراق و دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی).

---

[3] ابراهيم خليل احمد وجعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر، الموصل ١٩٨٩، ص٧٠.

[2] ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب٣، بەغدا ١٩٧٣، ل٨٢-٨٣، کریس کوچیرا، س.پ.، ل١٨٥.

[3] F.O. ٣٧١\١٤٥٢٣ وەرگیراوە لە: ولید حمدی: م.س.، ص٢٢٩.



کاتێ ئەو ناڕەزاییانە وەڵامێکی ئیجابییان نەبوو شێخ مەحمود لە ڕۆژی (٢٩)ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ هاتەوە ناو سنووری عیراق، دیارە نەخشەی ڕاپەڕینێکی فراوانی کێشابوو، ئەمەش لەو نارەزایی نامە دەردەکەوێ کە لە (٣٠)ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ بۆ (کۆمەڵەی گەلان)ی نارد و ڕوونی کردەوە کە چیتر ناتوانرێ بەربەستی کورد بکرێ لەبەرپەرچدانەوەی ئەو ڕاوە دونان و ستەمکارییانەی دەکرێنە سەری، هەروەها لەو نامەیەدا داوا لە بەریتانیا کرابوو لەو پێشهاتە چاوەڕوانکراوانەدا بێلایەن بوەستێ[1]. ئەوە بوو شێخ دووبارە پەنای بردەوە بەر ڕاپەڕین و ژمارەیەکی زۆر لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی لەدەور کۆ بۆوە و دەستکرا بە چالاکی شۆڕشگێڕی و هەوڵدان بۆ فراوان کردنی سنووری ڕاپەڕینەکە. لە بەرامبەر ئەو پێشهاتانە حکومەتی عیراق دەستی کرد بە ناردنی لەشکر بۆ ناوچەکە، لەم لایەنەش هێزەکانی بەریتانیا یارمەتیدەری بوون. سەرباری ئەوەش خەباتکارە کوردەکان توانیان لێدانی بەهێز ئاراستەی ئەو هێزانە بکەن و چەند ناوچەیەکیان ڕزگار کرد لەوانە (پێنجوین) لە (٣)ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ و (خورماڵ) لە (٩)ی کانونی دووەمی ١٩٣١ هەروەها ناوچەی تریش[2] ڕزگارکرا. لە یەکێك لە گرنگترین لاپەرەکانی ئەم ڕاپەڕینە شەڕی (ئاوباریك) بوو لە (٥)ی نیسانی ١٩٣١ لە مەڵبەندی (کفری) کە توانیان ڕووبەڕووی هێزێکی گەورەی حکومەتی عیراقی ببنەوە لەگەڵ ئەوەی فڕۆکەکانی بەریتانیاش بەسەریانەوە بوون. شایانی باسە لەم ڕاپەڕینەدا هەوڵی ڕزگارکردنی شاری (کەرکوك)یش درا[3].

---

[1] جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ص١٧١–١٧٢.

[2] وليد حمدى، م.س.، ص٢٣١.

[3] ئەحمەد خواجە، س.پ.، ب٣، ل٨٥، ٩٢-٩٥.

بەڵام لە کۆتاییدا ئەو ڕاپەڕینەش بە هۆی زەبر و زەنگی داگیرکەران لە ئایاری ١٩٣١ بە خۆبەدەستەوە دانی شێخ مەحمود کۆتایی هات کە دواتر ڕەوانەی خوارووی عیراق کرا[١] بەڵام دیارە خەباتە نەپساوەکەی شێخ مەحمود تەنانەت سەرنجی دوژمنەکانیشی ڕاکێشاوە، ئەوەتا بەرپرسێکی بەریتانی خۆی دەڵێت: ((شێخ مەحمود بە ئازایەتی و مەردانە جەنگا، دەبێ دان بەوە دابنێین کە سەرباری گیرۆگرفتی کەمی ژمارە و چەك و نەبوونی ڕێکخستن بەڵام ئەو شایستانە جەنگا))[٢].

## ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان

هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحمود ڕاپەڕینێکی تری چەکداری لە ئارادابوو ئەویش لە ناوچەی بارزان، شێخ ئەحمەدی بارزانی یەکێك بوو لە سەرکردە سەرسەختەکانی کوردستانی باشوور کە لە ساڵانێکی زووەوە دژایەتی دەسەڵاتی بەریتانیا و دوایش حکومەتی عیراقی دەکرد و لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەکان دابوو، لە ڕاستیشدا ناوچەی بارزان تا ئەوکاتە لە ڕووی کردارییەوە نیمچە سەربەخۆ بوو[٣]. سەرەڕای ئەمەش شێخ ئەحمەد یارمەتی کرداری پێشکەش بە ڕاپەڕینی ئارارات[٤] دەکرد لە کوردستانی باکوور بە گوتەی هەندێ لە سەرچاوەکان[٥].

---

[١] زنار سلوپی، م.س.، ص٧٧، کریس کوچیرا، س.پ.، ل١٨٨.

[٢] ب. هولت، م.س.، ص٥٠.

[٣] جلیلی جلیل واخرون، الحركة الكردية، ص١٧٥.

[٤] لە بارەی ئەم ڕاپەڕینە بگەڕێوە بۆ: ئیحسان نوری پاشا، ڕاپەڕینی ئاگری، و: ئەرسەلان بایز، چ١، هەولێر ١٩٩١.

[٥] کریس کۆچیرا، س.پ.، ل١٩٣.



دیارە حکومەتی عیراق ئامادە نەبوو تاسەر خۆی لەڕاست بێدەسەڵاتی لە ناوچەی بارزان بێدەنگ بکات بۆیە لە ساڵی ١٩٣١ بڕیاریدا دەزگاکانی حکومەت و بارەگای پۆلیس لەوناوچەیە دامەزرێنێت، بەڵام ئەم بڕیارە لە لایەن شێخ ئەحمەدەوە بەرپەرچدرایەوە، کەمکوڕ بوو لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی ناوچەکە و ملکەچ نەکردنی بۆ دەسەڵاتی بەغدا. بۆیە حکومەتی بەغدا بەهۆی خەریك بوونی بە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی شێخ مەحمود ئەم کارەی بۆ داهاتوو دواخست. کەچی لەگەڵ ئەوەش بەتەواوی مەسەلەکەی پشت گوێ نەخستبوو، بەڵکو کەوتبووە بەکارهێنانی شەڕی دەروونی و پڕوپاگەندە. دەسەڵاتداران ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە شێخ ئەحمەد وازی لە ئیسلام هێناوە و خەڵکەکەی هاندەدات بۆ بە (گاور — کافر) بوون. لەمەشدا مەبەستیان جۆشدانی هۆزە کوردەکانی دەوروبەر بوو بۆ دژایەتی کردنی بزاڤی بارزان[١] دیارە لەم لایەنە هەندێك سەرکەوتن بەدەستهات، ئەوەبوو توانرا ناکۆکی بخرێتە نێوان بارزانیەکان و شێخ ڕەشیدی لۆلان[٢] و لەئەنجامدا بەیەکدادان لە نێوانیاندا ڕوویدا. دواتریش حکومەت دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لە ئایاری ١٩٣١ دەستی واڵابوو بۆ وەرچەرخان بەلای بارزان[٣].

---

[١] عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٣، ص١٨٠: ئەحمەد خواجە، س.پ.، ب٣، ل١٠٩.

[٢] شێخی تەریقەتی سۆفی ناوچەی برادۆستە، لەپاڵ کوردستانی باشوور ژمارەیەکی زۆر مریدی هەبوو لە هەردوو کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵاتیش، لە ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا ڕۆڵی هەبوو بە تایبەتی لە دژایەتی کردنی بزاڤەکانی بارزان، بڕوانە: میڤان عارف عبدالرحمن بادی، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان الجنوبية (العراق) ١٤ تموز ١٩٥٨ — ٨ شباط ١٩٦٣، رسالة ماجستير، كلية الآداب جامعة صلاح الدين— اربيل، ٢٠٠٢، ص٦٢—٦٤.

[٣] کریس کۆچیرا، س.پ.، ل١٩٥؛ عزیز الحاج، م.س.، ص١١٩.

چەندەها بەیەکدادانی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی عیراق و ڕاپەڕیوان ڕوویدا کە بەرگری و چالاکی دیاریان نواند بە تایبەتی لە تشرینی دووەمی ١٩٣١، کە شێخ ئەحمەد بە هێزەکانی هێرشی کردە سەر دامەزراوە حکومیە عیراقیەکان لە بارزان و مێرگەسۆر[1]. بەڵام هێزی ئاسمانی بەریتانی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە پشتیوانی کردنی عیراق و گەیاندنی زیانی گیانی و ماڵی گەورە بە بارزانیەکان و گوندەکانیان، ئەوەتا ڕۆژنامەی (تایمز)ی لەندەنی لە (٨)ی حوزەیرانی ١٩٣١ ڕایگەیاند کە فڕۆکەکانی بەریتانیا لە ماوەیەکی کەم لە (٧٩) گوندی کوردنشین (١٣٦٥) خانوویان وێران کردووە و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان کوشتووە. دڕندەیی ئەو بۆمبارانە بووەتە هۆی نلڕەزایی خەڵکی ئینگلتەرا و تەنانەت نارەزایی نوێنەری بالای پێشووی ئەو وڵاتە لە بەغدا (هنری دۆبس)یشی گرتەوە[2]. تا لە ئەنجامدا لە (٢٢)ی حوزەیرانی ١٩٣٢ شێخ ئەحمەد و چەکدارەکان ناچاربوون خۆیان بدەنە دەست دەسەڵاتدارانی تورکیا کە دوای چەند ڕۆژێك لەوێ دەرگای زیندانیان لە ڕوو داخرا، بەڵکو زیاتر لەمەش زۆربەی هەڤالانی شێخ دوای ماوەیەك درانەوە دەست حکومەتی عیراق و دواجاریش لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣ شێخ ئەحمەدیش دووچاری هەمان چارەنووس بوویەوە[3]. شایانی باسە ئەم هەڵوێستە نامرۆڤانەی تورکیا یەکێك بوو لە بەروبوومەکانی ئەو هاریکارییەی کە لە نێوان تورکیا لە لایەك و بەریتانیا و عیراق لە لایەکی تر هاتبووە ئاراوە دژی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی، بە پێی پەیماننامەی (٥)ی حوزەیرانی ١٩٢٦ کە لە نێوان وڵاتە نیو براوەکان مۆرکرابوو[4].

(١) ولید حمدی، م.س.، ص٢٣١.

(٢) بڕوانە: حسین مدني، کردستان / بررسی وتحلیل نهضت های آزادیبخش ملی در کردستان، (بێ شوێنی چاپ) ١٣٥٧ هەتاوی، ص٥١.

(٣) جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چ١، سلێمانی ١٩٩٩، ل٦٦، هەروەها بڕوانە: عبدالفتاح البوتانی، م.س.، ص٥٢٧.

(٤) جەبار قادر، س.پ.، ل٥٩.



## ڕاپەڕینەکانی دوای سەربەخۆ بوونی عیراق لە ساڵی ١٩٣٢

هەرچەندە دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی بارزان دەسەڵاتدارێتی حکومەتی عیراق لەوناوچانەدا دامەزرا، بەڵام ئەم کارە زۆر جێگیر نەبوو، بەهۆی دووبارە دەستپێکردنەوەی خەبات لەلایەن بارزانیەکان ماوەیەك بە سەرۆکایەتی (شێخ محەمەد سەدیق) و (مەلا مستەفا بارزانی) کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٢ لە تورکیا گەرابوونەوە و چالاکی پارتیزانیان دژی حکومەت ئەنجام دەدا لەو ناوچانە. ئینجا دوای دەستگیرکرانیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٤[1] (خەلیل خۆشەوی) کە لە خزمانی بارزانی بوو ئالای ڕزگاری میللەتی کوردی بەرزکردەوە و دەستی کرد بە پێکهێنانی گروپە چەکداریەکان، دوای دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر بنکەکانی پۆلیس، توانرا هەموو مەڵبەندەکانی دەسەڵاتی حکومەت لە بارزان دەستی بەسەر دابگیرێ، حکومەتی عیراقیش کە لە خۆی ڕانەدیت بە تەنیا ڕووبەڕووی ئەم ڕاپەڕینە ببێتەوە دەستی کرد بە دانووساندن لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا، لە ئەنجامدا هەردوولا هاوبەشیان کرد لە هێرش بردنە سەر کوردە شۆڕشگێڕەکان و توانیان هەر لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ هێزە سەرەکیەکانیان لەناوببەن، بەڵام تا بەهاری ١٩٣٦ بەتەواوی ڕاپەڕینەکە سەرکوت نەکرایەوە. دواتریش سەرکردەی ڕاپەڕین خەلیل خۆشەوی کەوتە دەست و لە ئاداری ١٩٣٦ لە سێدارەدرا[2].

شایانی باسە شێخ ئەحمەدی بارزان و ئەندامانی تری بنەماڵەکەی کە لە شاری موسڵ بوون لەکاتی سەرهەڵدانەکەی خەلیل خۆشەوی، بەوە تاوانبار کران کە پەیوەندیان هەیە بەم ڕووداوانە بۆیە گوازرانەوە بۆ باشووری عیراق ئینجا دوای

(١) کریس کۆچیرا، س.پ.، ل١٩٨-١٩٩.

(١) جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ص١٧٨-١٧٩.

دامرکاندنەوەی بزاڤەکە بەتەواوی هێنرانەوە بۆ سلێمانی و خێزانەکانیشیان بۆ بردران[1].

هەر لەو ماوەیەدا و لە هاوینی ١٩٣٤ بزووتنەوەیەکی چەکداری لەلایەن جوتیارە کوردەکانی ناوچەکانی سەر سنووری ئێران ڕوویدا بەڵام حکومەت زۆر دڕندانە لە نێوی برد و دەستی کرد بە ڕاوەدوونانی ئەو کوردانە کە پەنایان بردبوو بۆ ئێران[2].

لە لایەکی تر دەبینین دەسەڵاتدارێتی حکومەتی عیراقی نوێ وا بە ئاسانی بەسەر کوردە ئێزیدیەکانیش نەسەپێنرا، لە ئەنجامی سەپاندنی یاسای سەربازگرتنی بە زۆری کە لە مانگی ئەیلولی ١٩٣٥ هەوڵدرا لە (ژەنگار – سنجار) پەیرەو بکرێ، کوردە ئێزیدیەکانی ئەوێ ڕاپەڕین و ملیان بۆ ئەو هەنگاوە کەچ نەکرد، بە چەکەوە ئامادە بوون بەرگری بکەن بەڵام لە (١)ی تشرینی یەکەم بە بزواندنی هێزێکی گەورەی نیزامی و بەکارهێنانی فرۆکەدەستکرا بە داپلۆسینی ئەو کوردانە. بەهۆی نا بەرامبەری ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدیەکان کوژران کە دەگەیشتە زیاتر لە (٢٠٠) کەس و ژمارەیەکیش بریندار و ئاوارە بوون، هەروەها ناوچەکەش زۆری خاپوورکرا، شایانی باسکردنە بەرگری کەرانیس توانیان لە ڕیزی هێرش بەران چەند نیشانەیەك بپێکن، بەڵام لە (١٧)ی تشرینی یەکەم بەیانی زاڵبوونی حکومەت بەسەر ئەو بارودۆخە خوێندرایەوە[3].

---

[1] بڕوانە دەقی ڕاپۆرتی موتەسەریفی لیوای موسڵ لەمەر ڕاپەڕینی بارزان لە: عبدالفتاح البوتانی، م.س. ص ٥٣٤-٥٣٦.

[2] جليلي جليل واخرون، الحركة الكردية، ص١٧٨.

[3] ئەحمەد خواجە، س.پ.، ب٣، ل٣٤-٣٦.



## ڕاپەڕین لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم

ئەو ڕاپەڕینانەی دوایی هەموویان ڕاپەڕینی ناوچەیی و سنوور تەسك بوون، بەڵام لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە کوردستانی باشوور ڕاپەڕینێکی گرنگ ڕوویدا کە دەتوانرێ ناوی شۆڕشی کوردستانی باشووری لێبنرێ، ئەویش شۆڕشی ساڵی (١٩٤٣)یە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، کە درێژکراوەی ڕاپەڕینەکانی پێشووە و هەمان هۆکار و پاڵنەر کاریان تێکردووە، کە خۆیان لە هەستی نەتەوایەتی و سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵاتی بەغدا بەرامبەر کوردستان بە گشتی و ناوچەی بارزان بەتایبەتی دەنوێنن. ناوبراو دوای ئەوەی بە سوود وەرگرتن لە بارودۆخی جەنگی جیهانی توانی بە یارمەتی پارتی (هیوا)[1] لە شاری سلێمانی – کەلەژێر چاودێری دا بوو – ڕابکات، لە ١٩٤٣/٧/٢٨ گەیشتەوە بارزان و لە ئەیلولی ئەو ساڵە بە لە نێو بردنی بنکە و بارەگاکانی پۆلیسی حکومەت لە ناوچەی بارزان ئەم شۆڕشەی دەست پێکرد[2] و دواتریش بە پشتگیری لێکردنی لە لایەن پارتی (هیوا) بایەخ و گرنگیەکی زیاتری وەرگرت[3]. چونکە ئەو پشتگیرییە لە لایەك ڕەمزی پاڵپشتی بزاڤی نیشتمانی کورد بوو بۆ

---

[1] ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە و (ڕەفیق حلمی) بوو بە سەرۆکی کە ڕێبەرایەتی خەباتی کوردی کرد تا ساڵی ١٩٤٥ و دروشمی خودموختاری هەڵگرتبوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەیسەل دەباغ، حزبی هیوا و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، چ١، هەولێر ١٩٩٧، هەروەها:د.اسماعيل شكر رسول،اربيل/ دراسه تاريخيه في دورها الفكرى والسياسى(١٩٣٩-١٩٥٨)اربيل ٢٠٠٣،ص١٢٠ ومابعدها.

[2] عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عیراق، چ١، بەغدا ١٩٥٩، ل١٧٣.

[3] کریس کۆچیرا، س.پ.، ل ٢٣١-٢٣٣، ادگار اوبلانس، الثورة الكردية، ت: فيصل دباغ، جریده (خەبات) ع(٧٨٢).

ئەم ڕاپەڕینە و لە لایەکی تر بووە هۆی گرێدانی خەباتی سیاسی بە ڕاپەڕینی چەکداری بە شێوەیەکی بەتینتر. لە کاتێکدا هەموو ڕاپەڕینەکانی پێشتر زیاتر بەرجەستە بوونی خەباتی چەکداری کوردی بوون نەك سیاسی. لە ئەنجامی ئەوەدا دەتوانین ئەم شۆڕشە بە خاڵێکی وەرچەرخان دابنێین لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی باشوور.

دیاربوو کات و ساتی هەڵایسانی ئەم شۆڕشە کە ساڵانی جەنگی جیهانی بوو ئەویش هەڵومەرجێکی هەستیار بوو بەلای بەریتانیا، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر لاوازی هەڵوێستی هێزەکانی حکومەتی عیراق بەرامبەری وایکرد کە بەرپرسانی بەریتانی مەترسی لەو شۆڕشە پەیدا بکەن، بۆیە دەستیان کرد بە هاندانی بەرپرسانی عیراقی بۆ کۆتایی هێنان بەمەسەلەکە لەڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆکردن. هەر هیچ نەبێت لە پێناو سوود وەرگرتن لەکات. ئەم بۆچوونەش لە بەڵگە نامە بەریتانیەکان ڕوونکراوەتەوە[١]. لە ئەنجامدا دانوساندن دەستی پێکرد و حکومەتی عیراقی ناچار بوو ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵ شۆڕشگێرانی کورد مۆر بکات، کە لە گرنگترین خاڵەکانی بریتی بوو لەمانەوەی ئەو ناوچانەی کە رزگارکراوە بە دەست شۆڕشگێرەکانەوە، وەبەردەوام بوونیان لە هەڵگرتنی چەکەکانیان و ئازادکردنی گیراوەکان و بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان لەلایەن خۆیان، سەرباری هەندێك خاڵی تری پەیوەندار بە یارمەتی و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردیەکان[٢].

[١] (٣٥٠١٣ /٣٧١ .F. o.، ١٩٤٣ .Dec ١٦ ). وەرگیراوە لە: ولید حمدی،م.س.، ص٢٤٠.

[١] لەبارەی گفتوگۆکانی نێوان بەرپرسانی عیراقی و ڕاپەڕیوانی کورد و دەرەنجامەکانی بڕوانە: معروف جیاووك،مأساة بارزان المظلومة،ط٢، اربیل ٢٠٠١ص١٢٠–١٢٦، شایانی باسە دانەری ئەم کتێبە نزیك بوو لەم ڕوداوانە وتەنانەت بەشداری تێدا هەبوو.



لێرە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە بکەین، لە خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە تێبینی دەکەین کە داواکاری کورد لە (ئۆتۆنۆمی)یەکی سنووردار تێپەڕناکات. بێگومان ئەمەش سەرەتای قۆناغێکی هەڵکشانە لە بزاڤی نیشتمانی ئەم بەشەی کوردستان لە ڕووی دروشم و ئامانجەکانەوە، کە لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانەوە دەست پێدەکات، چونکە وەك لە لاپەڕەکانی پێشوو بۆمان بە دیارکەوت زۆربەی ڕاپەڕینەکانی ساڵانی پێشوو دروشمی سەربەخۆییان هەڵگرتبوو بە تایبەتی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی حەفید. دیارە ئەم هەڵکشانەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵومەرجی خۆیی (ذاتي) و بابەتیانەی (موضوعي) بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لەو ماوەیەدا، سەبارەت بە هەڵومەرجە خۆییەکان دەکرێ ئاماژە بەو بێ ئومێدییە بکرێ کە نێوەندە نیشتمانیەکانی کوردستانی باشووری گرتەوە لەو ماوەیەدا لە ئەنجامی هەرەس هێنانی هەموو ڕاپەڕین و هەوڵەکانی پێشوو، ئەمە لەلایەك لە لایەکی تر ئەقلی کوردستانی بوون بەرەبەرە لە هزری کورد دەپوکایەوە و (عیراقچێتی) ڕیشەی دادەکوتا، بە تایبەتی کە نەوەیەکی نوێی کورد پێگەیشت و چاوی کردەوە کوردستانی لەناو سنوری عیراقدا بینی. هەڵومەرجە بابەتیەکانیش خۆیان لە سەقامگیربوونی دەولەتی عیراق و چەسپانی سنوورە نێو دەوڵەتیەکەی دەنوانند، سەرباری هەڵوێستی دوژمنکاریانەی وڵاتە هەرێمی و زلهێزەکان بەرامبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد. لە ئەنجامی هەموو ئەمانە هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان بە ناچاری دانیان بە (ئەمری واقیع) دانا و هەوڵیاندا لە چوارچێوەی عیراقدا مافەنەتەوایەتیەکانیان دەستەبەر بکەن.

سەرەڕای ئەمە سەرچاوەکان بەدیاری دەخەن - هەروەها لە ڕووداوەکانی دواتریش بەدیار کەوت- کە ڕازیبوونی دەسەڵاتدارانی حکومەت بەم خاڵانەی ڕێکەوتننامەکە بە ئومێدی ئەوە بوو کە لە دوارۆژدا لە ڕێگەی خۆ گرانکردن و

جێبەجێ نەکردن بتوانرێ خۆ لەو ڕێکەوتننامەیە ڕزگاربکرێ[1]. بەلاّم لەو ماوەیەدا لەبەر بارودۆخی جەنگ و زیاتر هەستیار بوونی مەسەلەی کورد بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە لەشکری سوری سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت و ئازەربێجان هەبوونی هەبوو، وە پەیوەندیەکانی سۆڤیەت و بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستانی ڕۆژهەلاّت بۆ بەرپرسانی بەریتانیا و عیراق زانراو بوو، بۆیە بۆ ماوەیەك بەردەوام بوون لەسەر ئەو ڕێکەوتننامەیە[2].

دیارە ڕێبەرانی شۆڕش و بارزانیش ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بوون بۆیە لە خۆ ئامادەکردن دابوون، لەو چوارچێوەیەدا و بۆ بەدیهێنانی هاوئاهەنگی پێویست لە شوباتی ١٩٤٥ (لێژنەی ئازادی) پێك هێنرا بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و حەوت ئەفسەری عیراقی کورد[3] کە هاتبوونە نێو شۆڕش. بەرنامەی کاری ئەم لێژنەیە بریتی بوو لە یەکخستنی هەوڵ و تواناکانی هەموو هێز و ڕێکخراوە کوردیەکان و ئاشناکردنی ڕای گشتی بە کێشەکەیان و پێکهێنانی لەشکرێکی نیزامی بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی کورد. لە ئەنجامی چالاّکیەکانی ئەم لێژنەیە زۆر لایەن و باڵی نیشتمانی کوردی پشتگیریان بۆ ڕاپەڕین دەربڕی. لە نێویاندا پارتی (شۆڕش)[4] هەروەها پارتی (هیوا)ش دەستی بە هاریکاری کردنی

---

[1] Longrigg, S. H., Iraq ١٩٠٠ to ١٩٥٠, P٣٢٦.

[2] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٣–١٩٤٥، كردستان ١٩٨٦، ص٤٦–٤٨.

[3] سەبارەت بەناوی ئەو ئەفسەرانە بڕوانە:عزیز حسن البارزانی،الحرکە القومیە الکردیە التحرریە فی کوردستان العراق ١٩٣٩-١٩٤٥،دهۆك ٢٠٠٢،ص١٩٦،١٨٣.

[4] لە پایزی ١٩٤٥ ژمارەیەك کەسایەتی کۆمۆنیستی کورد لە (پارتی کۆمۆنیستی عیراق) جیا بوونەوە و پارتێکیان پێکهێنا بەناوی (حزبی شوعی لە کوردستانی عیراق) کە بە (شۆڕش) ناوی دەرکرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عیراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ٩٨- ١٠٢.



ڕاستەوخۆکرد لەگەڵی[1]. تەنانەت (هیوا) دوای دەستدرێژی کردنی هێزەکانی حکومەتی عیراقی بۆ سەر ناوچەی بارزان بەیاننامەیەکی بلاّوکردەوە بۆ سەرکۆنەکردنی سیاسەتی حکومەت و هاندانی گەلانی عیراق بۆ وەرگرتنی هەڵوێست لە بەرامبەری و ئاگادارکردنەوە لە ئاکام و کاردانەوەکانی ئەم سیاسەتە چەوتەی حکومەت بەرامبەر کورد[2].

گۆڕانی وەزارەتی عیراقی لە ئایاری ١٩٤٤ نیشانەیەك بوو بۆ گۆڕانی هەڵوێستی حکومەت لە شۆڕشی کوردی، چونکە ئەو وەزارەتە نوێیە کە (حەمدی پاچەچی) پێکیهێنابوو هەروەکو نەخشەی بۆ کێشرابوو دەستی کرد بە خۆڕزگارکردن لەو ئەرك و بەڵێنانەی وەزارەتی پێشوو دابیوو بە کورد، تا لە ئابی ١٩٤٥ هێزێکی زەبەلاح لە سەرباز و پۆلیس وبەکرێگیراوانی حکومەت کە ژمارەی دەگەیشتە نزیکەی (٢٥) هەزار کەس لە ناوچەکانی ڕەواندز و ئاکرێ و ئامێدی و دهۆك کۆکرانەوە و فڕۆکەکانی بەریتانیاش بە گورجی یارمەتی ئەو هێزەیان دەدا[3].

لە (٢٥)ی ئاب هێرش بۆسەر ناوچەکانی ڕاپەڕین دەستی پێکرد، لەم بارەیەوە سوود لە ناکۆکی هۆزایەتی و پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکانی کوردستان بینرا و کۆمەڵێك سەرۆك هۆزی کورد بە چەکدارەکانیانەوە یارمەتی هێرشەکەیاندا، تا لە (٦)ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ هەواڵی دەستگرتن بەسەر بارزان ڕاگەیەنرا دوای ئەوەی شۆڕشگێران بە ناچاری ناوچەکانیان بەجێهێشت و لە (١١)ی تشرینی

---

[1] مسعود البارزانی، م.س.، ثورة بارزان ١٩٤٣–١٩٤٥، ص٥٣–٥٥، اسماعیل شکر رسول،م. س،ص١٦٩–١٧٣.

[2] بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە: فەیسەل دەباغ، س.پ.، ل٣١-٣٢.

[3] معروف جیاووك،م. س،ص١٣٩-١٤١،عزیز حسن البارزانی،م. س،ص١٩٥-١٩٦.

یەکەم پەڕینەوە ئێران[1] بۆ ئەوەی تێکەڵی خەباتی کوردایەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بن.

## دەرەنجام

١- لە ڕووی هۆکار و پاڵنەرە بزوێنەرەکان لەم توێژینەوەیە بە دیارکەوت بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی بیانی لە دواوەی زۆربەی هەرەزۆری ڕاپەڕینەکان بوو کە کورد لەم ماوەیەدا بەرپای کردن. بەڵام هەندێ جار هۆکاری ئایینیش تێکەڵ بە مەسەلەکە بووەو بووەتە پاڵنەرێکی زیادە بە تایبەتی بۆ خەڵکی ڕەشۆکی کورد- کە کەرەستە و سووتەمەنی ڕاپەڕینەکان بوون- ئەمەش لە ڕاپەڕینەکانی سەردەمی داگیرکاری بەریتانی بە زەقی بەرچاودەکەوێت. ئەمە لە پاڵ سیاسەتە چەوتەکانی داگیرکەرانی کوردستان و هەڵسوکەوتە خراپەکانی دەسەڵاتدارانیان و لە ژێر پێنانی هیوا و بەرژەوەندیەکانی کورد.

٢- لەبارەی ئامانجەکانەوە ئەگەرچی هەندێك لەو ڕاپەڕینانە ئامانجی ڕوون و ئاشکرایان نەبووە، سەرەڕای دژایەتیکردنی داگیرکاری بیانی — وەك ڕاپەڕینە ناوچەییەکانی ساڵانی ١٩١٩ — ١٩٢٠ — بەڵام دەتوانین بڵێین زۆربەی ڕاپەڕینەکانی تر دروشم و ئامانجی دیاریان هەبوو بە تایبەتی ئەوانەی بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود بەرپابوون کە بریتی بوو لە سەربەخۆیی و پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی کوردی ئەگەر چی لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیاش دا بێت. کەچی تێبینی ئەوە دەکرێ لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکانەوە لە ژێر زەبری داننان بە واقیعدا ئامانجەکان بچووك دەبنەوە و بەدەستهێنانی مافەنەتەوایەتیەکان لە چوارچێوەی عیراقدا

[1] مسعود البارزاني، م.س.، ثورة بارزان ١٩٤٣–١٩٤٥، ص٧٧–٩٢" محمود الدرة، القضية الكردية، ط٢، بيروت ١٩٦٦، ص٢١١–٢١٥.



شوێنی دروشمی سەربەخۆیی دەگرێتەوە وەك لە ڕاپەڕینی بارزانی ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٤٥ بە دیار دەکەوێت.

٣- هەموو ئەو ڕاپەڕینانەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە شێوازی چەکداریان پیادە کرد وەك شێوازێکی سەرەکی خەبات، تەنیا لە ساڵانی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم نەبێت کە ڕاپەڕین شێوازی یاخیبوون و بەستنی پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی وەرگرت بۆ سوود وەرگرتن لەڕەهەندی هەلۆمەرجی نێو دەولەتی و بەدەستهێنانی یارمەتی وڵاتە زلهێزەکان بۆ دابینکردنی مافەکانی کورد، هەروەها شێخ مەحمود لە ڕاپەڕینەکانیدا هەوڵیدا خەباتی چەکداری بە خەباتی ڕۆشنبیری و هەوڵی دبلۆماسی گرێبدا بە پەیوەندیکردنی بە تورکیا و بەرزکردنەوەی یاداشت بۆ (کۆمەڵەی گەلان)، لە ڕاپەڕینی بارزانی ساڵانی (١٩٤٣ - ١٩٤٥)یش خەباتی سیاسی ڕێکخراوەیی هاتە پاڵ خەباتی چەکداری.

٤- هەرچەندە ڕاپەڕینەکانی ئەو ماوەیە هەموویان سنوور تەسك بوون و مۆرکی ناوچەییان پێوە دیار بوو بەتایبەتی ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٩١٩ — ١٩٢٠، بەڵام هەندێکیان تارادەیەك فراوان بوون و دەنگدانەوە و پاڵپشتیان هەبوو لە هەموو کوردستانی باشوور، بە تایبەتی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود و ڕاپەڕینی بارزانی ١٩٤٣ — ١٩٤٥، تەنانەت ژمارەیەك هۆزی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش هاتنە هاریکاری شێخ مەحمود لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩١٩،کە چی سەرەڕای ئەمەش دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە هیچ کامێك لەو ڕاپەڕینانە سنوورەکەی ئەوەندە فرەوان نەبوو چالاکیە شۆڕشگێڕییەکانی بەکردار هەموو کوردستانی باشوور بگرێتەوە.

٥- هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێ لاسەنگی هێز و تواناکان لە نێوان ڕاپەڕینە کوردیەکان و دوژمنەکانیان هۆکاری سەرەکی هەرەسهێنانی ڕاپەڕینەکان بوو، بەتایبەتی کە حکومەتی بەغدا لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاش یارمەتی دەدرا، هەروەها هەندێ جار هاریکاری دەکرا لە لایەن ئێران و تورکیاش بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینانە.

# ژێدەر و سەرچاوەکان

## یەکەم: بەڵگەنامە بلاوکراوەکان


### أ- بە زمانی کوردی:

١- جەمال میرزا عزیز (وەرگێڕان)، لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی/ بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠، چ١، سلێمانی ١٩٩٩.

٢- محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٨٠) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، هەولێر ٢٠٠٠.

٣- ـــــــــــــــــــــ، میرنشینی ئەردەلان ـ بابان ـ سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٧٩٩ – ١٨٤٧، هەولێر ٢٠٠٢.

٤- مەحمود مەلا عززەت، دەولەتی جمهوری کوردستان/ نامە و دۆکیومێنت، ب١، سلێمانی ٢٠٠٣.

٥- نەجاتی عەبدوڵلا، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسولی فرەنسی لە بەغدا ساڵی ١٩١٩، ب١، سلێمانی ٢٠٠٤.

### ب- بە زمانی عەرەبی:

١- د. أحمد عثمان ابوبكر، كردستان في عهد السلام، منشورات رابطة كاوا، اربيل، ٢٠٠٢.

٢- ـــــــــــــــــ، نصوص ثلاث رسائل للشيخ عبيدالله النهري، مجلة (شمس كردستان) ع(٦٩) نيسان ١٩٨٥.

٣- ازاد گرمیانی، لقاء تاريخي فريد مع الشيخ عبيدالله / قائد انتفاضة كردستان ١٨٨١،مجلة (ئالای ئیسلام) ع(٢، ٣) س(٩) نوفمبر ١٩٩٥. (وهو نص مترجم للوثيقة البريطانية التالية F.O.٦٠/٤٤١, No. ٢٣, Tabriz ١, ١٠, ١٨٨٠

٤- ـــــــــــ، مصطفى باشا یاملكي في لقاء تاريخي مع سمكو، مجلة (ئالای ئیسلام) ع(٢) س(١) تموز ١٩٩٦. (وهو نص مترجم للوثيقة البريطانية التالية: F.O.٣٧١/٧٧٨١, ١٢/١٢/١٩٢١.

٥- ب. هولت، مذكرة حول الشيخ محمود، ت: د. ازاد گرمیانی، مجلة (ئالای ئیسلام) ع(١) اذار ١٩٩٦.

٦- د. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، الحركة القومية الكوردية التحررية / دراسات ووثائق، دار سپیریز للنشر، دهوك ٢٠٠٤.

٧- ـــــــــــــــ، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية / ملاحظات تاريخية ودراسات اولية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل ٢٠٠١.

٨- د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية / دراسة تاريخية وثائقية، لندن ١٩٩١.

### جـ- بە زمانی تورکی:

Osmanli Arsiv Daire Baskanligi، Musul-Kerkuk ile ilgili Arsiv Balgeleri (١٥٢٥-١٩١٩)، Ankara ١٩٩٣.

## دووەم: یاداشت و بیرەوەریەکان:

### أ- بە زمانی کوردی:

١- ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، ڕێکخستن و ئامادەکردن بۆ چاپ: جەلال تەقی، بەغدا ١٩٧٠.

٢- ئەحمەد خواجە، چیم دی،ب٣، بەغدا ١٩٧٣.

٣- جەلیلی جەلیل (وەرگێر و ئامادەکار)، بیرەوەری عەبدولرەزاق بەدرخان، وەرگێڕانی بۆ کوردی باشوور: شوکور مستەفا، هەولێر ٢٠٠٠.

٤- ڕەفیق حلمی، یادداشت / کوردستانی عیراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ب١،چ١، هەولێر ١٩٨٨.

٥- کەمال نوری مەعروف (ساغ کردنەوە)، یاداشتەکانی شێخ (لەتیف)ی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، کوردستان ١٩٩٥.

### ب- بە زمانی عەرەبی:

- زنار سلۆپی، فی سبیل کردستان (مذکرات) ت: ر. علی، بیروت ١٩٨٧.

## سێیەم: گۆڤار و ڕۆژنامە:

- (ڕۆژی کوردستان) ژ(٧)ی ڕێکەوتی (٣٠)ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢، لە: جەمال خەزنەدار (کۆکردنەوە و پێشەکی)، ڕۆژی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣، بەغدا ١٩٧٣.



## چوارەم: نامە زانکۆییەکان:

### أ- بە زمانی کوردی:

- باوەکر عوبێد صالح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە کوردستانی خوارووودا ١٩٦١-١٩٧٥، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر ٢٠٠٣.

### ب- بە زمانی عەرەبی:

١- سعدي عثمان حسين، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطورها السياسي ١٥١٤–١٨٥١، رسالة ماجستير، كلية الآداب/ جامعة صلاح الدين– اربيل١٩٩٥.

٢- ______، كوردستان الجنوبية وإيالتا بغداد والموصل/ دراسة في العلاقات السياسية والادارية والاقتصادية في القرنين السابع عشر و الثامن عشر، اطروحة دكتوراه، كلية الآداب / جامعة صلاح الدين — اربيل ٢٠٠١.

٣- ميڤان عارف عبدالرحمن بادي، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان الجنوبية (العراق) ١٤ تموز ١٩٥٨ — ٨ شباط ١٩٦٣، رسالة ماجستير، كلية الآداب / جامعة صلاح الدين — اربيل ٢٠٠٢.

## پێنجەم: کتێبەکان:

### أ- بە زمانی کوردی:

١- بلەج شێرکۆ، کێشەی مێژینە و ئێستای کورد، و: محەمەد حەمە باقی، چ٣، ب. ش. ١٩٩١.

٢- د. جبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، سلێمانی ١٩٩٩.

٣- جەعفەر عەلی، ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٤.

٤- جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، و: د. کاوس قەفتان، بەغدا ١٩٨٧.

٥- جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەلآیەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، و: ئەنوەر قادرمحەمەد، ستوکهولم ١٩٩٣.

٦- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری ((قەومیەت))ی ڕۆژهەلآتی و نەبیری ((ناسیونالیزم))ی ڕۆژئاوایی یە، ستوکهولم ١٩٨٤.

٧- حسین حزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، چ٢، هەولێر ١٩٦٢.

٨- دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبکر خۆشناو، چ٢، هەولێر ٢٠٠٥.

٩- ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، سلێمانی ١٩٩٩.

١٠- ڕۆهات ئالآکۆم، خۆییبوون و شۆڕشی ئاگری، و: شوکور مستەفا، چ١، هەولێر ٢٠٠٠.

١١- ژیرارد چالیاند (سەرپەرشتی کردن)، گەلێکی پەژموردە و نیشتیمانی پەرت، و: م. گۆمەیی و أ. حەوێزی، سوید ١٩٩٨.

١٢- سالح محەمەد ئەمین، کورد و عەجەم/ مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چ١، ب. ش، ١٩٩٢.



١٣- عەبدولقادر کوڕی ڕۆستەمی بابان، ڕەوشی کوردان/ مێژووی کوردستان، و: کەریمی حیسامی، چ١، سوید ١٩٩١.

١٤- عەزیز شەمزینی، جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٣، سلێمانی ١٩٩٨.

١٥- عەلائەدین سەجادی، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عیراق، بەغدا ١٩٥٩.

١٦- فاضل حسین، کێشەی ویلایەتی موسڵ، و: محەمەد شاکەلی، چ١، سلێمانی ١٩٩٩.

١٧- فەیسەل دەباغ، حیزبی هیوا و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، چ١، هەولێر ١٩٩٧.

١٨- کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین، کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەولەتیی و ناوچەییدا/ ١٨٩٠-١٩٣٢، سلێمانی ٢٠٠٠.

١٩- د. کاوس قەفتان، چەند لێکۆلینەوەیەك لە مێژووی بابان سۆران بۆتان، بەغدا ١٩٨٥.

٢٠- کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە / گەشتێك بە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران، سوید ١٩٩٦.

٢١- کریس کۆچیرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠ دا، و: محەمەد ریانی، چ١، تاران ١٣٦٩ هەتاوی.

٢٢- کوردۆ عەلی، بزووتنەوەی کوردایەتی لە نێوان لێژەنی سەربەخۆیی و گێژەنی ئۆتۆنۆمی دا، پاساو ١٩٩٨.

٢٣- لازارييف، ئەو هۆكارانەی مەسەلەی كورد پێك دێـنن، و: سـعد عبـدالله، (ب.ش.س).

٢٤- م.ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەولەتەكەی خوارووی كوردستان، ب١، لەندەن ١٩٩٠.

٢٥- ماهشەرەفخانم مەستوورەی كوردستانی،مێژووی ئەردەلان،و:د.حسن جاف وشكور مستەفا،چ١،بەغدا ١٩٨٩.

٢٦- محمد بهاء الدين ملا صاحب، پێشەوا قازی محەمەد و كۆمـاری مـەهاباد، سلێمانی ١٩٧١.

٢٧- محمود مـلا عـزت، دیپلۆماسـێتی ی بزووتنـەوەی كوردایـەتی، سـلێمانی ١٩٧٣.

٢٨- مستەفا نەریمان، شۆڕشی برایم خانی دەلۆ، بەغدا ١٩٨٥.

٢٩- مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەكانی كوردسـتانی عـێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سلێمانی ٢٠٠٥.

٣٠- نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی كوردی، و: عەتا قـەرەداغی، سـلێمانی ٢٠٠٤.

٣١- نەوشێروان مستەفا ئـەمین، حكومـەتی كوردسـتان/ ڕێبەنـدانی ١٣٢٤-سەرماوەزی ١٣٢٥، كورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا، چ٢، هەولێر ١٩٩٣.

٣٢- واسیلی نیكیتین، كورد و كوردستان، و: خالیدی حیسامی (هێدی)، هەولێر ١٩٩٨.



## ب- به زمانی عەرەبی:

١ـ د.ابراهيم خليل احمد ود. جعفر عباس حمدي، تاريخ العراق المعاصر، الموصل ١٩٨٩.

٢- د. ابراهيم خليـل احمـد و عـوني عبـدالرحمن الـسبعاوي، تـاريخ العـالم الثالـث الحديث، جامعة الموصل ١٩٨٩.

٣ـ ارنلد تي. ويلسون، بلاد ما بين النهرين بين ولائين، ت: فؤاد جميـل، ج٢، ط١، بغداد ١٩٧١.

٤- د. اسماعيل شكر رسول، اربيل/ دراسة تاريخيـة في دورهـا الفكـري والـسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، ط٢، السليمانية ٢٠٠٥.

٥- افجيني بريماكوف، الشرق بعد انهيار النظـام الاسـتعماري، ت: سـامي عمـارة، دار التقدم، موسكو ١٩٨٥.

٦- د. الياس فرح، تطور الفكر الماركسي/ عرض ونقد، ط٥، دار الطليعـة، بـيروت ١٩٧٩.

٧- برهان ابابكر ياسين، كوردستان في سياسـة القـوى العظمـى ١٩٤١-١٩٤٧، ت: هوراس، ط١، دهوك ٢٠٠٢.

٨- بيتر ورسلي، العوالم الثلاثة/ الثقافة والتنمية العالمية، ت: صـلاح الـدين محمـد سعد الله، مراجعة: د. صالح جواد الكاظم، ج٣، بغداد ١٩٨٧.

٩ـ پیَ رەش، بارزان و حركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦-١٩١٤، د. م.، ١٩٨٠.

١٠- تومابووا، لمحة عن الاكراد، ت: محمد شريف عثمان، النجف ١٩٧٣.

١١- جبار محمد جباري، تاريخ الصحافة الكردية، بغداد ١٩٧٥.

١٢- جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، بيروت ١٩٧١.

١٣ـ د. جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عبدي حاجي، ط١، بيروت ١٩٩٢.

١٤- جمال نەبەز، الامير الكردي مير محمد الرواندوزي الملقب بـ(ميري كوره)، ت: فخري سلاحشور، ستوكهولم ١٩٩٤.

١٥- جيمس بيلي فريزر، رحلة فريزر الى بغداد ١٨٣٤، ت: جعفر الخياط، ط١، بغداد ١٩٦٤.

١٦- حسين ناظم بيگ، تاريخ الامارة البابانية، ت: شكور مصطفى و محمد الملا عبدالكريم المدرس، ط١، هةولێر ٢٠٠١.

١٧ـ دبليو. ار. هي، سنتان في كردستان، ت: فؤاد جميل، ج١، ط١، بغداد ١٩٧٣.

١٨- رسول حاوي الكركوكلي،دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء،ت:موسى كاظم نورس، بيروت،د.ت.

١٩- روبرت اولسن، المسألة الكردية في العلاقات التركية - الايرانية، ت: محمد احسان، اربيل ٢٠٠١.

٢٠- سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤ - ١٩٢٦، اربيل ٢٠٠١.

٢١- سعدي عثمان حسين،امارة بابان في النصف الاول من القرن الثامن عشر،مؤسسة موكرياني للنشر،اربيل ٢٠٠٠.

٢٢- شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، بغداد ١٩٥٩.

٢٣ـ صديق الدملوجي، امارة بهدينان الكردية، ط٢، مراجعة وتقديم: د. عبدالفتاح علي يحيى، اربيل ١٩٩٩.



٢٤- صلاح هروری، إمارة بوتان في عهد الامير بدرخان ١٨٢١-١٨٤٧، دهوك ٢٠٠٠.

٢٥ـ عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٣، ط٧، بغداد، ١٩٨٨.

٢٦- د. عبدالرزاق مطلك الفهد، دراسات في حركات التحرر في العالم الثالث، جامعة الموصل ١٩٨٥.

٢٧- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ط١، بغداد ١٩٨٩.

٢٨- عبدالعزيز سليمان نوار، تاريخ العراق الحديث (من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا) القاهرة ١٩٦٨.

٢٩- د. عبدالفتاح علي البوتاني، بدايات الشعور القومي الكوردي في التاريخ الحديث، دهوك ٢٠٠٥.

٣٠ـ عبدالمنعم الغلامي، ثورتنا في شمال العراق، ج١، بغداد، ١٩٦٦.

٣١ـ ـــــــــــــــ، الضحايا الثلاث، الموصل، ١٩٥٥.

٣٢- عثمان بن سند الوائلي البصري، مطالع السعود بطيب اخبار الوالي داود/ تاريخ العراق من سنة ١١٨٨ الى سنة ١٢٤٢هـ (١٧٧٤-١٨٢٦م)، تحقيق، د. عماد عبدالسلام رؤوف وسهيلة عبدالمجيد القيسي، الموصل ١٩٩١.

٣٣- د. عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، ط٢، بيروت ١٩٨٥.

٣٤- عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكوردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩-١٩٤٥، دهوك ٢٠٠٢.

٣٥- فاخروشيف، السياسة الاستعمارية بعد الحرب العالمية الثانية، دار التقدم، موسكو (د.س).

٣٦- د.فاضل حسين و د.كاظم هاشم نعمه، التاريخ الاوروبي الحديث/ ١٨١٥-١٩٣٩، جامعة الموصل ١٩٨٢.

٣٧- كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠، ت: بهاءالدين نوري، ج١، بغداد ١٩٥١.

٣٨- د.كمال مظهر احمد، انتفاضة ١٩٢٥ في كردستان تركيا/ دراسة تحليلية، بيروت ٢٠٠١.

٣٩- ــــــــــــــ، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد ١٩٨٥.

٤٠ - ــــــــــــــ، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، بغداد، ١٩٨٧.

٤١- ــــــــــــــ، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ت: محمد الملا عبدالكريم، ط٢، بغداد، ١٩٨٤.

٤٢- ل.ن. كوتلوف، ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ت: د. عبدالواحد كرم، بغداد، ١٩٧١.

٤٣- لوسيان رامبو، الكرد والحق، ت: عزيز عبدالاحد نباتي، اربيل ١٩٩٨.

٤٤- م.س. لازاريف، المسالة الكردية ١٩١٧-١٩٢٣، ت: د. عبدي حاجي، ط١، بيروت، ١٩٩١.

٤٥- مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان، ت: شكور مصطفى، هەولێر ١٩٩٨.

٤٦- مجموعة مؤلفين، الوحدة الوطنية ومشكلة الاقليات في العالم الثالث، الموصل ١٩٨٩. البحث المعنون (صراع الاستيعاب والانفصال/ دراسة في تجربة حزب العمال الكردستاني في تركيا) من تأليف: رعد عبدالجليل مصطفى الخليل.



٤٧- محمد المحبي،خلاصة الاثر في اعيان القرن الحادي عشر،ج٢،بيروت،د.ت.

٤٨- محمد امين زكي، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، ت: محمد علي عوني، ط٢، بغداد ١٩٦١.

٤٩- محمود الدرة، القضية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦.

٥٠- مس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ت: جعفر الخياط، ط٢، بغداد، ١٩٧١.

٥١- مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، انتفاضة بارزان الاولى، كردستان، ١٩٨٦.

٥٢- ــــــــــــــ، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥، كوردستان ١٩٨٦.

٥٣- معروف جياووك، مأساة بارزان المظلومة، ط٢، اربيل ٢٠٠١.

٥٤- ميجرسون، رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت: فؤاد جميل، ج٢، ط١، بغداد ١٩٧١.

٥٥- مينورسكي، الاكراد/ ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خزندار، بغداد ١٩٦٨.

٥٦- ميهالي شيماي، البلدان النامية والاقتصاد العالمي، ت: د.غانم حمدون، ط١، بيروت ١٩٨٠.

٥٧- ن. أ. خالفين، الصراع على كردستان، ت: د.احمد عثمان ابوبكر، بغداد ١٩٦٩.

٥٨- هوزان سليمان الدوسكي، جمهورية كوردستان/ دراسة تحليلية سياسية، دهوك ٢٠٠٥.

٥٩– هوطر طاهر توفيق، دور الصحافة الكوردية في تطوير الوعي القـومي الكـوردي ١٨٩٨–١٩١٨، دهوك ٢٠٠٤.

٦٠– وليم ايگلتن الابن، جمهورية مهاباد/ جمهورية ١٩٤٦ الكردية، ت: جرجيس فتح الله، ط٢، اربيل ١٩٩٩.

٦١ـ د. يوسف عزالدين، تطور الفكر الحديث.

ج ـ بة زماني فارسي :–

١– اسكندر بيك منشئ،تاريخ عالم آراي عباسي،تصحيح:ميرزا محمود تاجركتابفروشي،تبريز ١٣١٤هـ.

٢ـ حسين مدني، كردستان / بررسي وتحليل نهضت هاي آزاديبخش ملي در كردستان، (ب.ش.)، ١٣٥٧ شمسي.

**د– بەزمانی ئینگلیزی:**

Longrigg, S.H., Iraq ١٩٠٠ to ١٩٥٠ .

**شەشەم: ووتار و توێژینەوەکان:**

**أ– بە زمانی کوردی:**

١- د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، چەند موحازەرەیەك کە پێشکەشی قوتابیانی ماستەری مێژووی نوێ کراوە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٣-١٩٩٤.



٢- د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، نەتەوە و نەتەوایەتی/ هۆکارەکانی لاوازی هۆشیاری نەتەوایەتی لای کورد و دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژ(٧) س(٣) هەولێر ١٩٩٩.

٣- د. سەعدی عوسمان، ڕاپەڕینەکانی کوردستانی باشوور ١٩١٤-١٩٤٥/ توێژینەوەیەکی هەڵسەنگێنەرانەی هۆکارەکان و ئامانجەکان، گۆڤاری (زانکۆ) ژ(٢٥) حوزەیرانی ٢٠٠٥. (ئەم توێژینەوەیە باسی دووەمی ئەم کتێبەی بەردەستە)

٤- د. عبدالفتاح عەلی بوتانی، بزاڤی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی) ژ(٩) کانونی یەکەمی ١٩٩٨.

٥- مەسعود محەمەد، ڕەمزی نافع/ قوربانیە زلەکەی هەولێر، گۆڤاری (کاروان) ژ(٣٣) حوزەیرانی ١٩٨٥.

٦- لاهووتی، کوردستان و کورد، و: د.جبار قادر، گۆڤاری (هەزارمێرد) ژ(٣) س(١) ئازار ١٩٩٨.

**ب– بە زمانی عەرەبی:**

١ـ ادگار اوبلانس، الثورة الكردية، ت: فيصل دباغ، جريدة (خەبات) ع (٧٨٢).

٢– سعدي عثمان حسين، الحركة التحررية الوطنية في كوردستان الشرقية ١٩٠٠–١٩٣٩، ق١، مجلة (گولان العربي) ع(٢٦) س(٣) ٢٥ تموز ١٩٩٨.

٣– فاسيل نيكيتين، العائلة البارزانية، ت: د.كاوس قفطان، مجلة (شمس كردستان) ع(٥) س(٢) بغداد آب ١٩٧٣.

## ***Abstract***

### *The Kurdish Liberation Movement / Appearance، Stages and an example*

**(First research)**

## The Kurdish Liberation Movement

## An Analytical study about its Appearance and stages

This research attempts to study the Kurdish liberation movement and closely examine the dimensions and aspects of the struggle of the Kurdish nation for the cause of its national objectives throughout it new and temporary history. This study pursues finding roots of this movement and determining its stages according to characteristics of this movement through the historical period that it passed. The research proved that the Kurdish liberation movement started in the first half of the ١٩th century due to the fact that the national motive was an effective factor in breaking out uprisings of that period. Besides، the intentional and practical results that resulted from those uprising were in the end to put an end to the Ottoman and Qajari rule and replace Kurdish local entities with national entities that are independent or at the lowest estimate semi-independent.

The research also arrived at a conclusion that the Kurdish liberation movement passed by three stages since its beginning till the recent years. The stages are as follows:





**First stage:** This stage begins in the beginnings of the ١٩th century and continues till the end of the eighth decade of the same century. The most important characteristics of that stage are that the Kurdish movement and uprisings were under the leadership of princes and their predecessors like Muhammad Pasha Sorani and Badrkhan Pasha Botani. These movements and uprisings were marked by lacking clear and accurate programs .

**Second stage:** This includes the period between the uprising of the year ١٨٨٠ until the thirties of the ٢٠th century. The most important characteristics are that the leadership of the movement transferred to religious figures like Sheikh Obeidulla Nahri and Sheikh Mahmood Hafeed، and tribal leaders like Simko Shikak. The slogan of independence and unification of great Kurdistan in this stage was raised publicly and clearly .

**Third stage:** It extends from thirties of the ٢٠th century to the recent years. The most important characteristics are the joining of national elements to political parties and organizations which took the reins of leadership from conventional leaders. Thus، the stage carried the impression of organizational-Political struggle. In this stage the demand for independence and formation of great Kurdistan for the slogan of autonomy was given up.

**( Second research)**

# Southern Kurdistan Uprisings / ١٩١٤ – ١٩٤٥ AD

## An Evaluating Study of Their factors and Objectives

The present study deals with the factors and objectives of the Kurdistan uprisings which took place in Southern Kurdistan between the beginning of World War I and the end of World War II. That was a period rich with Kurdish armed uprisings and movements due to the political circumstances which were imposed on them at the beginning of that period. By those circumstances، we mean failing the Kurdish national ambitions، and connecting the Southern Kurdistan destiny with that of the newly establish state of Iraq then.

The paper has included that the revival or resurrection of national feeling، and refusing of a foreign occupation were behind most of those uprisings، but the religious factors has additional to those، especially in the case of the ordinary lands (the laymen) who were the fuce of those uprisings،



specifically those which were against the British occupation، or mandate. This is in addition to the false policies adopted by the occupying peroties of Kurdistan، and the false acting of them officials. As regards the objectives of those uprisings، we can say that some of them lacked clear and declared goals this is in spite of its resistance to the foreign occupation. (like, the local uprisings which took place between ١٩١٩ and ١٩٢٠). Wherever most of the other uprisings had clear slogans and objectives (especially those led by Sheikh Mahmood) which were represented in independence and establishing a Kurdish political entity under the supervision of Britain. However، one can notice that those national goals began fading or decreasing since the late thirties and early forties. Granting the national rights within the state of Iraq has began a national goal instead of independence. That is very clear in Barzan revolution ١٩٤٣–١٩٤٥.